نوسینی
نەجمەدین گلی

# بیرەوەرییەکانم

» بیرەوەرییەکانم
» نووسین: نەجمەدین گلی
» دیزاین: کەمال حامد
» هەڵەبڕی: بەکر سەعدوڵڵا زەند
» تیراژ: 1000 دانە
» ساڵی چاپ: 2023
» شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
» چاپ: چاپخانەی حەمدی

سەرپەرشتیاری هونەری
ئەمیرە عومەر

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (2723) ی ساڵی 2023 پێدراوە

لەسەر ئەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لەچاپدراوە

# پێشکەشە بە:



- گیانی پاکی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستان.
- بە گیانی پاکی باوک و دایکم.
- بە هاوسەری کۆچکردووم کە هەمیشە پاڵپشتم بوو لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکدا.
- بە هەر سێ کوڕ و کچەکەم: هەوراز، ڕێباز، نەبەز، بەناز و نەوەکانم.

# پێشەکی

**بیرەوەرییەکان مێژوو دروست دەکەن:**

مێژوو بریتییە لە زنجیرەیەک نوسین و تۆمارکردنی راستەقینەی ژیان و ناو و ناسنامەو پێگەی هەر مرۆڤێک یان ئەو میللەت و نیشتیمان و روداوە سروشتیەکان لەلایەن چەند کەس و خوێندەوار و شارەزای دڵسۆز و مێژوونوس و زانکۆکان دوور لە دەست و هێزی دەسەڵاتدار و بەرژەوەندی کەسایەتی.

ئەو مرۆڤ و نەتەوە و میللەتانەی مێژوویان نییە، پاش خۆیان بۆ خۆیان و کەس و کاریان و میللەتەکەیان هیچ بەجێ ناهێڵن لە زانیاری و کار و کردەوە و ڕوداوەکان دەربارەی خۆیان و میللەت و نیشتیمانەکەیان، ئەم مرۆڤانە لە پێشەوە ناو و ناسنامەی خۆیان ون ئەکەن و میللەتەکەشیان بێبەش ئەکەن لە ناو و پێگەو کار و کردەوە و بەرهەمەکانیان ئەمەش ئەبێتە هۆی دروست بوونی بۆشایی و کەم و کوڕی مێژووی میللەت و نیشتیمانەکەیان، بۆیە ئێمەی کورد تا ئێستا مێژوویەکی نوسراو و تۆمارکراوی ڕاستەقینە و زانیارییانەمان نییە، زۆر بە داخەوە بە شەرمەوە ئەڵێم کە ناو و ناسنامە و پێگەی کورد بەبێ کوردپەروەرانی کۆچ کردوو لە زانا و داهێنەر و شارەزا لە زوبان و مێژوو و کەلتوری کوردەواری وەک بەڕێزان ((ئەمین زەکی بەگ، بەدرخانیەکان، مەلا ڕەقیب یوسف، تۆفیق وەهبی، مامۆستا ڕەفیق حلمی، د.پاکیزە ڕەفیق حلمی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، دکتۆر کەمال مەزهەر، د.کوردستان گیوموکرانی، د.نوری تاڵەبانی، عەلائەدین سەجادی،

د.کەمـال فوئـاد، د.ئەحمـەد عوسـمان، د.جەمـال ڕەشـید، عەبدولکەریـم مەحمـود، مەسـعود مـەلا محەمـەد، جەمـال نەبـەز، جەمـال لولـو، حەمید بەدرخـان.....زۆری تریـش))، لەگـەڵ ڕۆژنامـەی کوردسـتان و خەبـات و شـۆڕش و ڕزگاری و نـەورۆز و ئەلئیتیحـاد و تەئاخـی و بەدرخـان.

ئـەو ئەسـتێرە گەشـانەی ئاسـمانی کوردسـتان و کـوردەواری نابـێ بـە مردنیـان یـان بـە پیـری و نەخۆشـی بەڵکـو پێویسـتە پەیکەریـان بـۆ بکرێـت و زانکـۆ و پەیمانـگاکان بـە ناویانـەوە بکرێـت، ئەوانـەی تواناشیان مـاوە لـە دەزگایەکـی مێژووناسـان کۆبکرێتـەوە و ڕاسـتەوخۆ سـەرۆک وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان بەرپرسـیاریان بێـت و ڕێزیـان لـێ بگـرن و یارمەتییـان بـدەن، لـە بیرمـە لـە پایـزی ١٩٥٩ بـە نوێنەرایەتـی یەکێتیـی گشـتی قوتابیانـی عێـراق لەسـەر لیسـتی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان چومـە مۆسـکۆ بـۆ کۆنگرەی لاوانـی جیهـان، بـە ئاسـانی نەمدەتوانـی خـۆم بناسـێنم وەکـو کوردێکـی کوردسـتانی بـە زۆربـەی نوێنەرایەتـی ئەمریـکا و ئاسـیا و ئەوروپـا و ئەفریقیـا کـە دەم وت کـوردم و خەڵکـی کوردسـتانم ئـەوان تێنەگـەیشتن و سـەری خۆیـان بـا ئـەدا، ئەبوایـە لەسـەر نەخشـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە دەسـت کـورد و کوردسـتانیان تـێ بگەیێنـم کـە بـە سـەر عێـراق و ئێران و تورکیـا و سـوریا دابـەش کراویـن پـاش شـەری جیهانـی یەکـەم بەپێـی پەیمانـی لـۆزان، هەرچەنـدە پـاش شـۆڕشـی ١٤/تەمـوز/١٩٥٨ دەرگایەکـی بچـووک کرایـەوە بـە ڕووی خوێنـدکار و نوێنەرانـی پارتـە سیاسـییەکانی و خوێندەوارانـی کـورد بچنـە دەرەوەی کوردسـتان و ئاشـنایەتی و دۆسـتایەتیان پەیداکـرد لەگـەڵ خوێنـدەوار و سیاسـی و ڕۆژنامـە نووسـانی ئـەم وڵاتانـە لـەم ڕێگایانـەوە توانیـان جوڵەیـەک بـە نـاوو ناسـنامەی مێژووی میللەتـی کوردسـتانی گـەورە بکـەن بـەڵام نابـێ ڕووی دەزگا و ڕێکخـراوە زانسـتی و کەلتووریەکانمـان لـە بیـر بچێـت

وەک کۆڕی زانیاری کورد و بەشی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا و بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا و بەشی جوگرافیای کوردستان لە زانکۆکانی خۆمان کە هەمیشە خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا خەمخۆری ژیانەوەی مێژووی کورد و کوردستان بوونە، بەڵام تا ئێستا زۆرمان ماوە بگەین بە مەبەستێکی دڵخۆشکەر چونکە ئەم کاروانە ئەبێ بەردەوام بێت بۆیە ئەبێ هەموو دڵسۆزانی کورد بەپێی توانا و شارەزایی خۆیان بەشداری بکەن لە دەوڵەمەندکردنی مێژووی کورد و کوردستان، بە خۆشحاڵیەوە ئاشکرایە کە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نووسینەوەی مێژووی ڕاست و دروست بریتییە لە بیرەوەری و ژیاننامەی مرۆڤەکان هەر بۆ ئەمەش هەڤاڵ نەجمەدین گلی ئەم بیرەوەریانەی خۆی نووسیوە و پێشکەش بە میللەتەکەی کردووە.

کاک نەجمەدین لە ساڵی (١٩٤٣) لە گوندی (زەند مەلا یوسف) (هەفتەغار) لە دایک بووە لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر و تێکۆشەر، بناری گل کە دەکەوێتە نێوان (قادر کرم و دوزخورماتوو) نزیکەی (١٨-٢٠) گوندی تێدایە کە رژێمی فاشیسی بەعس لە هێرشە خوێناویەکەی ئەنفال هەموویانی تەخت و تالان کرد چونکە لانکەی کوردایەتی و پێشمەرگە قارەمانەکان بوون.

کاک نەجمەدین خوێندنی ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٥٩ خوێندکارێکی زیرەک و چالاک بوو لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دەورێکی بالاو دیاری هەبوو لە پێناو گەشەکردن و پەرەسەندنی خەباتی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، لە بیرمە لە پایزی ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بەڕێز ( ئەسعەد خەیلانی نەمر ) بە نوێنەرایەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چووینە کەرکوک لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتیی گشتی قوتابیانی عێراق

(کـه سـەر بـە شـیوعییەکان بـوون)، جەنابـی ماجـد عەبدولـرەزا و باسـم موشـتاق بـۆ هەڵبژاردنـی قوتابیانـی عێـراق بـۆ کۆنگـرەی قوتابیانـی عێـراق لـەم هەڵبژاردنـەی لـە کەرکـوک لـە لیسـتی ئێمـە واتـە لیسـتی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان سـەرکەوت کـە بەڕێـزان ( کاک عەلـی عەسـکەری، نەجمەدیـن گلـی، نورەدیـن عەبدولڕەحمـان) ڕۆڵـی سـەرەکیان هەبـوو لـەم سـەرکەوتنەمان هـەر لـەم ڕۆژەوە ئـەو هەڤاڵـەم ناسـیوە .

کاک نەجمەدیـن لـە سـاڵی (١٩٥٧) بـووە ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕێـگای شـەهیدی نەمـر عەلـی عەسـکەری لەبـەر ئـەوەی ئەندامێکـی ژیـر و چـالاک و دڵسـۆز و گـەش بیـن و دووربیـن و وردبیـن بـووە هەمیشـە دژی شـەڕی براکـوژی بـووە، یەکێتیـی ڕیزەکانـی میللەتـی بـە مـەرج زانیـووە بـۆ سـەرکەوتنی کـورد، دەسـت و دەم و دەروون پـاک بـوو، هەڵوێسـت و کـردەوەی خراپـی لـە کـەس قبـوڵ نەکـردووە، هەربۆیـە لـە ماوەیەکـی کـەم بـە هەمـوو پلـە و پایەکانـی حزبەکـەی تێپەڕیـوە و لێپرسـراوەتی هەمـوو جۆرەکانـی حزبـی وەرگرتـووە وەک ئەندامـی ناوچـەی کەرکـوک و لێپرسـراوی لیژنـەی کفـری و کەرکـوک و ئەندامـی لقـی کەرکـوک و کارگێـڕی ئەندامـی مەکتەبـی عیلاقاتـی بەغـداو ئەندامـی مەکتەبـی پەیوەندییەکانـی یەکێتیـی نیشـتیمانی کوردسـتان لـە هەمـان کات بەشـداری بەشـی زۆری کۆنگـرە و کۆنفرانسـەکانی پارتـی و یەکێتیـی نیشـتیمانی کـردووە و لێپرسـراوی ڕێکخسـتنەکانی کرێـکاران و جوتیـاران بـووە لـە ناوچـەی کەرکـوک، چەنـد جاریـش توشـی گرتـن و دەربـەدەری و خۆشـاردنەوە بـووە، برایەکـی شـەهید بـووە و خۆیشـی لـە ڕیزەکانـی پێشـمەرگە دانەبـڕاوە بەپێـی نوسـراوی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان ژمـارە / ٢٥٨٥ ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٢٠) کاک نەجمەدیـن بـوو بـە ئەندامـی لیژنـەی پارێـزگای بەغـدا بـۆ ئامادەکردنـی کۆنگـرەی یەکێتـی.

بەپێی ڕاپۆرتی ژمارە / ١١٧٢ ڕۆژی (٢٠٠٨/١٠/٢٨) مەکتەبی پەیوەندییەکانی نیشتیمانی بەغدا کاک نەجمەدین بوو بە نوێنەری یەکێتی بۆ پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی وەتەن دیموکراتی و حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبی و تورکمانەکان لە بەغدا لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٠/١٧) لەگەڵ لێپرسراوی مەکتەب کەمال محێدین بە نوێنەرایەتی یەکێتی لەگەڵ جەنابی کەمال حەمید دەروێش سەرۆکی پارتی پێشکەوتووی کوردی سوریا و کاک عەبدولڕەزاق عەبدوڵڵا نوێنەری یەکێتی لە سوریا بۆ چۆنیەتی هاوکاری و گۆڕینەوەی هەڵوێست لە بەشەکانی کوردستان، کاک نەجمەدین بە نوسراوی فەرمی بوو بە نوێنەری مەکتەبی پەیوەندییەکانی نیشتیمانی لە لیژنەی پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی گشتی مەکتەبەکانی یەکێتیی نیشتیمانی لەگەڵ زۆر کار و لێپرسراوەتی دیکە....

هەربۆیە حزب کردیە ئەندامی فەرمی مەکتەبی پەیوەندییەکان تا ئەمرۆش لەم مەکتەبە کار دەکات.

کاک نەجمەدین تا سەر ئیسقانەکانی مەست بوو بە کوردایەتی و کوردستانیەتی کەرکوکە جوان و بریندارەکەمان، هەر بۆیە کاک (عومەر دەبابە و زەبیحی و عەلی عەسکەری) ئەیان وت، کەرکوک بە جەلال عەبدولڕەحمان و مامۆستا عەباس حوسێن و موحەمەد حاجی تاهیر و نەجمەدین گلی و نوری عەبدولڕەحمان و حەسیب نورەدین وە جوان و پارێزراوە بونی کوردستانیەتی لێنابڕێ ئەوانیش بە کەرکوکەوە دڵشاد و جوانن.

کاک نەجمەدین بەم بیرەوەریانەی چەند لاپەڕەیەکی ئەخاتە ناو مێژووی گەلی کوردستان و دایک و باوک و خوشک برا و هەڤاڵانی و نەوەی داهاتوو چونکە خۆی بە قەرزاری هەمووان ئەزانێت و دەرگایەکی کردۆتەوە بۆ ئاشنابوونیان بە خەباتی ڕاستەقینەی

کوردایەتی و فیداکاری بێ دەستکەوتی کەسایەتی و گرنگی دان بە خەباتی قوتابیان و کرێکار و جوتیاران لەسەرانسەری کوردستانی گەورە لە پێناو مافی چارەنوسی ڕاستەقینەیی بۆ میللەتی کورد، بەڵێ ناتوانم قەبارەی ئەو چەند لاپەڕەیەی نووسیویەتی بەراوردی بکەم لەگەڵ بە زیاتر لە دوو هەزار لاپەڕەکانی مامۆستا رەقیب یوسف دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان وە نوسینەکانی بەڕێزان (ئەمین زەکی بەگ و بەدرخانییەکان و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و دکتۆر کەمال) هەر هەزار و دوو سەد و سێ لاپەڕەکانی بەڕێز عەبدولکەریم مەحمود لە ژێر ناوی (ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال) وەکو هەمیشە جێگای فەخر و پێزانینە بەڵام گرنگی بیرەوەرییەکانی نەجمەدین لەوەدایە کە خۆی لە ناو کار و ڕووداوەکان ژیاوە، دواجار ئەڵێم دەستی خۆشبێت نمونەی زۆر زۆر زیاتر بێت.

وەک حەزرەتی حاجی قادر فەرموویەتی : (قسەم زۆرە و حیکایەتم مابوو بەڵام داخی گرانم خامەکەم نوکی شکا).

پارێزەر
کەمال محی الدین اسعد
هەولێر ٢٠٢١/١٢/١٨

# هۆزی گل

بە پێی مێژوو نوسان چەند جارێک ناوی هۆزی (گل) یان هێناوە بۆیە بە ئەرکی خۆم دەزانم کورتەیەک لە مێژووی ئەم هۆزە بڵاوبکەمەوە لەم کتێبە بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێت و شارەزایی هەبێت.

## کورتەیەک لە مێژووی هۆزی گل

مێژوو نوسان بە چەند جۆرێک ناوی هۆزی گل یان هێناوە، (گل) (گیل) (گلی) (کیل) یان (گەیلان) (بنار گل) هۆزی گل یەکێکە لە هۆزە دێرین و کۆنەکانی کورد.

مەلا موحەمەدی مەردۆخی مێژوو نوسی کورد دەڵێت: (گل) لە نەتەوەی مادن بە یەکێک لە هۆزە کۆنەکانی کوردیان لە قەڵەم ئەدا، لە کتێبەکەی مێژووی کورد و کوردستان لە لاپەڕە (١١٥ – ١١٦) بەم شێوەیە باسی کردووە (گیل یان گەیلان: هۆزێکی زۆر کۆنن لە هۆزەکانی مادن یان منداڵەکانی مادا کوڕی یافت کوڕی نوح. بەم پێیە گیلانییەکان لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات زەمینن کە یۆنانییەکان بە کاردوسی یان کادوسی ناویان بردوون.

لە (شانامەی فیردەوسی)دا بە واتای ئازا و دلێر هاتووە زۆرجار لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە شیعردا وشەی (گل) و (دیلم) بە مەجاز بە واتای ئازا و دلێر و جەنگاوەر بەکارهاتووە ئەم وشەی (گیل)ـە لە زمانی عەرەبیدا بووە بە (جیل).

هەروەها بەم واتایانەی خوارەوەش هاتووە:-

١- بە فارسی (گل) واتا گوڵ گوڵە باخ، هەروەها بە جۆرە گوێزێک دەڵێن کە بە عەرەبی (زعورە)یە.
٢- ناوی گوندێکە لە دەوروبەری (بەغدا) نزیکی (مەدائن)ـە عەرەب پێی دەڵێت (جیل).
٣- ناوی گوندێکە لە گوندەکانی (خودا بەندەلو) لە ناوچەی (زنجان).
٤- ناوی (ئیبن گەیلان شای گاوبارە) گاوبار سەر بە زنجیرەی شایانی گابارە، پایتەختەکەی (گیلان) بووە گابار خۆی لە ساڵی (٧٥) کۆچی دا مردووە).
٥- ناوی تیرەیەکە لە هۆزی (کەڵهور) لە کوردستان.
٦- ناوی شوێنێکە لە دەوروبەری کرماشان لە نزیکی (قەسری شیرین).
٧- گل بەمانای گشتیش دێت، بۆ نمونە: لە گەرمیانی خۆمان ئێژن گل لایەک بەخێربێن.
٨- هەروەها وشەی گل بەمانای شۆڕ بونەوەش دێت، بۆ نمونە: ئالێرەوە گل بونەوە، واتا شۆڕبونەوە.
٩- گل بە واتای مانەوەش دێت، لەلامان گل بنەوە یان گل بخۆنەوە.
١٠-هەروەها (کل) بەکاف، بە کلی چاو ئەوترێت، کە ئافرەت بۆ جوان کردنی چاو بەکاری دەهێنێ، بە موبارەکیش سەیر ئەکرێت و پیرۆزە، هی کێوی تورە.

بێگومان مایەی شانازیە بۆ هەموو تاکێک لە هۆزی (گل) مێژوو نوسێکی وەکو خوالێخۆشبوو (عەباس عەزاوی) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تاریخ العراق بين احتلالين) مێژووی عێراق لە نێوان دوو داگیرکەرانی، داگیرکەرانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی داگیرکەرانی لەلایەن دەوڵەتی

ئینگلیـزەوە، دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی پیـری تەریقەتـی قـادری لـە کوردسـتان و وڵاتـی تـردا خەڵکی هەرێمـی گڵـە ئەمـەش دەقـی تـەواوی نوسـراوەکەی بـە کـوردی:- بنەماڵـەی گەیلانـی بنەماڵەیەکـی کۆنـن سـەرەتایان بـە پیـری گـەورەی تەریقەتـی شـێخ عەبدولقادری گەیلانـی دەست پێ دەکات کە لـە ساڵی (٥٦١ک) دا کۆچی دوایی کردووە ئـەم زاتـە لـە ناوچـەی گڵـەوە لـە هەرێمـی کەرکوک هاتۆتـە بەغـدا، هـۆزی (گڵ) کـە لەسـەردەمی شـاە (تەهماسـپی سـەفەوی) دا (٩٣٠ – ٩٨٤ ک) (١٥٢٤ – ١٥٧٦ ز) دا سـەرداری ئـەم عێڵـە (شەمسـەدین بـەگ) بـوو هەروەهـا لـە (عشـائر العـراق الكرديـة)ی عەبـاس عـەزاوی نـاوی گڵ هاتـووە، جگـە لـەم سـەرچاوە مێژووییانـە (ساڵنامەی دەوڵەتـی عوسـمانی ١٣١٠) باسـی (گڵ) دەکات کـە مەرکـەزی ناحیـە بـووە سـەر بـە سـنجقی کەرکـوک.

لەبـەر گرنگی هەرێمی (گڵ) و تێدا بوونی چەند چاڵە نەوتێ، دەوڵەتی عوسـمانی زۆر بایەخـی بـە تیـرەی (گڵ) داوە کـە دەکەوێتـە نێـوان ئـەم تیرانـەوە کە دەورەیـان داوە (لای باکوری خۆرهەڵاتییـەوە زەنگەنـە – لای باکوری خۆرئاوایەوە جەباری و شـێخان – لای باشـوری خۆرهەڵاتییەوە داودەی کوردسـتان – لای باشـورەوە داودەی خـواروو). لـە سـەردەمی عوسـمانێکاندا بنـاری گڵ زۆر بـە گرنـگ سـەیرکراوە دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی مامەڵـەی ڕاستەوخۆیان لەگـەڵ سـەردار و بەگەکانی گڵ بـووە لەوانـە بـارام بـەگ، فەرهـاد بـەگ، میـران بـەگ، ئالـی خـان بـەگ، ئەحمـەد بـەگ، عەزیـز بـەگ، باخەوەنـی، ڕەوەنـی، لەگـەڵ والـی بەغـدا ژن و ژن خـوازی لـە نێوانیـان هەبـووە.

## گلەکان بەشداربوونە لە شەڕی شعیبە و شەڕی ئاوباریک

بنـاری (گل) پێش نزیکـەی هەشـت سـەد سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا خالید بەگی گل هاتۆتـە ئـەو شـوێنەی ئێسـتا بنـاری گلـی پـێ ئەڵێن و ئاوەدانـی کردۆتـەوە، ئیتـر نەوەکانـی هەریەکـەو گوندێکـی ئـاوەدان کردۆتـەوە بەنـاوی خۆیـان.

بۆ نمونـە: بـارام بـەگ، فەرهـاد بـەگ، ئەحمـەد بـەگ، ئالی خـان بـەگ، کانی قـادر قـەڵای عاشـور، کانی قادر میران بـەگ، کۆرومـۆر جـان وەیس بـەگ، عەزیـز بـەگ، تەختـە مینـا، دارتـوو، کۆشـک، ئاوباریـک، سـۆفی ڕەزا، بنـاری گل ناوچەیەکی دڵگیـر و پڕ دەغل و دانـە و بـاخ و باخاتێکی زۆری بـووە بێسـتانی زۆری لێکـراوە هەروەهـا دەوڵەمەنـدە بـە نـەوت و غـاز، خاوەنـی چەندیـن کانـی و ئـاوی سـازگارە، ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـدە لـە زۆر لاوە، چەندین ئاسـیاوی هەبووە بۆ باراش و هاڕینی سـاوەر و ئارد و بڕۆش، زۆربـەی دانەوێڵەکان لـەو بنارە چێنراوە بـە برنجیشـەوە. هەندێ شـوێنی تێدایـە هـەر لـە کۆنـەوە بـە شـوێنی ئاینی و پیرۆز ناسـراون وەک:-

١- باوەقەتـاڵ:- زیارەتگایەکـی ئاینیـە بەسـەر لوتکـەی چیایەکـەوە لـە نزیـک ئاوایـی (کۆرومـۆری جـان وەیـس بـەگ) کانیاوێکـی گەڕاویشـی لـە پاڵدایـە ئاوەکـەی گۆگردییـە.

پێشـان خەڵکـی ناوچەکـە و دەوروبـەری و زۆر لـە کاکەییەکانـی هەورامـان هەمـوو سـاڵێ دەهاتن بۆ سـەر ئـەم بـاوە قەتاڵە بۆ زیارەت و بەرەکـەت و دەوریـان لـێ دەدا و چەنـد مانگـێ لـەوێ دەمانـەوە، خەریکـی دروسـتکردنی کەوچکـی دار و کاسـە و تەشـی و شـتی تریـان لـەم بابەتـە دروسـت دەکـرد و دەیـان فرۆشـت بـە خەڵکـی ئـەو بنـارە.

٢- گـەڕاو:- کانییەکـی گـەورەی ئـاوی گۆگـردە لـە داوێنـی زنجیـرە چیـای ناسـازەوەیە لـە کۆنـەوە گـەڕۆڵ دەچنـە سـەری خۆیانـی تێدا دەشـۆن

و پێی چاک دەبنەوە.

هەرێمی گل بریتی بوو لەم دێیانە:- (کۆرومۆر جان وەیس بەگ، کۆرومۆر عەلی خان بەگ، فەرهاد بەگ، بەهرام بەگ، تازە شار، کانی قادر میران بەگ، قەلا کانی قادر سەروو، کانی قادر کەلاوە، عەزیز بەگ، سۆفی ڕەزا، دارەتووی گل، ئاو باریک، کۆشک، ئەحمەد بەگ، وە چەندین دێیەکی تر کە دەکەونە دەوروبەری (جەوەڵ ناساز) و (خورنەوزان).

**تیرەی گل** :- تیرەیەکی کۆنی کوردە لەم دێیانە دادەنیشن بریتییە لەچەند خێڵ و بنەماڵەیەک لەوانە (جان وەیس بەگ، فەرهاد بەگ، بەهرام بەگ، میران بەگ (باخەوەنی)، کوێخا عاشور).

_ماوەیەکی زۆرە برادەران و دۆستانم پێم دەڵێن پێمان باشە ڕابردووی پڕ لە سەروەریت بنوسیتەوە بۆ ئەوەی ئەو دۆستانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە چۆنیەتی ژیان و ئەو ماوە زۆرەی تێکۆشانت لە ژیانی حزبایەتی و هەڵسوکەوتت بزانین، بەندەش لە زووەوە بیرم لێ ئەکردەوە بەڵام لە بێ تاقەتی هەر دوام ئەخست لە دواییدا سەیرم کرد چاکتر وایە ئەوەی ڕویداوە لە ژیانم لە لەدایک بونمەوە تاکو گەیشتنە ئەم تەمەنەم بنوسمەوە، ئومێدەوارم توانیبێتم ئەو ماوە دوورو درێژە ئاشنای دۆستانمی بکەم و هەروەها داوای لێ بوردن دەکەم بۆ هەر کەم کورتیەکی زاراوەیی...

من لە ساڵی (١٩٤٣) لە دێی هەفتەغار (زەند مەلا یوسف) لە دایک بووم هەرچەندە مێژووی لە دایک بونم وەکو خۆی نییە و جێگەی گومانە چونکە خوێندەوار ئەو کاتە زۆر کەم بوو تاکو بەڕاستی مێژووەکەی بە تەواوی بنوسرێت وەکو ئەوەی دایکم خوا لێیخۆشبێت دەیگێڕایەوە و دەیگوت ئەو مێژووە لە دایک بوم بەڵام نەیدەزانی مێژووەکەی کەیە ؟! باوکم لە بنەماڵەیەکی (جوتیار) بوو لە ساڵی (١٨٩٢) لە دایک

بووه لە دێی (تالاو) کە ناوی (محەمەد گەنجە ئەحمەد ئیبراهیم بوداق بەگ) بوو، چوار برا بوونە لە دێی تالاو پارچە زەوییەکیان هەبوو تاکو ئێستاش (منداڵ)ـەکانیان ئەیکێڵن، باوکم خێزانی یەکەمی ئەمری خوای کردبوو بەهۆی مارپێوەدانەوە کوڕێکی لێبوو بەناوی (فخرالدین) کە برا گەورەی هەموومان بووە لەبەر ئەوەی خێزانی دووهەمی کە دایکی ئێمە بوو خەڵکی دێی هەفتەغار بوو ماڵی گواستەوە بۆ ئەو دێیەی دایکم بەپێی ناونوسەکەی لە دایک بووی ساڵی (١٩٢٧) لە دێی هەفتەغار باوکی (کوێخا) جەبار حەمیدی گۆمەیی بوو لە ناوچەی خورماتوو و خوێندەواری هەبوو هەروەها مەلا بووە، بەڵام پێش لە دایک بونم ئەمری خوای کردبوو، دێی هەفتەغار (زەند ملا یوسف) دێیەکی پێشکەوتوو بوو، ڕەحمەتی (دارا بەگ) سەرپەرشتی ئەکرد و زۆربەی دێکە لە هۆزی (زەند)ـن و هەندێ هۆزی تریشی تێدایە وەکو (گل، زەنگەنە، داوودە، لەک) تاکە دێ بوو لەو دەڤەرە قوتابخانەی تێدابوو، چونکە خەڵکی دەوروبەری دێیەکە منداڵەکانیان لەوێ دەستیان کرد بە خوێندن تاکو پێنجەمی سەرەتایی لێ بوو ئەویش بە ئازایەتی خوالێخۆشبوو (دارا بەگ)، قوتابخانەکە لەناو دێیەکە لەسەر بەرزاییەک لە قوڕ دروستکرابوو مامۆستایەک سەرپەرشتی دەکرد کە لە ئەسڵدا خەڵکی خورماتوو بوو بەناوی (سەلیم بەگ) (سەلیم امین دەفتەری) مامۆستایەکی زۆر دڵسۆز بوو وانەی بە دڵسۆزی دەوتەوە، دوو مامۆستای جوو هەبوو بەناوەکانی (موشی و ئەفرام) چیرۆکی کوردیان دەوتەوە، مامۆستایەکی پیرمان هەبوو کە بەڕۆژانە دامەزرابوو لە داوودە بوو بە ناوی مامۆستا (خورشید ئەفەندی) کە خۆی پێشتر بەڕێوەبەری ناحیە بوو، بەڵام خانەنشین کرابوو، قوتابی سێ دێ لەو قوتابخانەیە دەیانخوێند لەبەر ئەوەی پۆلی شەشی سەرەتایی نەبوو لەو قوتابخانەیە بۆیە چووم لە دێی (ئەلبو سەباح)کە ماڵی مامم لەو دێیە

بوون لەوێ شەشی سەرەتایم تەواوکرد، زۆربەی مامۆستاکان خەڵکی شاری خورماتوو بوون، ئەو قوتابخانەیە ئاغای دێیەکە کە ناوی (حاجی ڕەفعەت) بوو لە ماڵی خۆی دروستی کردبوو، منداڵەکانی خۆیان لەو قوتابخانەیە دەیانخوێند و دەیانخوێندکار دیکە هەبوون، دێیەکی گەورە بوو زۆر لە ناو خۆیان تەبا بوون، لە چەند عەشیرەتێک پێک هاتبوون جۆگەی ئاوێک لە ناوەڕاستی دێیەکە بەرەو خورماتوو ئەڕۆشت کەش و هەوایەکی زۆر خۆشی هەبوو، تاقیکردنەوەی (بەکالۆریۆس) ئەبوایە لە خورماتوو ئەنجام بدرایە و لە کاتی تاقیکردنەوە پێویست بوو هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکە بنون، واتە دەبوایە شەو بمێنینەوە بۆ ئەوەی هیچ قوتابییەک دوا نەکەوێت لە تاقیکردنەوەکە، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بەندە شەشی سەرەتایم تەواوکرد و بووم بە یەکەمی ناوەندی کە ساڵی (١٩٥٦) بوو . خاڵم عەسکەری بوو نیشتەجێی شاری بەغدا بوو لەگەڵ نەنکم پێی وتم پێمخۆشە و حەز ئەکەم لە بەغدا ناوەندی بخوێنیت، باوکم ئەو داواکاریەی خاڵمی ڕەت نەکردەوە و چووم بۆ بەغدا و خاڵم زۆر دۆستی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ڕەفیق حلمی) بوو، هەموو کات لە دوکانەکەی مامۆستا (بەشیر) یەکیان ئەبینی و دوکانەکەی مامۆستا (بەشیر) لە حەیدەر خانە (شارع رشید) ئەو کاتە بوو مامۆستا ڕەفیق حلمی یاداشتەکانی بڵاو ئەکردەوە و ڕۆژێکیان خاڵم منی لەگەڵ خۆی برد بۆ لای مامۆستا ڕەفیق حلمی و پێی گوت مامۆستا ئەم کورە خوارزامە و حەز ئەکەم لای خۆت بێت لە قوتابخانەی (جعیفر)، مامۆستا پێی خۆشبوو بەڵام زۆر دوورە لە ماڵتان سبەینێ لەگەڵ خۆم ئەیبەم بۆ قوتابخانەی (ڕەشید) کە نزیکە لە ماڵتانەوە لە (ابو الفضل).

بۆ ڕۆژی دووەم بەندەی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەو قوتابخانەیە کە بەڕێوەبەرەکەی زۆر دۆستی مامۆستا ڕەفیق حلمی بوو ناوی (فوئاد

عەباس) بوو کە خۆی بەرنامەی لە ئیستەگەی ڕادیۆی عێراق ئەو کاتە هەروەها مامۆستا (احمد حامد الشربتي) کە مامۆستای عەرەبی بوو ئەویشی بەرنامەی هەبوو لە ئێستگە و زۆر ڕێزی لە مامۆستا ڕەفیق حلمی گرت و بە مامۆستا فوئاد عەباسی گوت مامۆستا ئەمە قوتابیەکی کوردە پێمخۆشە چاوت لێی بێت ئەویش یەکسەر قبوڵی کرد و گوتی سبەینێ دەوامی خۆت بکە، یەکەمی ناوەندیم لە بەغدا تەواوکرد بە سەرکەوتووی و بۆ دووی ناوەندی گەڕامەوە بۆ کەرکوک لە قوتابخانەی (الغربية) دەوامم کرد و لە ساڵی (١٩٥٧) ئاشناییم هەبوو لەگەڵ چەند قوتابییەک کە دوای یەک دوو مانگ دەوامم کرد پەیوەندییان لەگەڵم کرد و چوومە ڕیزی قوتابیانەوە بە ڕاستی قوتابییەکان زۆر چالاک بوون و زۆر باسی چالاکی شەهیدی نەمر (عەلی عەسکەری)یان دەکرد ئەو کاتە لە ئامادەیی کوڕان بوو لە (مەرکەزییە) دەوامی دەکرد لەگەڵ (جیهان سدیق) و (نورەدین عەبدولڕەحمان) و (جەبار کامیل) چەند قوتابیەکی کە و قوتابیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی ماوەیەک بچنە ڕیزەکانی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەندەش لە دوای چەند مانگێک لە ساڵی (١٩٥٧) بووم بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بیرمە لە بڵاوکراوەیەکی حزبم پێدرا و وتیان زۆر ئاگات لێی بێ کە خوێندتەوە لە ماڵەوە بیسوتێنە و پێویستە نهێنی حزب بپارێزیت منیش لەبەر ئەوەی ئامادەبووم بۆ حزبایەتی گوێڕایەڵی هەموو ئامۆژگاریەکان بووم لەو ساڵەدا لە شاری کەرکوک چالاکیەکی زۆر ئەکرا لەناو قوتابیان و هەوڵی ئەوە ئەدرا لەگەڵ یەک بە ڕۆژ باش و بەیانی باش گفتووگۆ بکرێت چونکە زمانی عەرەبی زاڵ بوو بەسەر خەڵکی بەڵام توانرا بە چالاکی ئەو هەڤاڵانە زۆر شت بگۆڕدرێت لە بیرم دێ قوتابیەکی کورد کوردی باش نەدەزانی پسوڵەی کردبوو دیوێکی عەرەبی بوو ئەو دیوەکەی بە

کوردی بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی بێت و باش گفتوگۆ بکات چونکە یەکێتیی قوتابیان ئامۆژگاری ئەوە بوو پێویستە هەوڵدەن شتی کوردی بخوێننەوە ڕۆشنبیربن چونکە میللەتەکەمان پێویستی بە ڕۆشنبیری و زانست هەیە، میللەتانی دواکەوتوو هۆکاری نەخوێندەوارییە بۆیە بە هەموو هەوڵەکانمان پێویستە قوتابیان زۆر بایەخ بە خوێندن بدەن، لە ساڵی (١٩٥٧) کۆمپانیای نەوت فۆرمی بڵاوئەکردەوە لە هەموو عێراق بە تایبەتی پۆلی دووی ناوەندی ئەگەر ئارەزووی هەیە ئەوا فۆرم پڕ بکاتەوە و لە دوای سەرکەوتن لە (سەنتەری ڕاهێنانی) کۆمپانیا دەوام دەکات  بەندە یەکێک بوو کە ئەو فۆرمەم پڕ کردەوە و چووم بۆ تاقیکردنەوە لە کۆمپانیا (٦٠٠) کەسی تەقدیمی کرد بوو خۆیان (٦٠) کەسیان دەویست بەندە یەکێک بووم لەو (٦٠) قوتابییەی کە لە تاقی کردنەوەکە سەرکەوتم و وەرگیرام، هەرچەندە تاقیکردنەوەکە بە زمانی (ئینگلیزی) بوو، لە ڕۆژی (١٩٥٨/٩/٢٥) دەوامم کرد لە کۆمپانیای نەوت، دەستم کرد بە خوێندن و هەموو مامۆستاکانی ئینگلیز بوون جگە لە یەک مامۆستا عەرەب بوو قوتابخانەکە زۆر نمونەیی بوو هەر پۆلێک ٢٠ قوتابی تێدابوو مامۆستاکان زۆر پابەند بوون بە وانە وتنەوە، ئەو قوتابخانەیە دوو بەشی بوو بەشێکی میکانیک و بەشێکی بازرگانی دوای سێ ساڵ مافی ئەوەت هەبوو کام بەش هەڵبژێری و لە هەفتەی جارێک لە هۆڵی سینەما باسی چۆنیەتی ئیش و کاری دەکرد بۆ فێربوونی قوتابییەکان کە پێک هاتبوون لە کورد و عەرەب و تورکمان و کریستیان (مەسیح)، بێجگە لە وانەی وەرزش وە لە دوای (١٤/تەموزی/١٩٥٨) قوتابییەکان بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو وە هەندێ لە عەرەبەکان ناسری (نەتەوەیی) بوون، هەندێکیان توندڕەو بوون، تورکمانەکان زۆر لە دژی ئەو ڕووداوەی (١٤ تەموز) بوون و قوتابیە کوردەکان زۆربەیان لەگەڵ پارتی بوون و بەشێک لە

قوتابییەکان لە ڕێکخستنی کاتی حزبی شیوعی بوون و هەمیشە ناکۆکی هەبوو لە نێوانیان، وەکو خوالێخۆشبوو (مامۆستا عەباس) کە ئەندامی کۆنگرەی (٤-٥) پارتی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە باسی هەردوو کۆنگرەی کرد ...

لیژنەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی ٤ی حزب : لیژنەیەک پێکهات بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆنگرەکە و لیژنەکانی ناوچە، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەکە وە ئەو سەرپەرشتی لیژنەکە بوو لە کەرکوک لەگەڵ دکتۆر موراد باجەلان و هیچ بۆ کارەکەی تەگەرە نەهاتە ڕێگەی هەروەها هیچ بۆچوونێکی جیاواز ڕووی نەدا، لەبەر ئەوەی هەموو لیستەکان ئامادەکرابوو بە ڕێکوپێکی لە نێوان حەوت ئەندامی لیژنەی ناوچە، محەمەد ڕەشاد کە کرێکار بوو ئەندامێکی کاسبکاربوو چونکە پەیوەندییان لەگەڵ (حەمید عوسمان) هەبوو هەروەها بڕیاری (سڕ) کردنی درا لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ حەمزە عەبدوڵڵا و خەسرەو نەژاد ئەحمەد و لە هەمان کاتدا بڕیار درا مامۆستا عەباس حوسێن و جەلال عەبدولڕەحمان و عەلی عەسکەری و خالید دلێر و مستەفا کرێکار لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیکە ببنە ئەندامی کۆنگرەی (چوار).

***

## کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٥٩)

کۆنگرەی چوار دەستی پێکرد لە بەغدا لە ماڵی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد) کە ماڵیان لە گەڕەکی وەزیریە بوو و لێدوانێکی زۆر لەسەر پەیڕەو و پرۆگرام بڕیاری لادانی (کتلە)ی حەمزە عەبدوڵڵا و دکتۆر مەحمود عوسمان و نەژاد و شەهاب، خەسرەو و ساڵح ڕەشیدی و حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری هەروەها ساڵح ڕەشیدی ئامادە بوو بۆ ڕوونکردنەوە و هەڵویستی بەڵام بێ سوود بوو لەم ماوەیە مام جەلال (سڕ) کرابوو لە حزب لەلایەن (کتلە)ی حەمزە عەبدوڵڵا و لە ئۆتێل ئەنووست لە ئوتێلی (تروکادیرۆ) لە شەقامی (نەهر) هەروەها مامۆستا عەباس و جەلال عەبدولڕەحمان سەردانیان ئەکرد و خۆشی زۆر زۆر چالاک بوو، پەیوەندی هەبوو لەگەڵ خەڵکی بە تایبەتی لەگەڵ ڕێکخراوی فەیلیەکان و لەناو جەماوەر زۆر لایەنگیری هەبوو.

***

## پێشوازی کردن لە بارزانی لە ساڵی (١٩٥٩)

لە ساڵی (١٩٥٩) ئێمە لە قوتابییان بوین بارەگاکەمان لە پشت دادگای ئێستادا بوو لە کەرکوک ئاگادار کراینەوە کە ماوەیەکی کە سەرۆک بارزانی دەگاتە کەرکوک و لە ماڵی خوا لێخۆشبوو (عەونی یوسف) دائەبەزێ کە ماڵی لە گەڕەکی ئیمام قاسم بوو زۆر دڵخۆش بووین کە چاومان بە سەرۆک بارزانی بکەوێت کە ساڵەهای ساڵە لە دور وڵاتە و سەرۆکی میللەتی کوردە بارەگاکەمان داخست بە

ڕاکردن و چەپڵە ڕێزان بەرەو ماڵی کاک (عەونی) ڕۆشتین و دەستمان کرد بە بژی بژی سەرۆک بارزانی و هەموو کۆبووینەوە لە پاش چەند خولەکێک لە ماڵەکە هاتەدرەرەوە و ئێمەش بە چەپڵە ڕێزان و بژی بژی بارزانی پێی گووتین هەمووتان بەخێربێن کوڕەکانم چەپڵە بۆ عەبدولکەریم قاسم لێ بدەن ئێمە بەو خوێن گەرمیەوە توشی شۆک بووین و غەم هەموومانی داگرت کە سەرۆک بارزانی وا دەڵێت ئیتر هەموومان بە دڵ شکاوی گەڕاینەوە بەرەو بارەگای قوتابیان و زۆر پێمان ناخۆش بوو بەڵام بە ڕای بەندە خوالێخۆشبوو بارزانی نەیدەویست عەبدولکەریم قاسم پێی ناخۆش بێت و (استفزاز) بکات چونکە جەماوەری کورد و عەرەب پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد لە گەڕانەوەی بارزانی لە ڕوسیا لە دوای ئەو هەموو ساڵەی کە لە دور وڵات بوو لە نیشتمانەکەی.

***

**کۆنگرەی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٦٠)**

کۆنگرەی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەسترا لە بارەگای گشتی و ئامادەبوان زۆر زۆر بوون و زۆربەیان خەڵکی بادینان بوون و لەوە زیاتر بوو، لە ڕێکخستنەکانیان و زۆربەیان کرێکار و جوتیار بوون، بڕیار درا لیژنەیەک پێکبهێنین بۆ سەرپەرشتی کردن و چاودێریکردنی دانیشتنەکانی کۆنگرەو بەڕێز مامۆستا عەباس حوسێن و دوو کەسی تر کۆنگرەکەیان بەڕێوە دەبرد و ڕێکیان دەخست، هەرچەندە هەندێ کەس هەوڵیان دەدا ئاژاوە بگێڕن لەناو کۆنگرەکە و لەناو ئەندامانی کۆنگرە کە بڕیاریان وابوو چەند سکرتێرێک دابنێن لە بری یەک سکرتێر بۆ پارتی و هەڵگری ئەم بۆچوونە (دکتۆر موراد)

بوو کە بۆچوونەکانی بارزانی، ناهیدە شێخ سەلام، ئیسماعیل عارف و چەند کەسێکی دیکە لەگەڵیان دابوون، بەڵام ئەو بڕیارە سەرنەکەوت و هەروەها مام جەلال و سەید عەزیز شەمزینی و عەبدولڕەحمان بەشداری کۆنگرەکە نەبوون چونکە خوالێخۆشبوو مام جەلال (ئەفسەری یەدەک) بوو دووەمیان عەسکەری بوو عەبدولڕەحمان زەبیحی سیاسی بوو بەڵام وەکو چاودێر ڕاوەستابوون و حاکم جەوهەری دژەیی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکەی دەکرد و کۆنگرەکە ماوەی ٤ ڕۆژی خایاند خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفا ئێوارەی دوای کۆنگرە ئامادەبوو و لەسەر داوای کۆنگرە ئامادەبووە لەدوای چوونی شاندێک بۆلای لەگەڵ عەونی یوسف ئامادەبوو، هەندێ قسەی توندی کرد و لە دوایدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد قسەیەکی کرد و توانی کەشی کۆنگرەکە بگۆڕێت و ئاسایی بکاتەوە بەڵام بارزانی ویستی هەندێ کەسی عەشایەر ئامادەبن لەگەڵ هەندێ کەسی بێلایەن چونکە پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵیاندا.

***

**پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە کەرکوک**

بزوتنەوەی کوردایەتی لە شاری کەرکوکدا بە شێوەیەکی فراوان گەشەی کرد بە تایبەتی لە نێوان ڕۆشنبیر و گەنجان و ناودارانی کورد وەکو عەشایر و بازرگانەکان و خاوەنی موڵکەکان و کرێکارانی نەوت و خۆپیشاندانی کرێکارانی تێکۆشەری کورد خوالێخۆشبوو (حەمید باتاسی) ئەمە وایکرد شێوەیەک ڕێکخستن دروست بێت و لە ساڵی (١٩٥١)قوتابیانی ئامادەیی و ناوەندیش ڕێکخران و کاسبکاران

و سـەربازەكان و كرێـكاران و جوتيارانيشـی گرتـەوە دوای ئـەوە هێـزی كوردی لـە كەركـوك دەركـەوت بـۆ هەمـووان و لـە نـەورۆزی (١٩٥٧) لـە چواربـاخ ئاهەنگێك گێردرا و بۆ ڕژێم دەركـەوت هێز و توانـای كـورد لـە كەركـوك بوونـی هەيـە لـە نێـوان هەمـوو چيـن و توێـژەكان هەروەهـا لـە دوايـی (١٤/تەمـوز/١٩٥٨) كـە هەمـوو كرێـكاران و جوتيـاران ڕۆشـنبيران پەيوەندييـان بـە پارتيـەوە كـرد لـە دوای مۆڵـەت وەرگرتـن بـۆ پارتـی ئيتـر دەسـتكرايە ڕێكخسـتنی پتـەو لـە شـاری كەركـوك.

### كودەتايەك لە لەلايەن شەوافەوە...

لـە سـاڵی (١٩٥٩) ڕوويـدا، شـەواف دەسـتی كـرد بـە كوشـتن و بڕيـن كـە بڕياريـدا بـۆ ئەنسـار ئيسـلام بكرێـت لەلايـەن شـيوعييەكان و حزبـە نيشـتيمان پـەروەرەكان و لـە كەركوكيـش كـورد و توركمـان زەرەرمەنـد بـوون كـە بـەم شـێوەيە بـوو:

بە بۆنـەی تێپەڕبونـی سـاڵێك بەسـەر شـۆڕشـی (تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨) دەسـتكرا بـە خۆئامادەكـردن بـۆ ئـەو يـادە بـە دروسـتكردنی (ئەقـواس لـە شـەقامی ئەتڵـەس) و ڕێكخسـتنی ڕێپێـوان بـە شـێوەيەكی بەرفـراوان لـە هەمـوو شـوێنەكانی عێـراق و حزبـی شـيوعی جەماوەرەكـەی لـە هەمـوو ڕێكخسـتنەكانی لەگەڵ (ئەنسـار ئيسـلام) كرێكاران و جوتيـاران و لاوان و خەڵكی ديكـەو (مقاومـة شـعبي) بـە شـێوەی (كراديـس) و هەريەكـە لەوانـەی (لافيتـەی) تايبەتـی بەنـاوی خۆيانـەوە بـۆ چەسـپاندنی و بەشـداری لـە دەسـەڵات و ببنـە هێزێكـی گـەورە بـۆ ئـەوەی وڵات بگرنـە دەسـت و پارتيمـان و هەنـدێ لـە خەڵكانـی ڕۆشـنبير بڕوايـان وابـوو شـتێك ڕوو ئـەدات و خەڵكەكانـی كۆكـردەوە و شـەهيدی نەمـر (عەلـی عەسـكەری) وتەيەكـی خوێنـدەوە بـۆ ئامادەبـوان هـەر وەكـو ئەركێكـی نيشـتيمان پـەروەری داوايكـرد لـە هەمـوو لايـەك بـە هيـچ شـێوەيەك كاری نەشـياو نەكرێـت

و ڕێپێوان دەستی پێکرد لەسەرەتای شەقامی (ئەتلەس) لە پێشەوە کۆمەڵێک (عەمامە) بەسەر هەبوون، ئەو کەسانە مەلا (عەبدولکەریم بیارە و شێخ عەلی تاڵەبانی) و ڕێپێوانەکە گەیشتە شەقامەکەی نزیک فەرمانگەی (انضباط) گوێمان لە دەنگی تەقە بوو ئیتر ئامادەبووان لە ڕێ پێوانەکە هەندێکیان کشانەوە بەرەو بارەگای (پارتی) ڕۆیشتن ئەو کاتە مامۆستا عەباس حوسێن لێپرسراو بوو داواکرا بڕیار بدرێت (لێکۆڵینەوە) بکرێت کە کورد و تورکمان زەرەرمەند بوون، دەستەیەک لە بەغداوە هاتبوون دەستکرایە لێکۆڵینەوە و سەدان کەس بەو بۆنەیەوە دەستگیر کران لە ئامادەیی (پیشەسازی) لە ڕێگەی بەغدا بوو دوای نێردران بۆ (دادگا) و زۆریان فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو و هەندێکیان بۆ چەند ساڵێک (زیندانی) کران و بڕیاری لە سێدارەکان دواخران لە دوای کودەتای شوبات ١٩٦٣ جێبەجێ کرا، شیوعییەکان زۆر توشی ناڕەحەتی بوون و لە دوای (دوا لێکۆڵینەوە) وەفدێکی حزبی شیوعی سەردانی بارەگای حزبیان کرد بەسەرۆکایەتی کەریم ئەحمەد و داوای کرد وەفدێک پێکەوە بەرەو بەغداد بڕۆن بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانی و عەبدولکەریم قاسم بەڵام مەلا عەبدوڵلا ڕازی نەببوو وەفدێک لەگەڵیان بڕوات، کە چوون بۆ بەغدا بۆ سەردانی بارزانی هیچ داواکاریەکانیان پەسەند نەکرا. و زۆر سەرزەنشتیانی کردبوو و زۆر بە تورە و ناڕازی بوو کە مەلا عەبدوڵلا چووە لەگەڵیان، بە کورتی هەموو هەوڵەکان سەری نەگرت و لە دوای ئەم ڕوداوە دروستی هەڵوێستی پارتی لە کەرکوک بووە هۆی ئەوەی بەرامبەر ئەندامانی و لایەنگرانی پارتی هیچ ڕوونەدات لەبەر ئەو هەڵوێستەی پارتی زۆر لە جەماوەری کەرکوک بەرەو پارتی دەهاتن لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کەرکوک شانازیان بە پارتیەوە ئەکرد و هاوکاری پارتیان ئەکرد بۆ کڕینی (چاپخانە)یەک لە بارەگای پارتی

دانرا بەڵام لە دواییدا حکومەت دەستی گرت بەسەر ئەو چاپخانەیە لە دروست بوونی  گرژی لە نێوان پارتی و حکومەت.

ئەو ڕووداوەی کەرکوک کە زۆر دڵ تەزێن بوو هەوڵ ئەدرا کورد تاوانبار بکەن لەو ڕووەوە بەڵام (پارتی) لە ڕۆژنامە و لە مەکتەبی سیاسی نارەزایی خۆی بۆ ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنە دەربڕی و داوای هێورکردنەوەی دۆخەکەی کرد لە کەرکوک هەروەها داوای سزادانی ئەو کەسانەی کرد کە هەستابوون بەو ئاژاوەیە بەڵام هەندێ لە تورکمانە توندڕەوەکان هەر هەوڵیان دەدا کورد تاوانبار بکەن، زۆر بنەماڵەی کورد برا تورکمانەکانیان پاراست و ئەیانیان بردەماڵی خۆیان تا ڕووداوەکە هێمن بێتەوە بەڵام کۆمپانیای نەوت قوتابییە توندڕەوەکان گەیشتنە ئەوەی (١٩) قوتابی تاوانبار بکەن کە بەشداری ئەو ڕووداوە بوون وە یەکێک لەو قوتابیانە برایەکی مەسیحی بوو بە ناوی (ئەلێکساندەر ئالبێرت) پۆلیسی نەوت هەموویانی دەست بەسەر کرد بەڵام باوکی ئەلێکساندەر پیاوێکی ناسراو بوو لە کۆمپانیاو زوو گەیشتە قوتابییەکان و بە کەفالەت هەموویانی ئازاد کرد هەرچەندە ئەو ئاژاوەیە لەناو قوتابیان کۆتایی نەهات بەڵام کێشەی کەمی بەدواوە بوو.

***

**ئاهەنگی شەوی کۆتایی**

لە دوای شۆڕشی (١٤/تەموز/١٩٥٨) کە شۆڕش بەرپابوو ڕژێمی پاشایەتی ڕوخێندرا عێراق بوو بە وڵاتێکی کۆماری و ئەم شۆڕشە زۆربەی میللەتی عێراق پێشوازیان لێ دەکرد و پێیان خۆشبوو و پشتگیری خۆیان ڕاگەیاند و حزبە نیشتیمانیەکان پشتگیریان کرد و

بەنیازی ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی و هەموو میللەت مافی خۆی وەربگرێت و بریاردرا حزبەکان مۆڵەت بدرێن بۆ چالاکی و بە ئاشکرا ئیش و کاری خۆیان بکەن و دەست بکەن بە ڕێکخستن و مۆڵەتی چەند حزبێک درا یەکێک لەو حزبانە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو بە ئاشکرا ئیش و کاری خۆی جێبەجێ دەکرد لە بەغدا و کەرکوکیش بۆ ئەم مەبەستە لە دوای ڕێکخستن بڕیاردرا یادی ئەو چوار ئەفسەرە کوردە بکرێتەوە کە لە سێدارەدران لەسەردەمی پاشاییدا. لە ساڵی (١٩٥٩) شانۆگەریەک لە بارەگای پارتی ئەو کاتە بارەگاکە لە تەنیشت مزگەوتی (شێخ عەبدولباقی) بوو بۆ یادی ئەفسەرەکان (خەیروڵڵا عەبدولکەریم، محەمەد قودسی، مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز) ئەنجامدرا کە بەشداری کۆماری مهاباد یان کردبوو و گەڕانەوە بۆ عێراق لە داخی هەڵسوکەوتی نابەجێی هەندێ لێپرسراو بەڵام وەسێتیان بۆ میللەت ئەوە بوو دوژمنی (جەهالەت) بن چونکە جاهیلی سەرکردە ناتوانێت کورد بگەیێنیتە ئامانجەکانی و لەم شانۆگەریە ئەم هەڤاڵانە بەشدار بوون (حەسیب گلی، کەمال کەمیرد، کاکە مەم بوتانی، نورەدین عەبدولڕەحمان، جەوهەر عەبدول، عەبدولخالق عەبدولڕەحمان، محەمەد سیروان، و کچێکیش بە ناوی نازەنین کۆیی ئەم شانۆگەریە بۆ یادکردنەوەی ئەو شەهیدانە بوو کە هەمیشە لە دڵی میللەتا ئەژین و خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون و کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر خەڵکی.

***

## داواکاریی مۆڵەت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان

لـە ئەنجامـی شۆڕشـی ١٤/ تەمـوزی / ١٩٥٨ بڕیـار درا مۆلـەت بـە حیزبـەکان بدرێت بۆ ئـەوەی بتوانن چالاکیەکانیان بە ئاشکرا دەست پێ بکـەن (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) لـە کانونـی دووەمـی سـاڵی (١٩٦٠) داخوازییەکـی پێشـکەش بـە وەزارەتـی ناوخـۆی عێـراق کـرد لەلایـەن خوالێخۆشـبوو (مـەلا مسـتەفا) و کۆمیتـەی ناوەنـدی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد. عومـەر مسـتەفا (دەبابـە) و عەلـی عەبدوڵـڵا و شەمسـەدین موفتـی و چەنـد کەسـێک کـە پێویسـت بـوو (٥٠) کـەس لایەنگیـری ئـەو حیزبـە بـە ئازادی بکـەن، لـەو کەسـانە (مامۆسـتا عەبـاس حوسـێن و عومـەر دزەیـی و چەنـد کەسـێکی دیکـەوە لـە هەمـان کاتـدا داود سـاڵح لەگـەڵ هەندێـک کەسـی حزبـی شـیوعی ئـەو داخوازییەیـان کـرد) پارتـی نیشـتمانی عێراقـی (الحـزب الوطـن العراقـي) داوای کـرد بـەڵام مۆڵـەت نادرێتـە ئـەو حزبـە نەتەوەییانـە و ئەوانیـش داوای مۆڵەتیـان نەکـرد چونکـە لایەنگـری عەبدولسـەلام عـارف بـوون خەریکـی کودەتایـەک بـوون بـە مەبەسـتی کوشـتنی (عەبدولکەریـم قاسـم) لـەو کودەتایـە لـە (عەبدولکەریـم قاسـم) درا لـە شـەقامی ڕەشـید لـە مانگـی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی (١٩٥٩)، بـەڵام ڕەزامەنـدی پیشـاندا بـۆ پێدانـی مۆڵـەت بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لـە کەرکـوک داخـوازی پێشـکەش کردبـوو (موتەسـەریف)ـی کەرکـوک لەلایـەن مامۆسـتا عەبـاد حوسـێن و ئومێـد مەدحـەت موبـارەک بـۆ مۆڵەتـدان و لـە دوای چەنـد ڕۆژێـک بڕیـاری مۆڵەتـی حزبـی درا بەپێـی (قانونـی جەمعیـات) و لـە گۆڕەپانـی حـزب دەسـتکرا بـە ئاهەنـگ گێـڕان.

***

کە ڕژێم دەستی کرد بە گرتنی ئەندامان و سەرکردەکان و هەموو بارەگاکانی داخست و ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگرت لە دەرچوون و هەموو کەل و پەلەکەی دەست بەسەراگرت، لە ئەنجامدا وایکرد کە بارزانی بەغدا بەجێ بهێڵێت لە دوای ئەوە توندوتیژی حکومەت زیادی کرد (ئیبراهیم ئەحمەد) درایە دادگا و لەهەموو شارەکانی کوردستان توندوتیژی ڕوویدا، فەرمانی گرتنی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەرچوو کە ئەو کاتە (سکرتێر) پارتی بوو زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرە پێشکەوتووەکانی بەند کرد و لە دوای ئەوە بارزانی جێگەی لە بەغدا چۆڵ کرد لەبەر ئەو هەموو گوشارەی عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی ئەیلول / ١٩٦١ دەستی پێکرد و هەموو جەماوەر و خەڵکی لە دەربەند بازیان کۆبوونەوە هەروەها لە دەڤەری دەربەندیخان و لە زاخۆ و شیوەسوری و تەقتەق چەندەها ناوچەی تریش بڕیاریان دا یاداشتێک پێشکەش بە (حکومەت) بکەن و تێیدا داواکاریەکان ڕوون بکەنەوە بەڵام لەلایەن ڕژێمەوە ڕەتکرایەوە و هەوڵی گرتن و ڕاوەدونانی ئەو خەڵکەیدا بەڵام شۆڕش بە پشتیوانی ڕۆڵەکانی سوربوو لە سەر داواکاریەکانی و هەموو پشتگیری پارتیان ئەکرد و هەموو لە (چەمی ڕێزان) کۆبوونەوە لە دۆڵی بالیسیان و زۆربەی ئەو کەسانەی لە چەمی ڕێزان بوون لە جوتیارانی کەرکوک بوون چونکە ڕێکخستنی جوتیاران لە کەرکوک زۆر بەهێزبوو، ئەو کاتە شۆڕش دەستی پێکرد و زۆر کەس پەیوەندییان بە شۆڕشەکەوە کرد تاکو گەیشتە ئەوەی ڕژیم نەتوانێت کۆتایی پێبهێنێت ئیتر حکومەت ویستی دانوستان بکات لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕش بۆ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات خۆی ڕێکبخاتەوە لەگەڵ جاشەکان بەڵام شۆڕش زیاتر پەرەی ئەسەند، کرێکاران و فەرمانبەرانی کۆمپانیای

نـەوت چالاكانـە پەیوەندییـان لەگـەڵ جەمـاوەردا زیادكـرد بـە تایبەتـی هاندانیـان بـۆ یارمەتـی دانـی شـۆڕش و هەروەهـا هاندانـی پۆلیسـی نـەوت و پەیوەندیكردنیـان بـە شـۆڕشـەوە و بچنـە ڕیزەكانـی شـۆڕشـی كـورد بـە خـۆیـان و چەكەكانیانـەوە چونكـە شـۆڕش پێوسـتی زۆری بـە چـەك و تەقەمەنـی هەبـوو هەتـا بتوانێـت بەرگـری لـە خـۆی بـكات و هەوڵـی ئـەوە دەدرا كـەل و پـەل و شـتومەكی پێویسـت وەكـو فیشـەك بنێردرێـت بـۆ پێشـمەرگە بـۆ بەردەوامـی و بەرەنـگاری دوژمـن بكـەن و كوردسـتان بپارێـزن لـە وێـران كاری.

***

**كودەتای ٨ی شوبات ١٩٦٣**

ئـەو كودەتایـە كـە لـە ٨ی شـوبات ١٩٦٣ ڕوویـدا زوو بـە زوو (حـەرەس قەومی)یـان دروسـت كـرد زۆربـەی ئەندامانـی بەعـس بـوون بـە حـەرەس قەومـی و لێپرسـراوەكەیان عەلـی سـاڵح سـەعدی بـوو كـە ئەندامـی سـەركردایەتی بەعـس بـوو (القیـادة القطریـة) كتوپـر چونـە سـەر لێپرسـراوانی حزبـی شـیوعی و ئـەو كەسـانەی لەگـەڵ عەبدولكەریـم قاسـم بـوو كـوژران و دەسـتگیركران و هەموویـان ڕەوانـەی بەندیخانـەی (قصـر النهایـة) كـرد لەوانـە نافـع یونـس و عەبدولڕەحمـان (نفـوس) كـە لـە ڕێكخسـتنەكانی بەغـدا بـوو لەگـەڵ چەندەهـا كەسـی دیكـە بەندیخانـەی ژمـارە (١)یـان شـكاند كـە سـاڵح مەهـدی عەماشـی تێدابـوو سـەید عەزیـز شـەمزینی لـە بەندیخانـە بـوو كـە ئەویـش ڕزگاری بـوو، بـەو بۆنەیـەوە لـەو كاتـە سـاڵح مەهـدی عەمـاش داوای لـێ دەكات كـە ببێتـە وەزیـر بـەڵام ڕازی نەبـوو چونكـە باوكـی نەخـۆش بـوو پێویسـت بـوو لەگەڵـی بێـت و ئـەو ناخۆشـیە ڕوویـدا لـەو ماوەیـەدا كـە كوژرانـی جەنابـی و مەهـداوی

و جەمال حەیدەری و چەند کەسێکی کە بڕیاری شەڕ ڕاگرتن درا لە نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد و دەستکرایە دانوستان لە نێوانیان سەرۆکی وەفدەکە کە مام جەلال بوو لەگەڵ ساڵح یوسفی و چەند کەسێکی تر وەکو کاک حوسێن خانەقا و بابەکر پشدەری و مەسعود محەمەد و بڕیارِ درا زۆر لە بەندکراوەکانی کورد ئازاد بکرێن هەتاکو ئەو کەسانەش کە پەیوەندییان بە حزبەوە نەبوو دەرکران لەسەر داوای حزب بەڵام چەند کەسێک لە شاری کەرکوک بەندبوون وەکو مامۆستا عەباس، مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق، مامۆستا تەها تۆفیق هەردوکیان برابوون، مام جەلال هاتووچۆی دەکرد لە نێوان بەغدا و سەرکردایەتی و بە کەرکوکدا تێپەڕ دەبوو بەڵام دەر نەکران لە بەندیخانە هەرچەندە هەندێ ئەندامان پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتییەوە کرد لە کۆیە بوون کە بارزانیش لەوێ بوو لە ماڵی کاکە زیاد بەڵام بۆچوونی جیاواز هەبوو لە نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی، بەعس کە سەرکەوتن زۆر بە دڕندانە خەڵکی دەربەدەر و ماڵوێران ئەکردو زۆر لە گەڕەکە کوردەکانی کەرکوکی ڕوخاندو خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و لەو کاتەدا وەفدێکی کورد لە بەغدا بوون بەعس هەوڵی گرتنی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەدا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ فەرمانی گرتنم بۆ دەرچوو بەڵام توانیم لەگەڵ چەند برادەرێک هەڵبێم و دەستگیرم نەکەن، شەو لەگەڕەکی شۆڕیجەوە تاکو دێی کەوەڵە دێی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڵڵا خانەقا بوو بە سەلامەتی گەیشتین بەڵام هەمووومان زۆر ماندوو بووین و پێم ئاوسابوو و گەیشتینە ماڵی شێخ عەبدوڵڵا خانەقا، زۆر ڕێز و حورمەتی لێگرتین و لە ماڵیان پشوویەکمان دا و ڕۆژێک لە ماڵیان ماینەوە دوای ئەوەی بەرەو دێی خاڵۆ بازیانی ڕۆشتین کە لێپرسراوانی پارتی لەوێ بوون کە ئەو کاتە مامۆستا (عولەما زەبیحی) لێپرسراوی

لقی کەرکوک بوو ...
بە گەیشتنم (حزب) بڕیاریدا ببم بە لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندی ئەو کەسانە کە دێنە ڕیزی شۆڕشەوە و پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەم بۆ ئەوەی بتوانن شۆڕش بپارێزن لە خەڵکی سیخور و خراپ چونکە لە دڕندەیی حزبی بەعس خەڵکی زۆر ئەهاتنە دەرەوە، ئەبوایە بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت ئینجا وەرئەگیرێت لە ڕیزەکانی پێشمەرگە یان لەناو شۆڕش دا بمێنێتەوە و پرسیارەکانیش ئەوە بوو ئایا پەیوەندی لەگەڵ (حزب) هەیە یان نا؟، ئەوەی پەیوەندی نەبوایە پێویستیە یەکێک بناسێ و کەفالەتی بکات کە پیاو خراپ نییە بۆ ماوەی (٣-٤) مانگ لە دێی خالۆبازیانی مامەوە دوای تەواو بوونی لیژنە، کە حیزب بڕیاریدا بکرێم بە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی کفری کە پێش من هەڤاڵ (عەبدوڵلا بابا عەلی) لێپرسراوی ناوچەکە بوو و گەیشتم دەست بەکاربووم وەک لێپرسراوی ناوچە ئەوکاتە ئەندامانی ناوچە ئەم کەسانە بوون (عەبدوڵلا نەجم، میرزا شوان، عەزیز کاکە حمە، فەرەیدون خەلیفە، عەباس کەریم، کامیل سابیر) بوون، بارەگاکەمان لە دێی مەسوێی بوو زۆر شوێنێکی ناخۆش بوو لە ئەشکەوتێک بووین سەرومان تک تک ئاوی لێ دەهات و خوارەوەش زۆر شێدار بوو، ئەبوایە کە بە ناچاری خۆمان ڕابهێنین و ئەو ساڵە ئاژەڵێکی زۆر لەناوچوو بە نەخۆشی و کەس نەبوو چارەسەری ئەو نەخۆشیە بکات و ئاوی ئاوە سپی تێکچوو لەبەر ئەو نەخۆشیەی ئاژەڵ لەو ناوچەیە ڕوویدا بەراستی ژیان لەبەر ئەو هۆیە زۆر ئاڵۆز بوو لەو دەڤەرە، ڕۆژێکیان دانیشتبووم لە بارەگاکەی مەسۆیی، پێشمەرگەیەک ئاگاداری کردم کوڕێکی هەرزەکار تەمەنی (١٣-١٤) ساڵ هاتووە و دەیەوێت ببێتە پێشمەرگە منیش داوام کرد بابێت و ببینم کە هات هەواڵیم پرسی و پێم وت ناوت چییە وتی ناوم (حەسەن حەمید)ە هاتووم ببم

بە پێشمەرگە منیش بەخێرهاتنم کرد و پێم ڕاگەیاند هێشتا تەمەن ماوە کە ببیت بە پێشمەرگە بگەڕێوە بۆ ماڵ کە تەمەن گەیشتە (١٨) ساڵ ئەوکات ئەبیتە پێشمەرگە بەڵام سوور بوو نەگەڕایەوە، وەکو بیرم لێ کردەوە زیز ببوو لە ماڵ بۆیە منیش پێم وت چاکە لە بارەگا دەبیت و پێشمەرگەیەکی بەتەمەن هەبوو لە بارەگا (حەسەن زەنگەنە) بوو پێم وت چاوت لەم کورە بێت و هیچ کارێکی پێ ناکەین لەگەڵ خۆمان دەبێت دوای دەرکەوت یەکێکە لە قارەمانەکانی شۆڕشبە نازناوی (مام ڕۆستم) بەراستی کوڕێکی ئازاو لێهاتووە و چەندەها داستانی پڕ لە قارەمانێتی بەرامبەر دوژمن تۆمارکردووە و بوو بەو کوڕەی کە خەڵکی شانازی پێوە بکات، ئەم ڕووداوەم گێڕایەوە کە مام ڕۆستم هەر لە ساڵی ١٩٦٣وە لە هەڕەتی لاوێتییەوە چەکی پێشمەرگایەتی کردووەتە شان.

***

### شەهید بوونی سەروەت محەمەد عەلی گڵی

لە ساڵی ١٩٦٣ کە بەندە لێپرسراوی ناوچەی کفری بووم دوان لە خزمانم هاتن بۆ سەردانیم کە ئەوانیش لەناو شۆڕشدا بوون، کاک تەڵعەت گڵی و براکەی شەهید (سەروەت) بوون، بنکەکەمان زۆر بنکەیەکی ناخۆش بوو لە ناو ئەشکەوتێکدا بوو ژێر و سەرەوەمان ئاو دەهاتە خوارەوە بەڵام وا پێویستی دەکرد ئەو بنکەیە جێگەمان بێت وە بۆ شەو و ڕۆژێک ماینەوە تێیدا و بڕیار وابوو ڕۆژی دووەم هێرش بکرێتە سەر جاشەکانی خورماتوو کە مۆڵگەکەیان لەناو خورماتوو بوو و شەهید (سەروەت) لە دەستەی (کامیل مەلا وەیسی) بوو کە

ئـەو کاتـە شـەهید (کامیـل مـەلا وەیسـی) فەرماندەیـان بـوو و شـەهید (سـەروەت) عـەدەد ڕەشـاش بـوو (تەڵعـەت گلـی) بـرا گـەورەی بـوو شـەو زۆر قسـەی لەگـەڵ کـرد و دەیـووت دەبێت چـالاک و چـاو نەتـرس بیـت و سڵ نەکەیتـەوە وە ئەویـش گوێ ڕایەڵـی براکـەی بـوو و چـوون بەرەنگاری جاشـەکان بوونـەوە، (کامیـل مـەلا وەیسـی) لـە پێشـەوە دەبێـت و بریـندار دەبێـت و گولەیـەک لـە دەسـتی دەدات و ئەویـش لەگەڵـی ئەبێـت گوللـە بـەر سـنگی شـەهید (سـەروەت) ئەکەوێـت و کتوپـڕ شـەهید دەبێـت بـەڵام تەرمەکـەی جـێ ناهێڵـن و دەیگەیەننـە دێـی (گەرمـک) لـە ناوچـەی داودە و لـەوێ دەینێـژن، و بەنـدە بـەرەو سـەنگاو دەڕۆشـتم پێشـمەرگەیەک بـەرەو لام هـات و گوتـی دەزانـی سـەروەت شـەهید بـووە لـە شـەری جاشـەکانی خورماتـوو، بەڕاسـتی منیـش زۆر دڵ گـران بـووم وەک هەمـوو شـەهیدەکانی کوردسـتان ئیتـر دەنگـۆی شـەهیدبوونی بڵاوبۆیـەوە، (کەمـال موفتـی) ئـاگاداری شـەهید بوونـی ببـوو بـەڵام نەیدەویسـت بـە براکـەی بڵێـت کـە (تەڵعـەت گلـی) بـوو بـۆ ئـەوەی نارەحـەت نەبێـت و کاریگـەری لەسـەر دروسـت نـەکات هـەروەک (کەمـال موفتـی) دەیگێرایـەوە و گوتـی ناچاربووم پێـی بڵێـم و پێـم وت بـەڵام بینیـم کـە زۆر ئاسـایی وەریگـرت و وتـی ئەویـش وەکـو شـەهیدەکانی دیکـەی کوردسـتان، ئەمـە نمونەیەکـە لـە خۆڕاگری گەلـی کوردسـتان و خۆفیداکـردن لـە پێنـاو میللەتـی کـورد و زۆر نمونـەی دیکـە لـەم شێوەیە ڕوویـداوە لـە کوردسـتاندا بـەڵام بەداخـەوە ئـەم هەمـوو فیـداکاری و شـەهید بوونـە تاکـو ئێسـتا نەتوانـراوە ئامانجەکانـی میللەتەکەمـان بـەدی بهێنێـت وە هەمـوو کات هەڕەشـەی توندی لەسـەرە.

ڕۆژێکیـان بـۆ سـەردان بـەرەو ناوچـەی جەبـاری ڕۆیشـتم کـە شـەڕێکی سـەخت ڕوویـدا و چەنـد کەسـێک شـەهید و بریـندار ببـوون و کـە گەیشـتمە لقـی پێشـمەرگەی جەبـاری، لێپرسـراوی سیاسـی و عەسـکەری (عـادل عیـزەت)م بینیمـی کـە بریـندارە لـە شـەڕەکەدا و زۆر دڵتەنـگ بـووم

بەڵام ئەو بە پێچەوانە زۆر خۆشحاڵ بوو و پێی وتم زۆر باشە کە لەم کاتە هاتووی و پێم وت چی بە من بکرێت ئامادەم جێبەجێی بکەم پێی ڕاگەیاندم کە هەموو دەرمانەکان و چەند بەندکراوێکمان هەیە لەم ناوچەیە دووری بخەوە نەوەک دووژمن دووبارە هێرشی سەخت بکاتەوە و زەرەری گەورەمان لێبکەوێت منیش چەند پێشمەرگەیەکم لەگەڵدا بوو بە زوویی دەرمانەکانمان کۆکردەوە لەگەڵ (٩) بەندکراو کە گومانیان لەسەر بوو لەلایەن حکومەتەوە نێردرابێت و منیش هەموویانم کۆکردەوە و بەرەو سەنگاو بۆ ماڵی (شێخ کەریم) کە دێیەکەی لە شاخی قەرەداغ بوو، دوای شەو و ڕۆژێک گەیشتینە ماڵی شێخ کەریم و ئەو دەرمانانەمان لە ماڵەکەی شێخ داناو کە دوای نانی نیوەڕۆ هەموو بەندەکانم کۆکردەوە و پێیانم وت کە بە فەرمانی حزب بڕیاری عەفوو کردنتان بۆ دەرچووە بەڵام بە مەرجێک کە ئیتر واز لە دووژمنکاری میللەتەکەتان بهێنین و خەریکی کەسابەتی خۆتان بن و یەکێک لەوان (أ) دوایی بوو بە پێشمەرگە و هەموویان بەڵێنیان دا واز لەو کارە خراپە بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ کەرکوک.

***

**کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف:**

لە مانگی کانونی دووەمی لە ساڵی ١٩٦٣ (عەبدولسەلام عارف) کودەتایەکی ئەنجامدا بەسەر ڕژێمی بەعسدا بە ڕووداوی تشرین ناسراوە. بۆ ئەوەی پێگەی خۆی پتەو بکات پەیوەندی بە (مەلا مستەفا) کرد بۆ شەڕ ڕاگرتن و مەلا مستەفاش ئەو داواکاریەی قبول کرد بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ئاگاداری گشت هێزەکانی پێشمەرگەی کردەوە کە شەڕ ڕاگرن و ئێمە وەکو لیژنەی ناوچەکە کۆبووینەوە

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕووداوە و بڕیارماندا چاوەڕوانی فەرمانی حزب بکەین بەڵام لە کۆبوونەوەکە کاک (عەبدوڵڵا نەجم) ناسراو بە (میرزا شوان) بڕیاریدا بگەڕێینەوە بۆ کەرکوک، میرزا وتی من لەم (شەمەنەفەر)ە لەم وێستگەیە دابەزم هەرچەندە هەوڵماندا لەگەڵی بەڵام بێ سوود بوو و گەڕایەوە و ئەم ڕاوەستانەی شەڕی بارزانی ڕەحمەتی سەربەخۆ کردی و بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی دانوستانیان لەگەڵ بکات وەفدێک چون بۆلای کە پێک هاتبوو لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عەزیز شەمزێنی بۆ پرسیارکردن و چۆن ڕەزامەندی شەڕ ڕاگرتنی دەرکردوە لە دوای گفتوگۆیەکی زۆر بارزانی وتی من وەکو سەرۆکی حزب ئەو مافەم هەیە بەڵام وەفدەکەش پێیان وتبوو بەڵێ جەنابت سەرۆکی حزبی بەڵام ئەو مافەت نییە بڕیار لە چارەنووسی میللەتێک بدەی بەبێ ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی، گفتوگۆیەک لەنێوانیان ڕوویدابوو بە تایبەت لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە سکرتێری پارتی بوو بەڵام (مەلا مستەفا) بە تووڕەییەوە بە ئیبراهیم ئەحمەدی وتبوو تۆ دەست بەسەری دوای لەماوەیەک هێور بوونەوە گەڕانەوە لای خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفا چونکە ئەو ڕێککەوتنە هیچ مافی کوردی تێدا نەبوو جگە لەوەی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان و لێ بووردنیان بۆ دەربکات لەو کاتە بڕیار درا کۆنفرانسێکی عەسکەری و حزبی ببەسترێت بەڵام کۆنفرانسە عەسکەریەکە نەبەسترا و کۆنفرانسی پارتی بەسترا لە ماوەت لەو کاتەدا (مام جەلال) جەولەیەکی بەناو پێشمەرگەدا کرد و هەموو پێشمەرگەی ناوچەی جەباری و کەرکوکی کۆکردەوە و لەگەڵ خۆی هێنابوی بەرەو دەربەندیخان و عەریف حەمید و مولازم سوبحی لەگەڵدا بوون کە گەیشتنە ناوچەی کفری بەندە لەوێ مابووم و ئاگاداریانم کردەوە کە ناوچەکە زۆر هێمنە، خەڵکی لەگەڵ بیروباوەری

حزب هاوڕایە و ماوەی چەند سـاتێک مانـەوە و دوای بـەرەو دەربەندیخان بەڕێکەوتـن و لـە دوای ڕۆشـتنیان هێـزی قـەرەداغ ئەوکاتـە (نـوری مـەلا مـارف) ئامر هێز بـوو و بیسـتبووی کـە بەنـدە پێشـوازیم کـردووە و هانـی خەڵکـی ئـەدەم لەگـەڵ بیـر و بـاوەڕی حزبـدان لـە دوای قسـەی ناشـرین و هەڕەشـەی کوشـت و بریـن بڕیاریدابـوو لقێکـی پێشـمەرگە دابگرێـت بـۆ ناوچەکـە بـۆ کوشـتنم یـان گرتنـم بـەڵام هەندێـک خەڵـک ئاگاداریـان کـردم کـە بڕیـاری کوشـتنم دراوە و لەبـەر ئـەوەی مـن هیـچ هێزێکـم لەگەڵـدا نەبـوو بۆیـە هەڵهاتـم بـۆ دێـی دوانـزە ئیمـام کـە کچـە پورێکـم لـەوێ بـوو و چەنـد ڕۆژێـک لـەوێ مامـەوە لـە دوایـدا گوازرامـەوە بـۆ شـاری کفـری بـە ماتۆڕسـکیل بـۆ ماڵـی خزمێکـم لـە کفـری، (ئەحمـەد نەفتچـی) کـە پیاوێکـی زۆر بـاش و دڵسـۆز بـوو و زۆری پێخـۆش بـوو کـە چـووم بـۆ ماڵیـان و بەخێرهاتنێکـی گەرمـی لێکـردم و بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ لـە ماڵیـان مامـەوە چونکـە ئەمویسـت بـەرەو شـاری کەرکـوک بـڕۆم، توانیـم ئۆتۆمبێلێـک لـە کفـری بەکـرێ بگـرم بـەرەو شـاری کەرکـوک، کـە گەیشـتمە کەرکـوک بینیـم هەلومـەرج زۆر ئاڵـۆزە و خەڵکـی سـەریان لێشـێواو بـوو چونکـە دوولایـەن هەبـوو (باڵـی بارزانـی / باڵـی مەکتـەب سیاسـی) و لـە دوای گفتوگۆیەکـی زۆر لـە نێوانـی ئەندامانـی هـەردوولا بڕیـاردرا و کۆنفرانسـی حـزب لـە مـاوەت بەسـترا بـە ئامادەبوونـی (٦٧) ئەنـدام هەرچەنـدە لـەم کۆنفرانسـە ئامـادە نەبـووم و هەروەهـا ڕەوانشـاد (مـام جـەلال و عومـەر دەبابـە و سـاڵح یوسـفی و شەمسـەدین موفتـی و هاشـم عەقراوی و ناهیدە شـێخ سـەلام) ئامـادە نەبـوون چونکـە مـام جـەلال خەریکـی کۆکردنـەوەی پێشـمەرگە بـوو لـە ناوچـەی گەرمیـان، کۆنفرانسـەکە کرایـەوە بـە وتـاری مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد کـە سـکرتێری پارتـی بـوو و ڕەخنـەی لـە بارزانـی گـرت لەسـەر ئـەوەی ئـەو ڕێککەوتنـەی لەگـەڵ عەبدوسـەلام عـارف ئەنجامـی دابـوو (*بـە وتـەی ئـەو هەڤاڵانـەی کـە ئامادەبـوون

لـه كۆنفرانسـەكە*) شـەڕ ڕاگرتـن لـەو كاتـەی حكومـەت زۆر لاواز بـوو ئەمـە زیانـی بەخشـی بـە میللەتەكەمـان و داوا كـرا وەفدێـك بڕیارەكانـی كۆنفرانـس ببـات بـۆ بارزانـی و بـۆ ناردنـی بڕیارەكانـی كۆنفرانـس هەڤـالان (كاك كەمـال محێدیـن و عەبدولڕەحمـان ڕوتـە) بردیـان بـۆ لای خوالێخۆشـبوو مـەلا مسـتەفا بـەلام بێ سـوود بـوو، لـە هەمـان كاتـدا باڵـی مـەلا مسـتەفاش كۆنگرەیەكـی بەسـت و بڕیاریـدا بـۆ بـە دەركردنـی ئـەو هەڤالانـەی كـە ئامـادە نەبـوون و ڕازی نەبـوون بـە ڕێكەوتنەكـە چونكـە ڕێكەوتنی بارزانی و عـارف هیـچ مافێكی بۆ كـورد دیاری نەكرابـوو جگـە لـەوەی لێبوردنـی پێشـمەرگە دەركرابـوو بگەڕێنـەوە بۆ سـەر ئیش و كاری پێشـوویان و لـە بەیاننامەكـە بـە شـیمالی عێراق ناوبردبـوو بۆیـە مەكتەبی سیاسـی بەیانێكی بڵاوكـردەوە بەعەرەبی ((اتفاقیـة مشـیر، بارزانی، أصلـح ام أستسـلام؟)) تێیـدا ڕوونـی كردبـوەوە كـە هیـچ مافێكـی میللەتـی كـورد دیـاری نەكـراوە تەنانـەت عەبدولسـەلام عـارف ناڵێت (اخواننـا الاكـراد)، لـە هەمـان كاتـدا ئـاگاداری هەمـوو سـوپای عێراقـی كـردەوە كـە (متمردیـن) لـە هـەر شـوێنێك بـوو زوو بـە زوو بیگـرن و بەنـدی بكـەن بـەلام شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٦١ هەڵگیرسـا بۆ چەسـپاندنی مافـی میللەتـی كوردبـوو دروشـمی ((حوكمـی زاتـی بـۆ كوردسـتان و دیموكراتیـەت بـۆ عێـراق)) بـوو بەپێـی دەسـتووری عێراق مـادەی (٣) ئەڵـێ كـورد و عـەرەب لـەم ولاتـە شـەریكن مەكتەبـی سیاسـی لـەو بەیانەیـدا ڕوونـی كردبۆیـەوە چونكـە حكومـەت داوای كردبـوو پێویسـتە هەمـوو ناوچـەكان چـۆڵ بكرێـت و تەسـلیم حكومـەت بكرێتـەوە لەلایەنـی كـوردی (بارزانـی) بڕیـار بدرێـت هەمـوو ناوچەكـە چـۆڵ بكرێـن و تەسـلیم بـە حكومـەت بكرێـت.

***

## بریندار بوونم لە ئەنجامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل

لـە کاتـی خـۆی بەنـدە لـە کۆمپانیـای نـەوت کارم دەکـرد وەکـو فەرمانبەرێـک بـۆ هاتووچـۆ کردنمـان لەگـەڵ چەنـد برادەرێـک کـە پێکـەوە لەیـەک گـەڕەک بوویـن ئۆتۆمبێلێکمـان دابیـن کـرد بـۆ هاتووچـۆ و خـاوەن ئۆتۆمبێلەکـەش لـە کۆمپانیـای نـەوت کاری دەکـرد ئـەم ڕووداوەی کـە لـە سـاڵی (١٩٦٣) بـوو ڕۆژێکیـان لـە کاتـی گەڕانەوەمـان لـە کۆمپانیـا کـە لـە ڕێگـەی کەیـوان(K1) دەگەڕاینـەوە لـە کاتـی گەڕانەوەمـان کـە ئـەم کەسـانە لەنـاو ئۆتۆمبێلەکـەدا بـوون (نەجمەدیـن گلـی، فەرەیـدون خەلیفـە، خالیـد وەهـاب، ئەحمـەد کـوردی، قـادر ئەمیـن، محەمـەد سـدیق، سـاڵح خەلیفـە، محەمـەد عـارف کـە خاوەنـی ئۆتۆمبێلەکـە بـوو) گەیشـتینە بەرامبـەر گۆڕسـتانی (مەسـیحیەکان) ئۆتۆمبێلەکـە وەرگـەڕا بەنـدە لەگـەڵ کاک فەرەیـدون خەلیفـە لـە پێشـەوە بوویـن کـە وەرگـەڕا هەمـوو بەسـەلامەتی لـە ئۆتۆمبێلەکـە دەرچـوون و شـۆفێرەکە سـەری لـێ شـێوا و ئۆتۆمبێلەکـە ئیشـی دەکـرد و بەنـدە برینـدار بـووم بـە سـەختی زۆر خوێنـم لـێ دەچـۆڕا یەکێکیـان وتـی بـەس کاک نەجمەدیـن وابزانـم گیانـی لە دەستداوە بەڵام بەندە هۆشـم بەخۆم بوو گوێم لـەو قسـەیە بوو وتـم هێشـتا مـاوم لـەو کاتـەدا یەکێـک لـە شـێخەکانی عەرەبـی حەویجـە بـەرەو حەویجـە دەڕۆیشـت ڕاوەسـتا لامـان و وتـی ئـەو برینـدارە بهێنـن زوو بیگەیەنیـن بـۆ خەسـتەخانە بەبـێ ڕاپۆرتـی پۆلیـس وتـی پێویسـت نـاکات و گەڕایـەوە بـۆ کەرکـوک بەنـدەی گەیانـدە نەخۆشـخانەی (کۆمـاری) بـەڵام زۆر بەبـێ ڕەحمانـە هەمـوو برینەکانیـان بەبـێ سـڕکردن دووریـەوە چونکـە ناکۆکیەکـی زۆر هەبـوو لەنـاو شـاری کەرکـوک منیـش بـە ناچـاری خـۆم ڕاگـرت و چەنـد ڕۆژێـک لـە نەخۆشـخانە مامـەوە، بـەڵام هەمـوو کات مرۆڤـی بـاش و هەوڵـدان بـۆ پێکـەوە ژیـان زۆر پێویسـتە لـە نێـوان

نەتـەوەكان وەكـو ئـەو بـرا شـێخە عەرەبـەی بەبێ ئـەوەی ئێمـە بناسـێت هەڵوێسـتێكی مرۆڤانـەی بەرامبەرمـان ئەنجامـدا وەكـو ئەڵێـن (لـو خليـت قلبت)، واتـا پیـاو باشـیش نەمێنێ خراپتر ئەبێت ئەمـە نمونـەی برایەتیە لـە كەركووك.

***

## گەڕانەوەم بۆ كەركوك

كـە گەیشـتمە كەركـوك بارودۆخێكـی زۆر ئاڵـۆزی هەبـوو خەڵكـی نەیدەزانـی ئەنجامـی ئـەم ڕێككەوتنـە دەگات بـە چـی ؟، مەكتەبـی سیاسـی زۆربـەی ئەندامانـی لەگەڕەكـی (شـۆڕجە) بـوون و لایەنەكـەی تـر زۆربەیـان لـە گەڕەكـی (ئیسـكان) بـوون هەندێ ئەندامـەكان هاتووچۆیـان دەكـرد لـە نێـوان هـەردوو باڵەكـە بـەم شـێوەیە مایـەوە مانگێـك زیاتـر پەرەیسـەند بـەڵام لـە ئەنجامـدا باڵـی مەكتەبـی سیاسـی بڕیاریـدا كۆنفرانسـێك ببەسـتێت بـۆ ئـەوەی شـیرازەی حزبایەتـی تێـك نەچێـت و ئـەو كاتـە محەمـەدی حاجـی تاهیـر نوێنـەری لیژنـەی مەركـەزی بـوو لـە كەركـوك و ئـەو ڕایـەی پـێ بـاش بـوو توانـرا ئـەو كۆنفرانسـە ئەنجـام بدرێت چونكە پێویست بو ئیش و كارەكەنمان بە نهێنی ئەنجام بدرێت لەبـەر ئـەوەی چاودێریمـان لەسـەر بـوو و هەڵبـژاردن بكەیـن بـۆ لیژنـەی ناوچـەی تازە بـۆ شـاری كەركوك لەبەر ئـەوەی لیژنـەی ناوچـەی پێشـوو هیـچ چالاكیەكیـان نەبـوو و گلەییـان لەسـەر بـوو و بۆیـە ئەنجامـدرا و نزیكـەی (٣٠) ئەنـدام ئامادەبـوون لـە دوای گفتوگۆیەكـی زۆر لێپرسـراوی پێشـوو كـە بەڕێز (مسـتەفا) كرێكار خوێندیـەوە و دەسـتكرایە هەڵبـژاردن بـۆ ئەندامێتـی لیژنـەی ناوچـە، ئـەم هەڤاڵانـە هەڵبژێـردران و سـەركەوتن (نەجمەدیـن گلـی، فەتحولـڵا محەمـەد، فاتـح میـرزا، فایـەق كافرۆشـی،

مەنسـور تاهیـر، فەرەیـدون خەلیفـە، مامۆسـتا قاسـم) بـەڵام (فەرەیـدون) چووبـووە کویـت کاک محەمـەد جبـار کـە یـەدەک بـوو بـووە ئەندامـی ناوچـە و کۆنفرانسـەکە لـە ماڵی هەڤاڵێکی دڵسـۆز و تێکۆشـەر بەڕێوەچوو ئەویـش (سـەدرەدین محەمـەد عەلـی) بـوو چونکـە ماڵەکـەی لەپەنـا بـوو زۆر ئاشـکرا نەبـوو ئامـادەکاری کـرا بـۆ کۆنفرانسـەکە و ئامادەبووان بـە تـاک تـاک گەیشـتنە ماڵەکـە و لەلایـەن پێشـمەرگەکانی ناوخـۆ چاودێـری شـوێنی کۆنفرانسـەکەیان ئەکـرد لـە دوای هەڵبـژاردن ئیـش و کارەکـە دابـەش کـرا بەسـەر ئەندامانـی ناوچـە و بەنـدە بـووم بـە لێپرسـراوی ناوچـە و دەسـتکرایە چالاکـی حـزب و لـەو سـەردەمە زۆر گەشـەی کـرد و لـە هەمـان کاتـدا جەماعەتـی (بارزانـی) لیژنـەی ناوچەیـان دامەزرانـد لێپرسـراوەکە (بەهجـەت حەسـەن) بـوو بـەڵام چالاکیەکـی ئەوتۆیـان نەبـوو جگـە لـە ململانێـی مەکتەبـی سیاسـی. بـەڵام ئێمـە هەرچەنـدە بـە نهێنـی کارەکانمـان دەکـرد هەسـت دەکـرا خەڵکـی زۆربـەی ڕوو لـە باڵـی مەکتەبی سیاسـی دەکـەن و شـانەکانی حـزب و ڕێکخسـتن پتەوتـر دەبـوو زۆربـەی کۆبوونـەوەکان شـەو ئەکران لـە دوای هەڵبـژاردن، حکومـەت زۆر چاودێـری خسـتەوە سـەرم لـە ئەنجامـدا فەرمانـی گرتنـم بـۆ دەرچـوو منیش خـۆم شـاردەوە لەگـەڵ (محەمـەد حاجـی تاهیـر) لـە ماڵـی هەڤاڵـی دڵسـۆز و تێکۆشـەر (سـەدرەدین محەمـەد عەلـی) کـە ژیانـی خـۆی و منداڵەکانـی خسـتە مەترسـیەوە لـە پێنـاوی (حـزب) چونکـە هـەر ڕووداوێکـی نەشـیاو یـان پشـکینین بوایـە ئـەو خێزانـە بەنـد و دەربـەدەری ئەبـوون تەنانـەت لەسـێدارەش دەدران و لـە کاتـی (خۆشـاردنەوە) بەڕێـز (شـێخ سـتار تاهیـر) هەواڵـی بـۆم نـارد کـە بچمـە دەرەوە لەگرتـن نەترسـێم چونکـە معـاون ئەمنەکـە ئـەو کاتـە نـاوی (معـاون قاسـم) بـوو و خزمایەتیشـم لەگەڵـی هەبـوو منیـش سوپاسـم کـرد بـەڵام بـەردەوام بـووم لـە خۆشـاردنەوە.

لـە سـاڵی (١٩٦٤) لـە دوای هەڵبـژاردن (عەلـی عەبدوڵـڵا و مامۆسـتا

عولەمـا) لـە بەغـدا بـوون کـە هەردووکیـان ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی بـوون لـە بەغـدا داوایـان کـردم بـڕۆم بـۆ کۆبوونەوەیـەک لەگەڵیـان هەرچەنـدە بەنـدە فەرمانـی گرتنـم هەبـوو بـەڵام بـە شـێوەیەکی نهێنـی لەگـەڵ برادەرێـک کـە (محەمـەد ئیسـماعیل فەتـاح) بـوو گەیشـتینە بەغـدا و چوومـە کۆبوونەوەکـە کـە لـە ماڵـی (ئەسـعەد خێلانـی) بـوو لـە دوای تـەواو بوونـی کۆبوونەوەکـە هەنـدێ ئامـۆژگاری لـە ڕووی چۆنیەتـی سەرپەرشـتی حـزب لـەم هـەل و مەرجـەدا بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژی خایانـد و ئـەو دوو ڕۆژە لـە ماڵـی هەڤاڵێـک مامـەوە بەنـاوی (عومـەر بامرنـی) کـە باوکـی (سـەربەسـت بامڕنـی) بـوو ئـەو کاتـە سـەربەسـت لەگـەڵ خوشـکێکی لـە زانکـۆی بەغـدا خوێنـدکار بـوون، لـە دوای تـەواو بوونـی کۆبونەوەکـە بـە بەڕێـز (عەلـی عەبدوڵـلا)م ڕاگەیانـد کـە بەنـدە فەرمانـی گرتنـم هەیـە چـۆن بگەڕێمـەوە یەکسـەر وتـی بـە پـێ بگەڕێـوە و منیش وتـم کاک عەلـی چـۆن بەپـێ لـە بەغـداوە بـۆ کەرکـوک بگەڕێمـەوە؟ گوتـی خـۆت دەزانـی بەڕاسـتی زۆرم پـێ سـەیر بـوو ئەندامێکـی مەکتەبـی سیاسـی بـەم جـۆرە ڕەفتـار بـکات لەگـەڵ هەڤاڵێـک کـە فەرمانـی گرتنـی هەیـە، منیـش زۆر بـە توڕەیـەوە دەرچـووم کـە برادەرەکـەم چاوەڕوانـم بـوو و قسـەکانی کاک (عەلـی عەبدوڵلا)ـم پـێ وت ئەویـش پێـی ناخـۆش بـوو بەڵام وتـی ئەبێـت لـە ڕێگـەی تکریتـەوە بگەڕێینـەوە و بـە ناچـاری گەیشـتینە تکریـت لەویـش لـە ڕێگـەی (فەتحـە) و لـە ئـاوی (دیجلـە) پەڕینـەوە و گەیشـتینە دێـی (قزلیـار) کـە دۆسـتێکمان لـەوێ هەبـوو بـە نـاوی (شـێخ عوبێد) پیاوێکـی ناسـراو بـوو لـە دەڤەرەکـە و زۆر ڕێـزی لـێ دەگیـرا لـەلای خەڵکـی و حکومـەت، لـە دوای نـان خواردنـی ئێـوارە کـە هەنـدێ دنیـا تاریـک بـوو بـە (شـێخ عوبێد)ـم وت ئێمـە جنسـێمان هەڵنەگرتـووە ئەویـش بـە بـێ هیـچ داواکاریـەک پێـی وتیـن خـۆم ئەتـان گەیەنـم چونکـە تەفتیـش ناکرێـم، ئێمـەی گەیانـدە کەرکـوک و زۆر سوپاسـمان کـرد لـە نزیـک (حەمـام عەلـی بـەگ) دا بەزیتیـن و بـە

کۆڵانەکاندا گەڕاینەوە جێگەی خۆمان و لە دوای چەند مانگێک (محەمەد حاجی تاهیر) گواسترایەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە شوێنی ئەو مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ) گەیشت و بوو بە لێپرسراوی کەرکوک خێزانەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو و دایکیشی گەیشتنە لامان و پێکەوە بووین لەو ماڵە مانەوە، دایکی مەلا عەبدوڵڵا ژنێکی هەولێری بوو و زۆر ورەی بەرز بوو برادەرێکمان لەلایەن حکومەتەوە دەستگیر کرا ئەویش محەمەد جەبار بوو، ئاگادارکراینەوە کە شوێنەکەمان بگۆڕین نەک خوا نەخواستە لە ژێر ئازاردان (ئیعتراف) بکا بەڵام دایکی مەلا ماتۆڕ بەڕەحمەت بێت وتی هیچ جێگەی مەگۆڕن ئەو کورە (ئیعتراف) ناکات ئێمەش بەقسەمان کرد و ماینەوە بەڵام لێپرسراوی لایەنەکەی تر ئیعترافی لەسەر هەموو ئەندامەکانی خۆیان کرد و تەنانەت لیستی ناوەکانی تەسلیم بە (حکومەت) کرد ئەو کەسەی جێگەی متمانەمان بوو ئەم هەواڵەی پێداین کاک (جەمیل مەلا وەیسی) بوو چونکە کوڕێکی زۆر باش بوو ئێمە زۆر متمانەمان پێی بوو هەرچەندە پوورزاشم بوو هەندێک لەگەڵمان دەمایەوە بە شەوان بەڕاستی زۆر پێمان ئەوت ئەوە ئێمە فەرمانی گرتنمان هەیە با توش نەبیت بەڵام خۆی لە ئێمە جیا نەدەکردەوە و ڕۆژێکیان ئاگادارکراینەوە کە لە گەڕەکەکەمان تەحەڕی دەکرێت و ئێمەش چوین بۆ جێگەیەکی ئەمین تری بۆ دۆزینەوە هەرچەندە کاک (سەدرەدین) چاودێری ئەکردین بۆ ئەوەی دەرچین لە کۆڵانەکە و کەس ئێمە نەبینێت تەنانەت دراوسێکانیش نەیاندەزانی کە لەو ماڵە خەڵکی لەسەرەوەیە چونکە ماڵەکە دوو قات بوو ئێمە لەسەرەوە بووین و یەکێک لەو دراوسێیانە ناسیاوی بەندە بوو ماڵی کاک (ساڵح جەباری) بوو کە نەیاندەزانی کەس لەو ماڵە هەیە ئێمەش لەبەر بەرژەوەندی خۆمان زۆر بێ دەنگ بوین بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین وە هەرکاتێک برۆشتینایە بۆ کۆبونەوە تاک تاک دەردەچووین چونکە

سـەردەمی (عەبدولسـەلام عـارف) وەزیـری بەرگـری عێـراق (عەزیـز عوقەیلـی) بـوو پیاوێکـی تونـدەر بـوو و زۆرکات لـە گەڕەکـە کوردیـەکان قەدەغـەی هاتووچـۆی دەردەکـرد و ماڵەکانـی دەپشـکنی و بەبـێ هیـچ ڕەحمێک کوردەکانیان ئەشکەنجە دەدا و هەندێ جاریش پارە و ئاڵتوون هەبوایـە ئەیـان بـرد بۆخۆیـان، ڕۆژێکیـان بـە سـەماعە هاواریـان ئەکـرد دەرچـوون قەدەغەیـە و کـەس نابێـت لـە ماڵەکـەی دەرچێـت ئـەم جـارە قەدەغـەی هاتووچـۆ دەبێـت لـە گەڕەکـی (شـاترلوو) کـە پێـک هاتبـوو لـە هەمـوو نەتـەوەکان بـە (کـورد و عـەرەب و تورکمـان و کریسـتیان) ئێمـە لـەو گەڕەکـە بویـن و کاک نەسـرەدین کـە خـاوەن ماڵەکـە بـوو ئـاگاداری کردیـن کـە پشـکنین ڕوودەدات و ئیمـەش هەرسـێکمان (نەجمەدیـن گلـی، فاتیح میرزا، عەبدوڵڵا باباعەلی) بەو شـەوە تـاک تاک دەچووینە دەرەوە لـە ماڵەکـە ڕوومـان کـردە قوتابخانـەی (فتـوە) بـەڵام هەرچـی ئـەوراق حزبـی هەبـوو کاک نەسـرەدین هەڵـی گرتبـوو و شـاردبۆیەوە بـۆ ئـەوەی دەستی دووژمـن نەکەوێت کـە دەرچوویـن لـە کۆڵانەکە کـەس لـە دەرەوە نەبـوو و دنیـا بـەرەو بانگـی بەیانـی ئەڕۆیشـت کـە گەیشـتینە قوتابخانـەی (الفتـوە) چووینـە ژوورەوە بـۆ حەوشـەکە (فاتیـح میرزا)ـامان نـارد بـۆ لای کارگـوزاری قوتابخانەکـە کـە ئافرەتێـک بـوو پێـی وت کـە ئێمـە سـەربازی هەڵهاتوویـن و لێـرە خۆمـان حەشـار دەدەیـن تاکـو قەدەغـەی هاتووچـۆ تـەواو دەبێـت و دنیـا بـەرەو ڕووناکـی ئـەڕوات و ئێمـەش لـە تاریکـی دیـواری قوتابخانەکە خۆمان حەشـاردابوو تاکو کەس نەمـان بینێت، کاک فاتیـح پێمانـی وت ئەچـم لەگـەڵ پاسـەوانەکە قسـە ئەکـەم کـە ئـەم ماوەیـە ڕێمـان پـێ بـدات تـا کۆتایـی بـە قەدەغـەی هاتووچۆکـە دێـت، ئـەو ژنـەی کـە خەریکـی پاککردنـەوەی قوتابخانەکـە بـوو کـە چـوو بـۆلای پێشـەکی زۆر ترسـابوو چونکـە دنیـا هێشـتا تاریـک بـو و هێـوری کـردەوە و قسـەی لەگەڵیـا کـرد بـەڵام رازی نەبـوو ئێمـە لـەوێ بمێنینـەوە ئێمـەش وردە وردە

گەڕاینـەوە بـۆ جێگەکـەی خۆمـان بـاش بـوو کـەس لـە دەرەوە نەبـوو چونکـە خەڵکـی هەمـوو لایـەک لـە ماڵـەوە بـوون و هێشـتا ڕووناکـی بـە تـەواوی نەبـوو کەچـی ئـەو ڕۆژە ئـەو گەڕەکـە پشـکنینی تیـا نەکـرا.

***

**چونمان بۆ مەکتەبی پارێزەرێک**

لـە سـاڵی ١٩٦٥ بەنـدە لەگـەڵ کاک فاتیـح میـرزا کـە موختەفـی و خۆمـان شـاردبوەوە ئـەو کاتـە وەزیـری بەرگـری عێـراق (عەزیـز عەقیلـی) بـوو هەمـوو ڕۆژێـک وەکـو وتـم گەڕەکـە کوردەکانـی ئەپشـکنی و خەڵکـی ئەچەوسـانەوە و زۆر دڕندانـە لەگـەڵ گەڕەکـە کـوردەکان هەڵسـوکەوتی دەکـرد بڕیـاردرا دەسـت بکرێـت بـە بشـکنین بـەڵام لەگـەڵ کاک فاتـح شـوێنەکەی خۆمـان جێهێشـت چوویـن (نوسـینگە)ی برادەرێکمـان هەبـوو (پارێـزەر) بـوو جێگەکـەی لـەلای مەحکەمـە لـە خانویەکـی دوو نهـۆم بـوو کـە چوویـن بـۆ لای زۆر ڕێـزی لـێ گرتیـن ئەویـش پارێـزەر کاک (مەحمـود تۆفیـق) بـوو، جێگەیەکـی خۆشـبوو نوسـینگەکەی هەمـوو شـتێکی خواردنـی تێدابـوو لـە هەمـوو جـۆرەکان لـە دوای بەخێرهاتـن و گفتوگـۆ لەگەڵیـدا گوتـی هیـچ گـوێ مـەدەن دەتوانـم ڕزگارتـان بکـەم لـە کاتـی پشـکنینی ئـەم گەڕەکـە بـەڵام ئێمـە زۆر دڵتەنـگ بوویـن ئـەو شـەوە ماینـەوە لـە نوسـینگەکەی نوسـتین و سـبەی ئـەو جێگەیەمـان جێهێشـت بەرەو ماڵـی برادەرێـک لـە گەڕەکـی شـاترلوو کـە برادەرێکمـان خانویەکـی گرتبـوو بەرامبەر(نەفتچـی)ـەکان لـەوێ ماینـەوە تاکـو بـارودۆخ هێـور بۆیـەوە ئیتـر گەڕاینـەوە جێگـەی خۆمـان بەڕاسـتی ئـەم هەمـوو تەنـگ و چەڵەمـە ڕووی ئـەدا بـەو پـەڕی شـانازیەوە پەیرەومـان ئەکـرد لـە پێنـاوی ئامانجەکانـی میللەتەکەمانـدا بـوو.

***

## هەڵهاتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە دۆڵە ڕەقە

بەپێی نووسینی کاک (حلمی عەلی شەریف) لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (بەراوردێک لە نێوان ١٩٦٦-١٩٩٦) (مەلا موستەفا) دووجار نوێنەری خۆی نارد بۆلای سەرکردەکانی بەرەی مەکتەبی سیاسی کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و گوتبووی پێکەوە خەبات دەکەین لە پێناوی بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کورد و کوردستان و مەلا مستەفا لاپەڕەیەکی نوێ دەخاتە سەر پشت، ئەم هەڤاڵانە ئەم هەوڵ و مەرجانەیان پەسەند کردوو بڕیاری گەڕانەوەیان دا بۆ خەبات کە گەڕانەوە بەبێ ئەوەی چاوی پێیان بکەوێت و فەرمانیدا لای عەباس مامەند ئاغا لە ناوچەی ئاکۆیان بمێننەوە تاکو خۆی سەردانی ئەو ناوچەیە ئەکات و چاوی پێیان دەکەوێت کە لەم کەسانە پێک هاتبوون: (عەلی عەسکەری، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیسی، مام جەلال، نوری ئەحمەد تەها، عومەر دەبابە، حلمی عەلی شەریف) لەلای عەباس ئاغا نیشتەجێ بوون، ئیدریس بارزانی بە دەمی بارزانییەوە دوو نامەی نارد یەکێکیان بۆ هەڤالان (مام جەلال، حلمی عەلی شەریف) ئەوی تریان بۆ عەباس مامەند ئاغا، نامەی یەکەمیان دوای سڵاو و ڕێز ئەڵێت باوکم ئەمری کردووە ئەڵێت بەرژەوەندی وایە هەردووکتان لە ناوچەی باڵەک دانیشن لە نامەی دووهەمدا داوا لە عەباس ئاغا دەکات کە یارمەتیان بدات بۆ ناردنی هەردوو کەسی ناوبراو بۆ قەسری و ماکۆس، کۆبوونەوەیەک لە تەک عەباس ئاغا کردوە سەبارەت بەوەی پاراستنی ئەمانە لە دۆڵەرەقە لە ناوچەی ئاکۆیان بەم پیاوە سپێردراوبوو و متمانەی مانەوەیان بە مەلا مستەفا دابوو ڕۆیشتن، بۆ ڕزگارکردن بۆ ئەوەی عەباسی مامەند ئاغا نەوەک بە سپڵەیی و ناجوامێریتی لە قەڵەم بدات و پێیان وت چی ڕێگایەک بۆ ئەم بارە

نالەبارە دائەنێت ئەگەر ئێمە ناوچەکە بەجێ بهێلین لێمان زویر نابێت؟ لە وەڵامدا وتی : نەخێر ئەوانیش ئەو مانەوەیەیان لەو دەڤەرە هیچ سوودێکی نیە بۆیە بڕیاری هەڵهاتنیاندا و ڕوویان لە شارەکانی کوردستان کرد بۆ سلێمانی و کەرکوک و توانرا هەندێکیان بەرەو بەغدا بڕوات و هەوڵیاندا جارێکی تر حزب ڕێک بخرێتەوە و دەست بە چالاکی بکرێت لەو کاتە نالەبارە حزب ڕزگار بکرێت، لێرە مەکتەبی سیاسی بوون بە دوو بەشەوە، شەهیدانی نەمر (عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە) وتیان ئێمە لە تەک بڕیاری ئێوەداین واتە هاوڕای مام جەلال و حلمی عەلی شەریفین بەڵام عەلی عەبدوڵلا و نوری شاوەیس وتیان ئەمێنینەوە و کاری مەکتەبی سیاسی دەکەین ئەوەبوو هەڵهاتن، بەڕێزان مام جەلال و کاک عومەر دەبابە گەیشتنە سلێمانی و حلمی عەلی شەریف بۆ بەغدا و عەلی عەسکەری بۆ کەرکوک، گەیشتنە کەرکوک لە هەمان کاتدا مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل (مەلا ماتور) پێکەوە لە کەرکوک موختەفی بووین و کاک عەلی عەسکەری بوو بە لێپرسراوی لقی کەرکوک و دوا بە دوای چەند ڕۆژێک ماڵەکەی گەیشتە کەرکوک، عەلی عەسکەری کەسێکی سیاسی و چاونەترس و خۆشەویست بوو لە کەرکوک هەمیشە دەمانچەی پێبوو لە هیچ ڕووداوێک سڵی نەدەکردەوە و هەمیشە دەم بە پێکەنین و ڕوو خۆش بوو بۆ ساتێکیش بیری لە ترس نەدەکردەوە و لە کۆبوونەوەکاندا بارودۆخی عێراقی بۆمان ڕوون دەکردەوە، شەهید (عەلی عەسکەری) یەکێک بوو لە سەرکردە سیاسی و عەسکەریەکانی میللەتی کورد و تێکۆشانی شەهیدی نەمر هیچ کات لە بیر ناکرێت و تەمەنی لاوی خۆی تاکو شەهیدبوونی پێشکەش بە میللەتەکەی کرد، شەهیدی نەمر (گیڤارا)ـی کوردبوو قارەمانێکی ئازا و چاونەترس بوو و ڕێزی لە هەموو هاوڕێ و کەسەکانی دەگرت، بڕیار بوو پشکینین بکرێت

لـە گەڕەکەکـە لەبـەر ئـەوەی عەلـی عەسـکەری و مـەلا عەبدوڵـڵا کـە دوو ئەندامـی لیژنـەی مەرکـەزی بـوون دەسـتگیر بوونیـان زەرەرێکـی زۆری دەبـوو، بڕیارمانـدا بـۆ دوو هەفتـە بچنـە دەرەوەی کەرکـوک و پەیوەندیمـان لەگـەڵ حزبی بەعسـی یەسـار هەبـوو کـە سـەر بـە سـووریا بـوون بـۆ ئاڵوگـۆڕی زانیـاری و ئـەو ڕووداوانـەی عێـراق، بەنـدە نوێنـەری گفتوگـۆکـردن بـووم لەگەڵیـان و بەعسـیەکان لـە هەمـان کاتـدا چەکـدار بـوون لەنـاو حکومەتـدا نوێنـەری ئـەوان کەسـێک بەنـاوی (سـاڵح بەتـاوی) پەیوەندیـم لەگەڵـی کـرد و پێـم وت دوو برادەرمـان هەیـە ترسـیان لەسـەرە بـۆ ئـەم پشـکنینەوە ئەویـش ئامادەیـی خـۆی پیشـاندا کـە هەردووکیـان کاک عەلـی عەسـکەری و مـەلا عەبدوڵـڵا بیانبـات بـۆ دەرەوەی کەرکـوک بـۆ دێیەکـی عەرەبـی لـە دەوروبـەری کەرکـوک و بـۆ دوای چەنـد ڕۆژێـک چوونـە دێیەکـی عەرەبـی تاکـو ناوشـار هێمـن دەبێتـەوە، لـە دوای چەنـد ڕۆژێـک گەڕانـەوە کەرکـوک و مـەلا عەبدوڵـڵا گواسـترایەوە بـۆ جێگەیەکـی تـر بـەڵام شـەهیدی نەمـر کاک عەلـی عەسـکەری مایـەوە لـە کەرکـوک لـە دوای کۆنفرانـس هەندێـک هەڤاڵمـان ئامـادە نەبـوون لـە کۆبونەوەکانـدا و گوێیـان نـەدەدا بـە حزبایەتـی بـەڵام بـۆ ئـەوەی شـیرازەی حزب تێـک نەچێت بڕیـاردرا بـە سـەرکردنەوەی چەنـد هەڤاڵێـک بەپێـی پەیـڕەو و پرۆگـرام بـەڵام عەلـی عەسـکەری پەیوەنـدی لەگـەڵ زۆربەیـان کـردەوە و داوای لێیـان کـرد بگەڕێنـەوە بـۆ ڕێکخسـتن و ئـەو هەڤاڵانـەش داواکاریەکـەی کاک عەلـی عەسـکەریان قبـوڵ کـرد و گەڕانـەوە بـۆ ڕیزەکانـی حـزب، هەڤاڵـی دڵسـۆزمان هەبـوو وەکـو (حەمید فـارس) کـە شـۆفێری کۆمپانیـای نـەوت بـوو زۆر کات لـە ڕێگـەی ئـەوەوە ئەمانـی گواسـتەوە بـۆ شـوێنی کۆبونـەوەکان چونکـە ڕۆژگارێکـی زۆر سـەخت بەسـەر باڵـی مەکتەبـی سیاسـی تێپـەر ببـوو لەبـەر ئـەوەی حکومـەت و لایەنێکـی دیکـەش دووژمـن داریـان دەکـرد بـەڵام هەڤاڵان خۆڕاگربـوون و لـە سـاڵی (١٩٦٥)

نیاز وابوو سەرژمێری بکرێت بۆ هەموو عێراق، بەندە لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل لەماڵی کاک (حوسێن خانەقا) موختەفی بووین کە پیاوێکی خانەدان و ناوداری کەرکوک بوو شارەزایەکی زۆری هەبوو لە ناوچەی کەرکوک و هەروەها عەشیرەتە کوردەکانی زۆر بە باشی دەناسی لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکانیش، کاک حوسێن کوری سەید ئەحمەد خانەقا بووە خاوەن تەکیە و هەموو جۆرە نەتەوەکان ڕوویان تێ دەکرد بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەک یەکێک لە موریدەکانی ئاگاداری کرد و وتی سەرژمێری هاتووە بۆ ناو نووسینی خێزان و ئەو کورەی کە ناوەکانی دەنووسی کاک (حوسێن)ی دەناسی و وەرەقەیەکی دەرکرد و وتی ئەم دوو ناوە لەسەر بنەماڵەی ئێمە بنووسە ژمێریارەکەش جێ بەجێی کرد و پێویستی بە بینینی ئێمە نەکرد، لە نیسانی ١٩٦٥ حکومەتی عێراق هێرشێکی توندی کردە سەر کوردستان بە هەموو جۆرە چەکێک بەڵام ئەوکاتە ڕەوانشاد (مام جەلال) لە کوردستان نەبوو و حکومەت ئەو هێرشەی شکستی هێنا و عەبدولسەلام عارف سەردانی بەسرای کرد لەگەڕانەوەی لە ڕۆژی (١٩٦٦/٤/١٣) هەلی کۆپتەرەکەی کەوتە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی هات و لە دواییدا مشتومرێکی زۆر ڕوویدا لە نێوان عەسکەرییەکان و مەدەنییەکان کە کێ بکرێت بە سەرۆک کۆمار چونکە هەندێ لایەن هەوڵیان دەدا عەبدولڕەحمان بەزاز بکرێت بە سەرۆک کۆمار کە پیاوێکی مەدەنی بوو و دکتۆرای هەبوو لە یاسا بەڵام عەسکەرییەکان قبوڵیان نەبوو ئەوان عەبدولڕەحمان عارفیان هەڵبژارد بۆ سەرۆک کۆمار چونکە برای عەبدولسەلام عارف بوو بڕیارەکەشیان سەرکەوتوو بوو، لە ڕۆژی (١٩٦٦/٤/١٧) بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام ئەم بە پێچەوانەی براکەی بوو و کەسێکی توندڕەو نەبوو بەرامبەر بە میللەت و لە دوای هەڵبژاردنی لە ڕۆژی (١٩٦٦/٤/١٨) عەبدولڕەحمان بەزاز

هەڵبژێرا بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق لەو کاتەدا شەڕێکی زۆر قورس ڕوویدا لە نێوان پێشمەرگە و سوپا لە شاخی هەندرێن و حکومەت سەرنەکەوت عەبدولڕەحمان عارف لەگەڵ وەفدێک سەردانی بارازنییان کرد لە ئەنجامدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن چونکە بارزانی دەیویست هەر خۆی لە مەیداندا بێت و هیچ لایەنێک بەشدار نەبێت، (حلمی عەلی شەریف) لە بەغدا بوو لەسەر بڕیاری حزب دەستی کرد بە گفتوگۆ بۆ ئەوەی بتوانێت مافی میللەتەکەمان بەدەست بهێنێت و حزبیش لەو تەنگ و خۆشاردنەوەیە ڕزگاری ببێت و ئێمەش هەستمان ئەکرد چاودێری کەم بۆتەوە و کۆبوونەوەش بە ڕۆژیش جێبەجێ بکەین و کاک (عەلی عەسکەری) بە ئاشکرا دەهات بۆلامان و بارودۆخی ئێستای عێراقی بۆ ڕوون ئەکردینەوە لەگەڵ حزب هەوڵی گفتوگۆ ئەدرا و بڕیاردرا هەموو مافەکانی کوردی جێبەجێ بکات بەڵام لایەکەی تری کوردی (بارزانی بوو رازی نەبوو بەو گفتوگۆیە).

***

**دانوستانی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦**

حکومەتی عێراق لە دوای مردنی عەبدولسەلام عارف و کۆتایی هاتن بە ژیانی، عەبدولڕەحمان عارف بوو بە سەرۆکی عێراق کە برای بوو بۆ پتەوکردنی حوکمەکەی پەیوەندی بە حزبەوە کرد ئەو کاتە (حلمی عەلی شەریف) لە بەغدا بوو پیاوێکی زیرەک و بەتوانا بوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، داواکاریەکەی حکومەتی قبوڵ کرد بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق و کورد و هەوڵ بدرێت بۆ چارەسەری مافەکانی میللەتی کورد لەبەر ئەو بارودۆخە نالەبارەی حزب دەستکرایە گفتوگۆکردن بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت بتوانرێت

هەندێ لە مافەکانی میللەتەکەمان جێبەجێ بکەین و بتوانین جارێکی دیکە ڕیزەکانی حزب ڕێک بخریتەوە، لەسەر ئەم خالانە ڕێککەوتن :

١ – ئازادکردنی هەمو بەندکراوانی سیاسی بەبێ جیاوازی سەر بە هەر حیزبێک بن.

٢ – گەڕانەوەی هەموو دەرکراوەکان بۆ کار و پیشەی پێشوویان (کرێکاران، فەرمانبەران، گەڕانەوەی قوتابیان، و هەموو حزبە سیاسییەکان و بە هەموو لایەک بەخزمەت بژمێردرێن).

٣ – زمانی کوردی بە فەرمی لە خوێندگاکانی کوردستان بخوێندرێت لەگەڵ زمانی عەرەبی.

٤ – جەژنی نەورۆز بە جەژنێکی نەتەوەیی کوردستان دابنرێت .

٥ – گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان هەڵبگیرێت.

زۆربەی خەڵکی ئەم دەستکەوتەی پێ باش بوو چونکە بارودۆخەکە زۆر نالەباربوو لە کوردستان و هیچ دەرفەتێک نەبوو لەو ڕێکەوتنە زیاتر، لەلایەنەکەی کە جەنابی (بارزانی) سەرکردایەتی دەکرد ئامادە نەبوو بە هیچ جۆرێک ڕێککەوتن بکات لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی و بەشداربێت لە هەر گفتوگۆیەکدا، هەندێ لایەنی دەرەکی هەوڵی ئەدا ڕێکەوتن ئەنجام نەدرێت ئەویش قسەی ئەوانی ڕەتنەدەکردەوە زۆربەی ڕۆشنبیران و ڕوناکبیران هاوکاری حزبیان دەکرد و ئەو هەنگاوەی باڵی مەکتەبی سیاسیمان بە بەرژەوەندی کورد دەزانی لەو کاتە ناسکەدا هەرچەند خەڵکێکی زۆری نەخوێندەوار و بەرژەوەندخواز لەگەڵ لایەنەکەی تربوون و دوژمنانی کورد هەوڵیان دەدا کورد هەمیشە لە شەڕدا بێت چونکە بەرژەوەندی وابوو کورد نەگاتە مەرامی خۆی، باڵی ماکتەبی سیاسی دەستی کرد بە چالاکی بە شێوەیەکی ئاشکرا و زۆربەی خەڵکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر پشتگیریان دەکرد، لەو ساڵە خولێکی کادیری کرایەو لە بەغدا، حزب بەندەی پالاوت بۆ ئەو خولە،

لـه بەغدا بـۆ مـاوەی دوو مانگ هەمـوو لقەکانی حـزب بەشداربوون کـە ژمارەمـان (٢٠) کـەس بووین، بەنـدە چاودێـری ئـەو خولـە بـووم و (بەکـر عەلـی) بەشداری ئـەو خولـە بـوو مامۆسـتاکانمان (ئیبراهیـم ئەحمـەد، مـام جـەلال، ڕەشـیدی عەلـی شـەریف، عولەمـا، حلمـی عەلـی شـەریف) و لـەو خولـە بابەتـی پەیـڕەو و پرۆگرامـی حـزب و جـۆری پرۆتۆکـۆل و ئابـوری ناسـی بەڕاسـتی خولێکـی زۆر سـود بەخـش بـوو زۆر شـت فێربوویـن ئـەم ئامادەکاریـە کـرا بـۆ ئەندامانـی حـزب بـۆ ئـەوەی شـارەزاییان هەبێـت و چـاوەڕوان بـن لـە ڕووی سیاسـییەوە بتوانـن حـزب بـەرەو ئاسـودەییەکی ڕوونـاک و کۆمەڵایەتـی بـەرن و ئیـش و کار بەڕێـک و پوخـت بەڕێـوە ببرێت.

***

## کۆنفرانسی گوندی تیمار

لـە ڕۆژی (١٩٦٦/٨/٢٨) کۆنفرانسـی حـزب لـە دێـی تیمـار کـە دەکەوێتـە ناوچـەی (قـەرەداغ) بەسـترا و بەنـدە ئەنـدام بـووم لـەو کۆنفرانسـە و ڕێکەوتنـی نێـوان بارزانـی و حکومـەت تێکچـوون و ڕێکنەکەوتـن بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک چاوەڕێـی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمەدمـان کـرد چونکـە بەڕێزیـان سـکرتێری حـزب بـوون زۆر گفتوگـۆ کـرا لەسـەر چۆنیەتـی پەیوەنـدی لەگـەڵ حکومـەت و بڕیـاردرا تـاک لایەنـە بـەردەوام بیـن بـە مەرجێـک حکومـەت دان بـە مافەکانـی میللەتـی کـورد بنێـت چونکـە حـزب کەوتوەتـە لایـەک و (حکومـەت و بارزانـی) لەلایەکـی تـر ئەبـێ هـەوڵ بـدات چارەسـەری ئـەو دۆخـە بـکات چونکـە دوژمنـان کارێکـی بـێ ئەندازەیـان دەکـرد و هەوڵیـان دەدا هەرچۆنێـک بێـت باڵـی (مەکتەبـی سیاسـی) لەنـاو بـەرن و ئـەو کاتـە نەخۆشـی (کۆلێـرا) پەیـدا ببـوو، بەنـدە شـکی ئـەو نەخۆشـیەم لـێ دەکـراو ڕەوانـەی سـلێمانی کـرام بـۆ چارەسـەر مـاوەی

٢ ڕۆژ لـه سـلێمانی بـووم و گەڕامـەوە بـۆ کۆبوونەوەکـە و لـەو کاتـە کاک نـوری شـاوەیس لـە سـلێمانی بـوو و برادەرانـی سـلێمانی داوایـان کـرد مەفرەزەیـەک بـڕوات بـۆ گرتنـی بـەڵام ڕەوانشـاد (مـام جـەلال) هاتـە دەنگ و گوتـی برادەران ئەمـە کارێکـی ناشـرینە و کاک نـوری ئـەوە نییـە نارەحـەت بکرێـت و بـە وشـەیەک وتـی بـە ڕای مـن ئـەم وەزعـە کۆتایـی پـێ بهێنـن و کۆنفرانسـێ بەسـترا بـە ناونیشـانی :-

١ – کۆنفرانسـی تیمـار هەوڵـی پتـەو کردنـی یەکێتـی حـزب ئـەدات لـە ڕووی ڕێکخسـتن و سیاسـی و فکرییـەوە، خەبـات کـردن بـۆ دوا ڕۆژێکـی بـاش بـۆ میللەتەکەمـان.

٢ – کۆنفرانـس دڵنیایـی دەکاتـەوە لـە برایەتـی کـورد و عـەرەب و یەکێتیـی خەباتـی نیشـتیمانی دژی کۆنـە پەرسـتان.

٣ – کۆنفرانـس داوای کـرد لـە هەمـوو ڕیزەکانـی عێـراق بەیەکگرتـن و ڕزگارکردنـی نیشـتیمان و بەدیهێنـان و چەسـپاندنی دیموکراتـی ڕاسـتەقینە لـە عێـراق.

٤ – کۆنفرانـس لەلایـەن مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەدەوە کرایـەوە کـە سـکرتێری حـزب بـوو داوای کـرد سـاتێک ڕاوەسـتن بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدانی کوردسـتان و گیانـی پاکـی شـەهید (عەلـی حەمـدی).

٥ – کۆنفرانـس دڵنیایـی کـرد لەسـەر (ئیلتیـزام) کـردن بـە پەیـڕەو و بـاوەڕ بـە دیموکراسـی و ڕێکخسـتنی حـزب و لـە دوای هەڤـاڵ (عولەمـا) وتـاری مەکتەبـی سیاسـی خوێنـدەوە و باسـی ئـەو ڕووداوانـەی کـرد کـە ڕوویـدا لـە کۆنفرانسـی مـاوەت و لـە ڕووی مێژوویـەوە ئـەو گۆڕانکارییانـە لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی کوردسـتان و چۆنیەتـی پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرۆکی حـزب (مسـتەفا بارزانـی) و باسـی ئـەوەی کـرد کـە زۆر هـەوڵ درابـوو بـۆ نەمانـی حـزب و کاڵبوونـەوەی (ژیان)ـی حزبـی و گاڵتەپێکـردن بـە حـزب و باسـی چۆنیەتـی (مفاوەزاتـی) کـرد لەگـەڵ حکومـەت و

عەبدولڕەحمان بەزاز بوو بە سەرۆک وەزیران و چۆن حکومەت داوای کرد لە باڵی مەکتەبی سیاسی بەشداری گفتوگۆ بکات لەگەڵی بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزنەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە و حزب ئەو داواکاریەی ڕەت نەکردەوە بۆ ئەوەی کوشتن و بڕین کۆتایی پێ بێت لە نێوان کورد و عەرەب و حزب دەستی کرد بە (دانوسان) لە دوای دەستبەکاربوونی عەبدولڕەحمان عارف باڵی (مەکتەبی سیاسی) ڕازی بوو و چەند داوایەکی پێشکەش کرد و داوای کرد هەموو ناوچە کوردستانییەکان وەکو یەکەی کارگێڕی بکرێن بە پارێزگا و (لێبوردن)ی گشتی بدرێت، ئەمەی خوارەوە کە بڕیارەکانی کۆنفرانس بوو :-

١ - هەوڵ بدرێت جارێکی دیکە شەڕ هەڵنەگیرسێت.

٢ - پێویستە بەیانی ٢٩/حزیران/ جێبەجێ بکرێت.

٣ - پێویستە ڕای حزبە نیشتیمان پەروەرەکان وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

٤ - داوا ئەکەین بەرەیەکی نیشتیمانی پێکبهێنرێت.

لە دوای کۆنفرانس هەندێک بڕیاری ڕێکخستن درا.

لە ساڵی ١٩٦٧ کۆنفرانسی حزب بەسترا بۆ نوێبوونەوەی حزب لە گەڕەکی شاترلوو ئەم ئەندامانە دەرچوون بە ئەندامی ناوچە (نەجمەدین گلی / شێخ ستار / شەوقی حەمەخان / حەسەن حاجی عەلی / جەلال کەریم / مەلا خدر / مامۆستا قاسم / فەیزوڵلا محەمەد / نامق محەمەد)...

ئیش و کارەکان دووبارە دابەش کران بەسەر ئەندامانی و بەندە بوو بە لێپرسراوی ناوچە و شێخ ستار گواسترایەوە بۆلایەکی تر کاک نورەدین عەبدولڕەحمان بوو بە ئەندام ناوچە و شەوقی حەمەخان کرایە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی بارەگا و لێپرسراوی (جبەخانە) و

سەرپەرشتی بارەگا بکات و هەر ئیشوکاری پێ ڕاسپێردرابێت بەڕاستی بە دڵسۆزی جێبەجێی دەکرد و کەسێکی لێهاتوو بوو کارەکانی بە ڕێکوپێکی دەبرد بەڕێوە و زۆر قسەخۆش بوو خۆشەویستی هەموو لایەک بوو.

لەو ساڵە حزبی (شیوعی) دووبەرەکی کەوتە نێوانیان و (عەزیز حاج) جیابۆیەوە و حزبێکی نوێی دروست کرد بەناوی (القیادة المرکزیة) خەڵکە توند ڕەوەکانی لەگەڵدا بوو زۆر دوژمنکاری باڵی (مەکتەبی سیاسی) دەکرد و هەوڵی دەدا هێرش بکات و دوو هەڤاڵانی پێشمەرگە بە دەستیان شەهید کران بە ناوەکانی (نەجەف، خەلەف) کە دوو برای ئازاو تێکۆشەر بوون بە دەستی چەپەڵی (قیادەی مەرکەزی) شەهیدکران.

**کۆنگرەی حزب لە ساڵی ١٩٦٧**

کۆنگرەی شەشەم لە دێی (کەلار) بەسترا کە ئێستا قەزای کەلارە ڕۆژانی (٢٢-٢٧/مارس/١٩٦٧) و بەندە یەکێک بوو لە ئەندامانی کۆنگرە و لەم کۆنگرەیە بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کە لەگەڵ بارزانی مانەوە و بڕیاردرا حزب بە پێی ستراتیجییەتی خۆی بۆ بەرەنگاری هەموو چەوسانەوەیەکی چینایەتی و نەتەوایەتی بکات و هەوڵ بدات بۆ بەرهەمهێنانی هەموو دەستکەوتەکانی کانزایی و کشتوکاڵ و ئابووری بۆ بەرژەوەندی میللەت پێویستە حزب سوود وەرگرێت لەسەر تیۆری زانستی سۆسیالیستی هیچ کەس وەرناگیرێت لە ڕیزەکانی حزب ئەگەر دووژمن کاری سۆشیالیستی و دیموکراسی و بزوتنەوەی شۆڕشی کورد بکات هەروەها نوێنەری ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستان و یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و مامۆستایان ئامادە بوون وەکوو چاودێر.

کۆنگرەکـە بـە ڕاوەسـتانی خولەکێک بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدانی کوردسـتان کرایـەوە لـە دواییدا مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمەد سکرتێری حزب وتەیەکـی مێـژووی خوێنـدەوە مـاوەی (٤) کاتژمێـری خایانـد و لـە دوای وتەکـەی بڕیـاردرا لیژنـە دروسـت بکرێـت بـۆ هەڵسـەنگاندی ڕاپۆرتەکـەی لیژنـەی مەرکـەزی هەروەهـا بـۆ پـرۆژەی پەیـڕەو و پرۆگـرام و ئیـش و کاری پێشـمەرگە، کۆنگـرە سـڵاوی خـۆی نـارد بـۆ پـارت و ڕێکخـراو کەسـایەتییە پێشـکەوتووخوازەکانی عێـراق، داوای کـرد بەیەکگرتنـی هەمـووان بۆ چەسـپاندنی ڕیزەکانیـان لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ پێشـکەوتن کـە چارەسـەرێک بـوو بۆیـەک گرتنـی میللەتـی عێـراق و پتەوکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب و پێویسـتە خەباتێکـی شۆڕشـگێرانە بکرێـت دژی کۆنـە پەرسـتان و هـەوڵ بدرێـت بـۆ حکومەتێکـی پێشـکەوتوو بـۆ بەدیهێنانـی سۆشیالیسـت و دواڕۆژێکـی دیموکراسـی ژیانێکـی پـڕ لـە ئاسـوودەیی، کۆنگـرە داوای کـرد لـە هەمـوو ڕێکخـراوەکان بـەرەو چینـی کرێکاران و جوتیـاران بچـن چونکـە ئـەو دوو چینـە چینێکـی شۆڕشـگێڕن هەروەهـا زۆربەیـان خەڵکـی کوردسـتانن و پارتـی خـۆی بـە پێشـڕەوی ئـەو چینانـە دەزانێـت، سکرتێری حـزب وتەیەکـی ڕاسـتەوخۆی ڕاگەیاند و داوای کـرد لـە هەمـوو ئەندامـان تێبکۆشـن بـۆ جێبەجێ کردنـی بڕیارەکانـی کۆنگـرە و بەپێـی پەیـڕەو و پرۆگـرام و بڕیـاردرا لـە کۆنگـرەی شـەش پێویسـتە هەمـوو لایـەک هەڵبسـتێت بـە لێپرسـراوەتی و هەوڵبدرێـت بـە شـێوەیەکی حزبیانـە فەرمانـەکان جێبەجـێ بـکات.

کۆنگـرە دووپاتـی کـردەوە بـۆ پتەوکردنـی پاراسـتنی (ڕژێم)ـی کۆمـاری لـە عێراق فەرمانڕەوایی لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی و شۆڕشـگێرانە بێت کـە برایەتـی کـورد و عـەرەب تێیدا چەسـپاو بێـت و بۆیـەک بوونـەوەی یـەک ڕیـزی میللەتـی عێـراق بـە هەمـوو نەتـەوەکان لەسـەر بنەمـای پێشـکەوتن

و پەرەپێدانی وڵات بۆ یەکێتی و برایەتی بەرازی بوونی هەردوو نەتەوەیی کورد و عەرەب بۆجێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتی کورد لە چوارچێوەی عێراق و پتەوکردنی برایەتی و خەباتکردن لە پێناو بەرژەوەندی هەردوولا و بەدیهێنانی (بەرەیەکی) پێشکەوتووی یەکگرتوو و دووژمن کاری هەموو داوایەکی جیابوونەوە بکرێت و هەروەها پێویستە مافی کەمینەکانی بدرێت و پێویستە کورد ئیدارەی بۆ دروست بکرێت و خولیان بۆ بکرێتەوە، لەم ڕووەوە هەوڵ بدرێت بۆ سەرکەوتنی یاسای (ئیسلاحی زراعی) و پێویستە یاسای ژمارە (٨٠) بپارێزرێت بۆ ئیش کردن لە کۆمپانیای نەوت و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پێویستە دژایەتی هەموو جۆرە ستەمکاریەک بکرێت و پشتگیری خەباتی میللەتی عەرەب دەکەین لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان بۆجێبەجێ کردنی مافە ڕەواکانی خۆیان، کۆنگرەی شەش ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ بەرانبەر بە هەموو چەوساندنەوەیەکی میللەتی کورد کە ئەناڵێنێت لە ژێر ئەو چەوسانەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کۆنگرە بڕیاری دا بۆ درێژەدانی خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی بەیانی (٢٩)ی حوزەیران بۆ مافەکانی کورد لە ڕووی نەتەوایەتییەوە و هەروەها سیاسی و ئیداری و ڕۆشنبیری چونکە ئەمە زەمینەیەکە بۆ لەناوبردنی هەموو پیلانگێڕییەک و گەڕانەوەی شەر.

بڕیاردرا دەست بکرێت بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و ئەم ئەندامانە هەڵبژێردران بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی :- (ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، عەبدولڕەحمان زەبیحی، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، ئەحمەد عەبدوڵڵا، محەمەد حاجی تاهیر، عەباس حوسێن، سەعدی دزەیی، کەمال محێدین، ئەحمەد محەمەد ئەمین، محەمەد ئەمین فەرەج، حلمی عەلی شەریف، ڕوشدی عەلی شەریف، کەمال فوئاد، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل، خالید دلێر).

## کۆنگرە کۆتایی هات

لە ڕۆژی (١٩٦٧/٦/٦) شەڕی عەرەب و ئیسرائیل دەستی پێکرد و کورد بڕیاریدا شەڕ ڕابگرێت لەگەڵ عێراق بۆ ئەوەی سوپای عێراق سەرقاڵ نەبێت بە شەڕی ناوخۆوە بە هەموو توانایەوە پشتگیری شەڕەکە بکەن لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەش هەڵوێستێکی نیشتیمان پەروەر بوو بۆ میللەتی کورد .

لە ساڵی (١٩٦٧) کۆمپانیای نەوت لەسەر داوای حکومەت زۆربەی کرێکارەکانی کوردی قەدەغەکرد بڕۆن بۆ سەر ئیش و کارەکانیان بە بیانووی ئەوەی کێشەیەکی ئەمنی و ترسناک هەیە و دەبوو هەموو سەری مانگێک موچەکانیان دەهاتە دەرەوەی کۆمپانیاکە لە بازاڕ و لە جێگایەک دابەش دەکرا هەرچەندە ئەم کرێکارانە و فەرمانبەرانە شارەزایەکی زۆریان هەبوو لە ئیش و کارەکانیان بەڵام ئامادە نەبوون کرێکارە کوردەکان بچنەوە سەر کارەکانیان هەرچەندە سەندیکای کرێکاران هەبوو کە سەرۆکەکەی کامیل تکریتی بوو لە بری ئەوەی پشتگیری کرێکاران بکات بەڵام پشتگیری نەدەکرد، بەندەش ئەو کاتە لە کۆمپانیا بووم داوام لە حزب کرد بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزێتەوە بۆ ئەم گیرو گرفتە، حزب پەیوەندی لەگەڵ حکومەتدا کرد ئەوکاتە سەرۆک وەزیرانی عێراق (ناجی تالب) بوو و بەڵینیان دا بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاڵۆزیە و ڕۆژێک دیاری کرا بۆ چاوپێکەوتن و بەندە بە یاوەری بەڕێز کاک کەمال محیدین کە ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لەگەڵم هات و چاوم پێکەوت بەپێی زانیاریەکانم بۆیم ڕوون کردەوە کە ئەم ڕەفتارە زیانێکی زۆر ئەبەخشێ بە کۆمپانیاکە چونکە ئەم کرێکارانە ئەزموونێکی زۆریان هەیە و شارەزان لە ئیش و کارەکانیان ئەویش گوێی لێ گرتم و بەڵینی دا هەوڵ بدات بۆ چارەسەری و منیش لەگەڵ

بەڕێز کاک کەمال محیدین دەرچووین بەڵام هیچ نەیتوانی چارەسەری بکات و زۆربەیان گواسترانەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کۆمپانیا نەمێننەوە ئەمە جۆرێک بوو لە کەم کردنەوە و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کورد لە فەرمانگەکانی شاری کەرکوک چونکە حکومەتەکانی عێراق هەریەکە لە جۆرێک هەوڵی دەدا کورد نەهێڵێت لە ئەنجامدا هەوڵەکانیان بەفیڕۆ چوو چونکە کورد هەمیشە زۆرینەیە لە کەرکوک.

***

**کێشەی ملازم تارق ئەحمەد**

کۆچکردوو (ڕوشدی عەلی شەریف) برای کۆچکردوو (حلمی عەلی شەریف) کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو هاتە دێی کەلار لەو کاتە یاری تۆپی پێیان ئەکرد لە پڕێکدا گوللەیەکی وێل بەر سەری کۆچکردوو (ڕوشدی) کەوت و بووە هۆی مردنی، ئەوەی تەقەکە دەکات پێشمەرگەیەک دەبێت بەڵام ئەویش دەست بەجێ دەکوژرێت چەند کەسێکی گێرە شێوێن بە دەسیسەی تارق ئەحمەد هەوڵیان دەدا ئاژاوە بکەوێتە ناوچەکە بە تایبەت لە خوورماتوو و لە دوای چاوپێکەوتنی هەندێک لەوانە بۆ ئەوەی ڕایان بگۆڕدرێن و بگەڕێنەوە ڕیزەکانی حزب بەڵام بێ سوود بوو، ئەو کۆبونەوەیە لەلایەن مامۆستا عەباس حوسێن ئەنجامدرا هەرچەندە زۆر هەل و مەرجەکە نالەبار بوو دووەم ڕۆژ گەیشتینە کەرکوک و بەبانگکردنیان بۆ فرقە لەبەر ئەوەی داواکرا کە موچەکانیان لێ ببڕدرێت بەڵام بێ سود بوو و ئامادەبوون لە بارەگای شوان و پردێ هەروەها (عەلی عەسکەری و مامۆستا عەباس) ڕۆشتن بۆلایان و نامەیەکی (مام جەلال)ـیان پێدا بەڵام نامەکەیان دڕی هەروەها

(ڕەئیس ئـەرکان فرقـە) لەگەڵیـان ئامـادە بـوو بڕیاریـان دا نەگەڕێنـەوە بۆ لای حـزب هەروەهـا لـە هەمـان سـاڵدا شـێخ جەعفـەر کـە ئامـر بەتالیـۆن بـوو لەگـەڵ هێزێکـی پێشـمەرگە پەیوەندییـان بـە حزبـەوە کـرد و خـۆی و هێزەکـەی گەیشـتنە کەرکـوک لەگـەڵ چەنـد کادرێـک و بڕیاریـان دا بـوو لەگـەڵ باڵـی (م.س) خەبـات بکـەن کاتێـک گەشـتنە کەرکـوک پێشـوازیان لێکرا و چەنـد کادرێکیـان لەگـەڵ بـوو بـۆ ماوەیـەک مانـەوە لەگـەڵ حـزب و لـەو کاتـە لقـی پێشـمەرگە هەبـوو لـە بنـاری گل بـۆ پاراسـتنی ناوچەکـە بـەڵام شـێخ جەعفـەر لـە دوای ماوەیـەک دووبـارە گەڕایـەوە و هەڵهـات و ئـەو لقـەی لـە بنـاری گل بـوو لەگـەڵ خـۆی بـردی (مامۆسـتا عەبـاس حوسـێن) ڕۆیشـت بـۆ قـادر کـەرەم بـۆ ئـەوەی بگەڕێتـەوە بـەڵام بێ سـوود بـوو لـە هەمـان کاتـدا عەلـی عەسـکەری و بەنـدە چاومـان بـە براکـەی شـێخ جەعفـەر کـەوت لـە کەرکـوک کـە نـاوی (شـێخ وەهـاب) بـوو ئاگادارمـان کـردەوە هـەر ڕووداوێکـی نەشـیاو ڕووبـدات لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگانە ئـەوە ئێـوە بەرپرسـن بـەڵام دوای ماوەیـەک ئـەو پیشـمەرگانەی بنـاری گل گەڕانـەوە بـۆلای حـزب و ئازادکـران بـەڵام شـێخ جەعفـەر بـۆ ماوەیـەک گەڕابـۆوە بۆلایـان بەندیـان کـرد و ئـەوش دوای ماوەیـەک ئازادیـان کـرد هەروەهـا فرقـەی عەسـکەری هەوڵـی لەگـەڵ شـەهید کامیـل مـەلا وەیسـی دا کـە ناسـراو بـوو بـە ئازایەتـی بـۆ ئـەوەی لەگەڵیـان بێـت بـەڵام قبوڵـی نەکـرد و لەگـەڵ حـزب مایـەوە تاکـو شـەهید بوونـی.

لـە دوای گرتنـی قـەرەداغ و سـەنگاو زۆر سـەیر بـوو فرقـەی عەسـکەری داوای ئـەو چەکـە قورسـانەی دەکـرد تاکـو تەسـلیمی فرقـەی بکـەن بـەڵام داواکاریەکەیـان ڕەتکرایـەوە ئـەو کاتـە (مـام جـەلال) لـە قـەرەداغ بـوو، شـێخ جەعفـەر کـە هـات زۆر کێشـەی هەبـوو ئـەو کاتـە و حـزب توانـی بەرەنـگاری بێتـەوە و سـەرکەوت.

لـه ڕۆژی (١٩٦٨/١/٧) پیاوێكـی بەتەمـەن و بەڕێـز كـە هیـچ پەیوەندییەكـی نەبـوو بـەڵام باوكـی ئەندامێكـی ناوچـە بـوو ئەویشـی شـەهید (فەیزوڵـڵا) دوكاندار بوو لـە دوكانەكـەی كوژرا كـە نـاوی (حاجـی محەمـەد) بـوو پیاوێكـی بـاش و تەمەنـی گـەورە بـوو زۆر ناسـراو بـوو لەگەڕەكـی شـۆڕجە شـەهیدیان كـرد، ڕۆژ بـە ڕۆژ دوژمنكارییـەكان پـەرەی دەسـەند و حـزب ناچـار هەڵوێسـتی توندتـر وەربگرێـت بـۆ ئـەوەی لـە حـەدی خۆیـان ڕایـان بگرێت، لـەو بارودۆخـە ناخۆشـە بەنـدە تاقیكردنـەوەم هەبـوو كـە (٥ زانسـتی) بـووم لـە ئامادەیـی تاقیكردنـەوەی بەكالۆریـم ئەنجـام دەدا و هەوڵـی كوشـتنیاندام بـەڵام كوڕێكـی ناسـیاو ئەویش شـیوعی بـوو خەبـەری بـۆ نـاردم كـە ئەیانەوێـت هێـرش بكەنـە سـەرم ئیتـر ناچـار بـووم كـە بچـم بـۆ تاقیكردنەوەكـەم و پێشـمەرگەم لەگـەڵ خـۆم ئەبـرد بـۆ چاودێـری و پاراسـتنم تاكـو تاقیكردنەوەكـە تـەواو بكـەم كـە زانیـان ئیتـر دەسـتیان لـێ ئەكەینـەوە ناچـار پەنایـان بـرد بـۆ (م.س) بـۆ ئـەوەی ئیتـر واز لـە كوشـتن و بڕیـن بهێنـن و تاكـو ناكۆكیەكـە هێـور بۆیـەوە چەنـد كەسـێكیان لـە بەغـدا گیـران و لێپرسـراوی حزبەكەشـیان كـە عەزیـز حـاج بـوو گیـراو دانـی نـا لەسـەر ئەندامەكانـی و كۆتاییـان پێهـات.

***

**كودەتای حزبی بەعس**

لە ڕۆژی (١٩٦٨/٧/١٧) كودەتایـەك لـە عێراق ڕوویدا بـە سـەرۆكایەتی عەبدولـڕەزاق نایـف، عەبدولڕەحمـان عـارف) كـە سـەرۆك كۆمـار بـوو و دەسـتگیر كـرا و ڕەوانـەی توركیـا كـرا، هەرچەنـدە ئێمـە بـە ئاشـكرا لـە شـاری كەركـوك و شـارەكانی تـری كوردسـتان بوویـن چونكـە لەگـەڵ عەبدولڕەحمـان عـارف كەسـەرۆك كۆمـار بـوو ڕێكەوتـن هەبـوو و

خەڵکێکی زۆر ئەترسان لەم کودەتایە بەڕاستی توشی شۆک بوون ئەترسان جارێکی دیکە حزبی بەعس حوکمرانی عێراق بکات چونکە ساڵی (١٩٦٣) زوڵم و زۆرێکی زۆریان لە میللەتی عێراق کرد و بە تایبەتی لە کورد کە دەربەدەر و ماڵ وێران بوون کە خانووەکانیان ڕووخاند و زۆر کەسیان دەستگیر کرد و بۆیە ئەم کودەتایە زۆر مەترسی بوو لای جەماوەر هەرچەندە بەعسی هەوڵیان دەدا خەڵکی هێور بکەنەوە کە ئەم جارە وەکو پێشوو نابێت و کارێکی توند و تیژ ڕوو نادات بەڵام خەڵک بڕوایان بەو قسانە نەبوو هەرچەندە ئەم کودەتایە بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەزاق نایف و ئیبراهیم داود و سەعدون غێدان ڕوویدا و توانیان عەبدولڕەحمان عارف دەستگیر بکەن و ڕەوانەی تورکیای بکەن و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق بەڵام ئەو وەزعە زۆر نەمایەوە لە ڕۆژی (١٩٦٨/٧/٣٠) کودەتایەکی تر ڕوویدا عەبدولڕەزاقیان دەستگیرکرد کە جەماعەتی (ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن) هەڵسان بەم کارە و خۆیان بوون بە خاوەنی عێراق و سەدام حوسێن هەوڵی دەدا سەرکەوێت بەسەر هەموویاندا چونکە پیاوێکی خوێن ڕێژ و پیاو کوژ بوو و بۆ مەرامی خۆی و چەسپاندنی دەسەڵات جارێکی تر ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بەسەرۆک کۆماری عێراق بەڵام بەعسیەکان ڕازی نەبوون و قبوڵیان نەکرد چونکە ئەحمەد حەسەن بەکر بە پیاوێکی بێ توانا دەزانی و نەیدەتوانی هیچ بکات بەبێ (سەدام حوسێن) و حزبی بەعس هاتنە سەر دەسەڵات جارێکی کە ئەو هێزەیان نەبوو و زۆر پێویستیان بە باڵی مەکتەبی سیاسی بوو و زۆر بەر بەرەکانی نەدەکردین لە هەموو بڕیارێک و توانرا هەندێ دەستکەوت بەدەست بهێنی وەکو خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو عێراق و ئازادکردنی بەندکراوەکان و گەڕانەوەی هەموو ئەوانەی دەرکرابوون لە ئیش و

کارەکانیان و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ خوێندکارانی کورد وەکو خولی دەرچواندنی ئەفسەر و مفەوەزی و پۆلیس و بڕیاردرا جەژنی نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوایەتی بۆ کوردستان و ئەو ڕۆژە بکرێت بە پشوو بۆ هەموو عێراق هەروەها بڕیاردرا (سەندیکا) لە کەرکوک و هەموو کوردستان دابمەزرێنێت بە هاوبەشی و کردنەوەی زانکۆی سلێمانی و دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان و گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان لە کەرکوک بکرێت بە کوردی و ئازادکردنی بەندەکان لە بەندیخانە و سەندیکای نەوت دامەزرا و بەندە بووم بە سکرتێری گشتی نەوت لەگەڵ برادەرێک و چەند سەندیکایەک دامەزرا کە هەندێکیان سەرۆکەکانیان کورد بوون و زۆربەی خەڵکی بەرەو حزب دەهاتن چونکە هەموو ڕێکخراوەکان لە خزمەتی کوردی کەرکوکدا بوون و هیچ کەسێک نەیدەتوانی کورد بچەوسێنێتەوە هەرچەندە ئەمانە سودێکی زۆری هەبوو بەڵام خەڵکی متمانەی بە بەعس نەبوو و زۆر ترسان کە ئەمانە لە هەر فرسەتێکدا خیانەت بکەن بەڵام حزب پێی باش بوو کە مەلا مستەفا ڕێکبکەوێت لەگەڵ حزب و میللەتەکەمان بەرەو ئامانج بڕوات بەڵام بەداخەوە مەلا مستەفا هیچ ئامادە نەبوو بۆ ڕێکەوتن بەڵام حزب بەرژەوەندی کوردی لا مەبەست بوو و پاراستنی دەستکەوتەکانی درێژە پێدا بە هاوپەیمانی لەگەڵ بەعسدا.

لە هۆڵی خولد دا لە بەغدا کۆبوونەوەیەکی فراوان کرا بۆ کرێکاران و هەموو سەندیکاکانی عێراق ئامادەبوون و بەندەش وەکو سکرتێری گشتی کرێکاران ئامادەبووم و وتاری سەندیکای کوردستان لەلایەن بەندە خوێندرایەوە بە زمانی کوردی بەڵام یەکێک وتارەکەی بە عەرەبی وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و ئەحمەد حەسەن بەکر لەو کۆبونەوەیە ئامادەبوو چەند بەعسیەک هەڵسان بە قسەی ناشرین و دەستیان بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر درێژ دەکرد وەکو تۆمەتبار و

پێیان  ئەوت دووڕوو و (انتهازین) گیرا کە پێشتر لەگەڵ عەبدولسەلام عارف ڕێککەوتوو بوو و بڕیاری وابوو لە بەعس واز بهێنن ئینجا دووبارە گەڕایەوە لای بەعس، ئیتر هەوڵیان دەدا ئەو گەنجانەی بەعس بێ دەنگ بکەن ئیتر کۆبوونەوەکە بەبێ هیچ ڕووداوێک کۆتایی هات .

لە ساڵی (١٩٦٩) کە بەندە سکرتێری گشتی سەندیکاکانی کەرکوک بووم بڕیار وابوو چەند کەسێک بەشداری (معهد البترول العربي) بکەن لە قاهیرە و حزب بڕیاریدا بەندە بۆ ئەو خولە کە لە قاهیرە دەبێت منیان پاڵاوت و لەگەڵ دوو برای عەرەب کە یەکێکیان خەڵکی بەغدا بوو بەناوی (عەلی شەممەری) ئەوی تریان بەناوی (جیاد) خەڵکی موسڵ بوو بەرەو قاهیرە ڕۆشتین بەڵام کاک (عومەر دەبابە) لەگەڵم هات تاکو فرۆکەخانەی (مثنی) کە ئەو کاتە فرۆکەخانەی (مثنی) تاکە فرۆکەخانە بوو لە عێراق بەڕاستی منیش زۆر پێ خۆشحاڵ بووم کە ئەندامێکی (م.س) وەکو کاک (عومەر مستەفا *عومەر دەبابە) لەگەڵم هات چونکە یەکەم سەفەرم بوو و زۆر ئامۆژگاری کردم کە هەوڵی ئەوە بدەم (جەمال عەبدولناسر) ببینم و ناوی کرێکارانی کوردستان پێناسە بکەم بەڵام بەداخەوە ئەو فرسەتەم بۆ ڕێک نەکەوت چونکە چاوپێکەوتنی هەبوو و نەمتوانی چاوم پێی بکەوێت، کە گەیشتمە قاهیرە لە ناو فرۆکەخانەی قاهیرە زۆر قەرەباڵغ بوو بۆ ماوەیەکی زۆر فرۆکەکە نەیتوانی بنیشێتەوە چونکە فرۆکەی زۆر لێبوو زۆر دوور کەوتینەوە لە شارەکە و ئێمە زۆر ماندووبوین و کاتێک پێشوازیمان لێکرا لەلایەن پەیمانگاکەوە و یاوەرمان بوون تا جێگەی حەسانەوەمان و هەر لە خودی پەیمانگاکەوە دەنوستین چونکە هەموو نوێنەری دەوڵەتانی عەرەبی بەشداری ئەو پەیمانگایە بوون و زۆرینەی دەرسەکانی مامۆستاکان لەسەر نەوت بوو و چۆن سەندیکاکان ڕەفتار بکەن لە کاتی دانوستاندا و کۆمپانیاکانی نەوت و بەڕێوەبرنی ئیش و کاری

کرێکاران و جگە لە خوێندنی (تیۆری و چاوپێکەوتنی دەرەوەمان هەبوو بۆ نمونـە ڕۆژێک سـەفەرمان کرد بەناو ئـاوی نیل بەڕاسـتی سـەفەرێکی زۆر بەچێـژ بـوو خەڵکـی قاهیـرە زۆر کـراوە بـوون تاکـو گەیشـتینە ئـەو جێگەیـە زۆر بـە خۆشـی و گۆرانـی وتنـەوە بەڕێکەوتبوویـن هەروەهـا گەڕانەوەشـمان و ڕۆژێـک گەشـتیان پێکردیـن بـۆ (ئەسـکەندەریە) لەسـەر (دەریـای سـپی ناوەڕاسـت) بەڕاسـتی شـارێکی خـۆش و پـاک و خاوێـن بـوو و زۆر دڵگیـر بـوو لـەو کاتـە لەسـەردەریاکە ئۆتێلیـان دروسـت ئەکـرد بـە نـاوی (هۆتێلـی فەڵەسـتین) و چویـن کـە تـازە دروسـت ئەکـرا بەڕاسـتی ئۆتێلێکـی زۆر گـەورە بـوو و مـاوەی چەنـد سـەعاتێک لـە ئەسـکەندەریە مابنـەوە و گەڕاینـەوە بـۆ قاهیـرە بـۆ شـوێنی خۆمـان دوای چەنـد ڕۆژێـک گەشـتیان پێکردیـن بـۆ ئەهرامـات کـە شـوێنەوارێکی مێـژووی بـوو و زۆر جێگـەی سەرسـوڕمان بـوو کـە ئەهراماتەکـە بـە شـێوەیەکی ئەندازیـاری دروسـت کرابـوون و گەشـتیارانی دنیـا سـەردانی ئـەو شـوێنەیان دەکـرد و زۆر خەڵکـی میسـری بـەو هۆیـەوە ئەژیـان و لـەو جێگەیـە شـوێنێکیان دروسـت کردبـوو پێیـان ئـەوت (صـوت الضـوء) واتـە دەنگـی ڕووناکـی کـە ئیشـیان پـێ دەکـرد لەگـەڵ تیشـکەکە دەنـگ دەردەچـوو باسـی ئەهراماتـی دەکـرد چـۆن بـووە و چەنـد سـاڵ پێـش ئێسـتا دروسـت کـراوە لـە کاتـی فرعەونیـەکان و هەروەهـا باسـی شارسـتانییەتی میسـری دەکـرد و وای پیشـان دەدا کـە میسـر کۆنتریـن شارسـتانییەتە جارێـک ئێمەیـان ئەبـرد بـۆ شـوێنێک کـە ڕۆژێکیـان چوویـن بـۆ قـەڵای محەمـەد عەلـی پاشـا و ڕۆژێکـی سـەردانی مۆزەخانـەی قاهیرەمـان کـرد کـە چـۆن فیرعەونیـەکان توانیویانـە نەمرود مۆمیا بکەن بە چاوی خۆمـان دیمان چۆن مردوویان مۆمیا کردوە بەڵام نابێت دەستی لێ بدرێت تەنها بۆ تەماشاکردن بوو.

ئەویـش دەسـتکەوتێکی بـاش بـوو بـۆ خەڵکـی میسـر کـە هەژاریـان پێوە دیار بوو چونکە بۆ ماوەی دوو ساڵ بوو لە جەنگدابوون لەگەڵ

ئیسـرائیل و ڕزگاریـان بـوو تاکـو پـارەی میسـری (جونیـەی میسـری) قیمەتەکەی کەمتر بوو لـە دینـاری عێراقی، ئـەو کاتـە مامۆسـتاکانیان زۆر هـەژار بـوون و موچـەی کەمیـان وەردەگـرت کـە چەنـد (جونیەیـەک) بـوو و هەروەهـا ڕۆژێـک بانگهێشـت کرایـن بـۆ (صحـاری سـتی) ئۆتۆمبێلێکـی میسـری هـات بەشـوێنمان و پیاوێـک لێـی دەخـوڕی و ئێمـە دوو سێ قوتابی لەگەڵـی سـەرکەوتین بـۆ ئـەو شـوێنەی دانرابـوو بـۆ ئاهەنـگ گێـڕان بـۆ قوتابیـان، پیاوێکـی قسـە خـۆش بـوو کراسـێکی نیوقۆڵـی لەبـەر کردبـوو و ئێمـە وامـان دەزانـی شـۆفێرە ناردویانـە بەدوامانـدا بـەڵام لـە دوای گفتوگـۆ لەگەڵـی لێمـان پرسـی جەنابـت چییـە؟ وتـی مـن (عەلـی سـەید عەلی)ـم ئەندامـی قیـادەی پارتـی بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتی عەرەبیـم، بەڕاسـتی جێگـەی پێزانیـن و ڕێزلێنانـە کـە پیاوێـک بـەو لێپرسـراوێتیەوە و بـەو تەمەنـەوە ئۆتۆمبێلێـک لێدەخوڕێـت وە لەگـەڵ قوتابییـەکان ئاهەنـگ دەگێڕێـت، چونکـە بەداخـەوە لـە کـەم وڵاتـی عەرەبـی بـەو سـادەییە ئیـش و کار دەبـەن بەڕێـوە، دەرکـەوت خەڵکـی میسـر زۆر ڕۆشـنبیرە و گـوێ بـە خۆپەرسـتی نـادەن هەمـوو شـوێنە دیارەکانـی میسـری پیشـاندایـن و یەکێـک لـەو شـوێنە گرنگانـە (مۆزەخانـەی شـەمع) بـوو کـە زۆر نایـاب بـوو جێگـەی سەرسـوڕمان بـوو کـە سـەیرت ئەکـرد هەروەکـو زینـدوو دەهاتـە پێـش چـاوت و بەنـدە چەنـد وێنەیەکـم گـرت بـەڵام بەداخـەوە ئەمنـی کەرکـوک لەگـەڵ ماڵەکـەم تاڵانیـان کـرد، زۆر بەداخـەوە لـە سـاڵی ١٩٦٩ شـەڕێکی براکـوژی ڕوویـدا زۆر کەسـی قارەمـان و پێشـمەرگەی قارەمانی تێدا شـەهید کرا بـەڕای بەنـدە ئەبوایـە ئـەو شـەڕە ڕووی نەدایـە چونکـە زیانـی میللەتـی کـورد بـوو لـە دوژمـن زیاتـر کـەس سـودی لـێ نـەدی، چەنـد هەڤاڵێـک لـەو شـەڕەی ناوچـەی جەبـاری شـەهید بـوو کـە زۆر ئـازاو دڵسـۆزبوون، ئەندامـی ناوچـەی کەرکـوک بـوون وەکـو شـەهید (جـەلال کەریـم، هەڤـاڵ فەیزوڵـڵا محەمـەد) کـە دەسـتگیر کـرا لـە دواییـدا

شـەهید کرا، لـە هەمـان شـەڕدا شـەهید کامیل مـەلا وەیسـی شـەهید کـرا کـە سـەرکردەیەکی ئـازا و دلێـر بـوو و چاونەتـرس دوژمـن بەزێـن بـوو لـە هەمـوو شـەڕەکاندا سـەرکەوتوو بـوو چەنـد جارێکیش برینـدار کرابـوو مەخابـن ئـەو هەمـوو پێشـمەرگە ئـازا و قارەمانانـە لـە شـەڕی براکـوژی شـەهید بـوون، ئەمـە یەکێکـە لـە نەهامەتییەکانـی میللەتەکەمـان ئـەو ساڵە بەڕاسـتی سـاڵێکی پـڕ لـە ئـازار و ئاڵـۆزی و ناخۆشـی بـوو!.

### کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لێپرسراوی بەعس

لـە دوای ١١ ئـازاری ١٩٧٠ زۆربـەی سـەرکردەکانی باڵـی (م.س) گەیشـتنە کەرکوک و ڕەوانشـاد (مـام جەلال)ـیش و هەمـووان دەیانویسـت بـەرەو بەغـدا بـڕۆن و بـەر لـەوەی بـەڕێ بکـەون بـۆ بەغـدا (مـام جـەلال) نـاردی بـە دوای بەنـدە لەگـەڵ کاک نورەدیـن عەبدولڕەحمـان گوتـی ئەمەوێت ئێسـتا بـڕۆن بـۆلای (فـەرع)ی حزبـی بەعـس بزانـن ڕایـان چییـە لەسـەر باڵـی (م.س) و دوا ڕۆژ چـۆن دەبێـت، ئێمـەش ڕۆشـتین بـۆلای لێپرسـراوی بەعـس لـە کەرکـوک کـە ئـەوکات (بورهـان عەبدولڕەحمـان تکریتـی) بـوو کۆبوونـەوەمـان لەگەڵـی کـرد و باسـی ئـەم هـەل و مەرجـەی کـە هاتووەتـە پێشـەوە و ڕەفتاریـان لەگـەڵ باڵـی (م.س) چـۆن دەبێـت و لـە وەڵامـدا وتـی هیـچ کاتێـک دەسـت بـەرداری ئێـوە نابیـن و هـاوکاری یـەک دەکەیـن و ئێـوە بـرای ئێمـەن و بەبـێ ئێـوە هیـچ شـتێک ناکەیـن چونکـە ئێـوە بەشـە ڕۆشـنبیرەکەی کـوردن و دڵنیاتـان دەکەینـەوە ئـەم بڕیـارە بـۆ هەمـوو کـوردە لـە دوای ئـەو هەمـوو گفتوگۆیـە گەڕاینـەوە بـۆلای ڕەوانشـاد (مـام جـەلال) و گفتوگۆکەمـان لەگـەڵ لێپرسـراوەکەی بەعـس بـۆ باسـکرد و وتـی زۆر باشـە ئەمـە شـتێکی دڵخۆشـکەرە ئەگـەر ڕاسـت بکـەن ئیتـر هەمـوو بـەرەو بەغـدا ڕۆشـتین.

## بەیانی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠

لـە (٨/ئـازاری/١٩٧٠) وەفدێـک بـە سـەرۆکایەتی سـەدام حوسـێن سـەردانی کوردسـتانیان کـرد بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ (بارزانـی) بـۆ ئـەوەی بتوانـن چارەسـەری کێشـەی کـورد بکـەن بـەڵام هەتـا ٨ی ئـازار نەگەیشـتنە هیـچ ڕێککەوتنێـک لـە دوای سـێ ڕۆژ لـە (١١/ئـازار/١٩٧٠) بەیانـی (١١/ئـازار) دەرچـوو و هەمـوو لایـەک لـە کوردسـتان پشـتگیریان لـەو بەیانـە کـرد و باڵـی (م.س) بەیانێکـی دەرکـرد و پشـتگیری خـۆی ڕاگەیانـد و خەڵکێکـی زۆر بـەرەو پارتـی ڕۆشـتن بـەو خەیاڵـەی مافـی کـورد دیـاری کـراوە و هەمـوو شـتێک کۆتایـی هاتـووە بـەڵام بـەڕای مـن هەرچەنـدە ئـەو بەیانـە لـە ڕووی سیاسـییەوە دەسـتکەوتێکی بـاش بـوو بـۆ کـورد بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا (بەعـس) بـۆ ناکۆکـی لـە نێـوان حزبـە کوردیەکانیـان دروسـتی کـرد چونکـە حکومـەت زۆر لاواز بـوو لـەو کاتـەدا و بـۆ ئـەوەی بارودۆخێکـی نالەبـار ڕوو نـەدات لـە کەرکـوک باڵـی (م.س) بڕیاریـدا هەمـوو لێپرسـراوەکان بـەرەو بەغدا بڕۆن و ئـەو بڕیـارە جێبەجێ کـرا بـەڵام بەنـدە وەکـو لێپرسـراوی ناوچـەی کەرکـوک لەگـەڵ چەنـد هەڤاڵێـک ماینـەوە و ئەندامـی کارگێڕی لقـی کەرکـوک و سـکرتێری گشـتی سـەندیکاکانی کرێکارانـی کەرکـوک بـووم و پاراسـتنی حـزب، حـزب داوای لـە حکومـەت کـرد چـوار پۆلیسـم بـۆ دیـاری بـکات کـە پاسـەوان بـن لـەلام و لـە دوای ماوەیـەک ڕۆژێکیـان کاک (عومـەر دەبابـە) تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و پێـی وتـم کـە پێویسـتە لـە بەغـدا ئامادەبـم و منیـش چـووم بـۆ بەغـدا بـۆ ماڵـی کاک عومـەر کۆبوینـەوە و ڕەوانشـاد (مـام جـەلال) و مەحمـود مـەلا عیزەت و سـمکۆ و کاک نورەدیـن ئامادەبوون و بەڕێـز کاک عومـەر دەبابـە باسـی هـەل و مەرجـی نالەبـاری حزبـی کـرد لەگـەڵ گۆڕانـی هـەل و مەرجـی عێـراق لـە دوای (١١/ئـازار) پێویسـتە حـزب بـەردەوام بێـت لـە

چالاکی بەڵام سەرکردایەتی ئێستا ناتوانن بە ئاشکرا ئیش و کار بکەن بۆیە بڕیاردرا سەرکردایەتییەکی نهێنی دروست بکەن بۆ ئیش و کاری حزب و ئەوانیش هەوڵ ئەدەن بچنە دەرەوەی عێراق و ئێمە دەست نیشان کراین بۆ ئەو فرمانە بۆ ئیش و کاری حزب بە نهێنی و ئێمەش ئامادەیی خۆمان پیشاندا و داوامان کرد هەموو ئەو پارە و پولە هەیە بدرێتە دەستمان بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکە و بۆ بەردەوامی حزب وتیان باشە بەڵام ئێستا ئێوە بگەڕێنەوە و ماوەیەکی دیکە تەلەفۆنتان بۆ دەکەین بۆ ئەم مەبەستە ئێمە گەڕاینەوە بۆ شارەکانمان .

ڕۆژێکی کاک (عومەر دەبابە) تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ کۆبونەوە و چووم بۆ بەغدا کۆبونەوەکە بەرەو ئێوارە ئەڕۆیشت و کاک عومەر وتی نەجمەدین باوکت لە ئۆتۆمبێل وەرگەڕاوە و توشی کارەسات بووە وابزانم بریندارە، منیش وتم کاک عومەر ئەگەر ئەمری خودای کردووە بۆ ئەوەی ئێستا بڕۆم ئەویش ڕاستەوخۆ وتی (ئەرەوەڵلە ئەمری خوای کردووە) منیش بەڕاستی زۆر ناڕەحەت بووم و بە برادەرانم ڕاگەیاند ئەبێ ئیستا بڕۆم بۆ کەرکوک بۆ ئەوەی بەشداری ناشتنی باوکی ڕەحمەتیم بکەم ئەوانیش هەوڵیان دا کە بەم شەوە نەڕۆم درەنگە بەڵام هەر سوور بووم لەسەر ڕۆشتن ئیتر برادەران کاک نورەدین عەبدولڕەحمان و کاک شێخ ستار و کاک شەوقی حەمەخان لەگەڵم هاتن بۆ گەراجی نەهزە لە بەغدا لەوێ ئۆتۆمبێلی تایبەتیم گرت بە پێنج دینار بە کرێ بەڵام زۆر تێک چووم بە مردنی باوکم شەوێکی درەنگ گەیشتمە کەرکوک و برا گەورەکەم لەگەڵ کەس و کارمدا ناشتبویان و نەگەشتمە سەر جەنازەکەی ئیتر بۆ سبەینێ لە مزگەوتی شۆڕجە پرسەمان دانا و بۆ مێژوو هەموو دۆستان و برادەران و خزمان ئامادەبوون بەڵام ئەمەوێت باسی دوو پیاوی ناودار بکەم کە یەکێکیان کۆچکردوو کاکە (حوسێن خانەقا) و مام (محەمەد محەمەد

عەلی) کە تاکو تەعزێکە تەواو بوو سێ ڕۆژ لەگەڵم بوون نەک شتێکی نەخوازراو ڕوویدا چونکە کاتی (١١/ئازار) بوو و زۆر هەڵپەرست و هەندێ شتی ناماقوڵیان دەکرد بەڵام ئەو ماوەیە هیچ ڕووی نەدا و بەکورتی باسی ئەو دوو پیاو ماقوڵەی کەرکوک ئەکەم چونکە کاک حوسێن خانەقا یەکێکە لە پیاوە ماقوڵەکانی کەرکوک و ئەو بنەماڵەیە (خانەقا) جێگەی باووباپیریانی گرتبوو و شەو و ڕۆژ دەرگای کراوەبوو چین و توێژەکانی کەرکوک بە کورد و تورکمان و عەرەب ڕوویان تێ دەکرد و هەر پێویستیەکیان هەبوایە کاک حوسێن بە ڕەحمەت بێت بۆیانی کار ئاسان ئەکرد وە هەوڵی دەدا بۆ چارەسەری کێشەکانیان بەڵام بەداخەوە حکومەتی بەعس زۆر گیروگرفتی بۆی دروست کرد بە تایبەتی پارێزگاری کەرکوک ئەو کاتە (شوکری حەدیسی) بوو، باسی کۆچکردوو (محەمەد محەمەد عەلی)م کرد پیاوێکی ماقوڵی عەشیرەتی گل بوو یەکێک بوو لە سەرۆک عەشیرەتەکە و هەمیشە هەوڵی ئەدا گیروگرفت لەناو عەشیرەتەکەی چارەسەر بکات و پیاوێکی ناودار و خۆشەویست بوو...

لە دوای (١١/ئازار) ئەحمەد حەسەن بەکر کە سەرۆک کۆماری عێراق بوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لێیان پرسی ئەو چەکدارانە کە ئێستا هەن چیان لێ ئەکەن گوتی هەموویان (ئەفواج خەفیفە – یان حەرەس حدود) حەل ئەکەین و گوتیان ئەی جەماعەتی (جەلال تاڵەبانی) وەڵامی دایەوە وتی ئەوانیش بڕیارێکی لەسەر ئەدەین و لەگەڵیان تێ گەیشتنێک ئەکەین بەڕاستی ئەمە زۆر شتێکی دڵ تەنگ بوو بۆ ئەندامان و سەرکردایەتی حزب دەرکەوت هەوڵی چەک کردنی (م.س) لە ئارادایە لە کەلار و بەکرەجۆ، بۆیە حزب کۆنفرانسێکی بەست لە ڕۆژی (١٩٧٠/٩/١٠ تاکو ڕۆژی دواتر) دوای کۆنفرانسەکە گواسترایەوە بۆ ماڵی کاک عومەر دەبابە و هەوڵ بدرێت لەم تەنگ و چەڵەمەیە

رزگار بێت و کاتی ئەوە هاتووە وەکو ئەڵێن (کات وەکو شمشێر وایە نەیبڕیت ئەتبرێت) وەکو کورد ئەڵێت (جێی مشت پا لەقەیە) ئەویش پێویستە لەگەڵ بارزانی دەرگای گفتوگۆ بکرێتەوە جەنابی (بارزانی)یش هەولی دەدا لەگەڵ باڵی (م.س) رێک بکەوێت و نوێنەری خۆی نارد بۆ بەغدا ئەویش (فاخر مێرگەسوری) بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ (م.س) بۆیە (م.س) داواکاریەکەی (بارزانی) پێ باشبوو و بڕیاریدا شاندێک بنێرێت بۆلای بارزانی بۆ تێگەیشتن لەو ڕووە و لە کۆبونەوەکە (م.س) بڕیاریدا سەرۆکی شاندەکە (مام جەلال) بێت، لەو کۆبوونەوەیە بڕیاری شاندەکە درا، بەڕێزان مام جەلال، کاک عومەر دەبابە، کاک عەلی عەسکەری، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ناوی بەندە (نەجمەدین گلی) کە لێپرسراوی کەرکوکە ئەبێ ئەندامی شاندەکە بێت و شاندەکە پێک هاتبوو لەم بەڕێزانە (نەجمەدین گلی، جەمال حەکیم، ئەحمەد داودی، شازاد سائیب، تەیب محەمەد) چونکە دوای (١١/ئازار) خەڵکێکی زۆر بەرەو پارتی دەڕۆیشتن بەو خەیاڵەی مافی کورد دیاری کراوە بەڵام بەڕای بەندە هەرچەندە ئەو بەیانە لە ڕووی (یاساییەوە) وەکو پێشتر باسم کرد دەستکەوتێکی باش بوو بۆ کورد بەڵام لە ناوەڕۆکدا حزبی (بەعس) بۆ دروست کردنی ناکۆکی و دوو بەرەکی بوو لە نێوان (حزبە کوردیەکان) چونکە ئەو کاتە حکومەت زۆر لاواز بوو ماوەیەکی باش بوو بۆ پشودان تا خۆی ڕێک دەخاتەوە و بەهێزتر بێت .

***

## بەیانی ئازار / ١٩٧٠

لـەدوای بەیانـی ئـازار/ ١٩٧٠ کـە ڕاگەیەنـرا لـە نێـوان بارزانـی و ڕژێمـی سـەدام بـۆ ئـەوەی (ئۆتۆنۆمـی) بدرێتـە کوردسـتان و بڕیـاردرا مـاوەی چـوار سـاڵ جـێ بەجـێ بکرێـت بـە مەرجێـک کێشـەی کەرکـوک دوابخرێت بۆ دوای ئـەو چـوار ساڵە بـەڵام دوو ساڵی پـێ نەچـوو ڕژێـم دەسـتی کـرد بـە ئـاژاوە نانـەوە و دروسـت کردنـی ناکۆکـی و هەوڵـدان بـە کوشـتنی سـەرۆکی پارتـی لـە نـاو بارەگاکـەی خۆیـدا و کوشـتنی کوڕەکـەی ئیدریـس بارزانـی لـە بەغـدا و سـەدام حسـێن پەشـیمان بـوەوە لـە بەڵێنەکـەی و شـەڕی دەسـت پێکـرد بـەر لـەوەی ماوەکـە تـەواو بێـت و هەوڵـی لـە ناوبردنـی شـۆڕشـیدا و کەوتـە فڕوفێڵـێ کـە ڕێکەوتننامـەی (جەزائیـری) لـێ کەوتـەوە لـە نێـوان سـەدام و شـای ئێـران و ناوبـژی کردنـی (هـواری بومدیـن) و ئـەم کارەش زۆربـەی دەوڵەتـە عەرەبییـەکان پێیـان خـۆش بـوو و پیرۆزباییـان لێکـرد بـۆ کۆتایـی شـۆڕشـی کـورد. بـەڵام بـە هیمەتـی ڕۆڵەکانـی کوردسـتان ڕۆڵـە بـە جەرگەکانـی سـاڵێکی نەبـرد شـۆڕشـی نـوێ دەسـتی پـێ کـرد، بـە هەمـوو ڕێکخراوەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی و چەنـد ڕێکخسـتنی کـە، بەڵام ڕژێمـی دیکتاتـۆری بەعـس بـە دڕندانـە لەگەڵ میللەتەکەمـان ڕفتـاری کـرد، ٤٥٠٠ دێـی کـوردی وێـران و خاپـور کـرد لـە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتان وە خەڵکـی بـێ تاوانـی کیمیـا بـاران کـرد، خەڵکـی ئـەو دێهاتانـە بـە نـاوی (ئەنفـال) بـێ سـەرو شـوێن کـرد بـەڵام لـە دوای شــەڕی کوەیـت بەسـەر شـۆڕی گەڕایـەوە جارێکـی کـە میللەتـی عێـراق و کوردسـتان ڕاپەرینیـان ئەنجامـدا لـە دژی ڕژێمـی بەعـس.

## ڕۆیشتنی شاندەکە بۆلای مەلا مستەفا بارزانی

ڕۆژێک کاک عومەر دەبابە تەلەفۆنی بۆ کردم کە بەندە لە کەرکوک بووم بە مەبەستی ئامادەبوونم لە بەغدا و پێی وتم ئەبێ بێیت چونکە ئیشمان پێتە منیش ڕۆیشتم بۆ بەغدا بۆ ماڵی کاک عومەر دەبابە و لەوێ کۆبونەوە کرا لەو کۆبونەوەیە (مام جەلال و جەمال حەکیم و شازاد سائیب و تەیب محەمەد و ئەحمەد دادی) ئامادەبوون کاک عومەر سەرپەرشتی کۆبونەوەکەی دەکرد و وتی لەبەر بەرژەوەندی میللەتەکەمان بۆ ئەوەی دوژمن سودبەخش نەبێ لەو دوو بەرەکیە نێوان ئێمە و بارزانی، جەنابی مەلا مستەفا نوێنەری ناردووە بۆ گفتوگۆ کردن ئەویش کاک فاخیر مێرگەسوری بوو و ئێمەش داواکاریەکەیمان قبوڵ کرد و بڕیارماندا شاندێک بۆلای جەنابی مەلا مستەفا بنێرین بە سەرۆکایەتی مام جەلال بەڵام هەولدەن زۆربەی قسەکان مام جەلال بیکات چونکە مام جەلال شارەزای بارزانی هەیە و ئەزانێ چۆن لەگەڵی بدوێت و ئێمەش قبولمان کرد و کاک فاخر چاوەڕوان بوو و چووین بۆلای بۆ ئەوەی بەرەو حاجی ئۆمەران بەڕێکەوین و ئەو یاوەری شاندەکەیە بۆلای مەلا مستەفا، بەڕێز مام جەلال شاندەکەی پێشکەش کرد یەکە یەکە تاکو هاتە سەر بەندە کاک فاخر وتی مام جەلال دووجار محاوەلەی کوشتنیان کرد لە کەرکوک بەڵام سەرنەکەوتن ڕەوانشاد مام جەلال دەستی خستە سەر شانم و وتی کاک فاخیر واللە باشبوو ئەم کوڕە باشە نەکوژرا (ئەمە بۆ مێژوو) کاک فاخیر ئۆتۆمبێلێکی مارسیدسی سپی هەبوو وتی مام جەلال حەز دەکەم کاک نەجمەدین لە پێشەوە بێت مام جەلالیش وتی باشە منیش کتێب دەخوێنمەوە لە خانەی دووەم سەیارەکە تاکو گەیشتە کەرکوک و گەیشتینە لقی کەرکوک داوام کرد مۆڵەتم بدەن بۆ گۆڕینی جل و

بەرگەکەم کە چووم بۆ بەغدا پانتۆل و چاکەتم لەبەر بوو بەڵام پێویست بوو بیگۆرم و جل و بەرگی کوردی لەبەر بکەم دوای بۆ ماوەیەک گەڕامەوە لایان و کەوتینە ڕێ بەرەو شاری هەولێر و گەیشتینە لقی هەولێر دابەزین و خەڵکێکی زۆر پێشوازی لێکردین و زۆر پێیان خۆشبوو ئەیان وت (الحمدالله کورد بوو بە یەک) ئەم کارە لە بەیانی (١١ ئازار) سود بەخشترە بۆ کورد و ئیتر هیچ دوو بەرەکی و براکوژی ڕوونادات و یەک بوونەوەی کورد هەموو مافەکانمان بەدی دەهێنێت و جارێکی تر دوژمنانی کورد سود بەخش نابن لەو ناکۆکیە، لە دوای نان خواردن بەرەو حاجی ئۆمەران بەڕێکەوتین و ماوەیەک ڕۆشتین قەرەباڵغی زۆر بەرەو هەولێر دەهات مام جەلال پرسی ئەو تۆز و قەرەبالغیە چییە کاک فاخیر وەڵامی دایەوە و وتی ئەوە سەعدون غێدانە کە وەزیر داخلی بو لەلای بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، مام جەلال وتی ئەگەر گەیشتینە لایان ڕاوەستە با چاوم پێی بکەوێت و مام جەلال زۆر مەبەستی بۆ ئەوەی بیبینێت و گەیشتینە لایان ڕاوەستان و لەگەڵ سەعدون غێدان کە بەڕێیان دەکرد (ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی) خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بوو و بەڕێیان دەخست ئیتر هەموومان دابەزین و سەعدون غێدانیش دابەزی کە چاوی بە مام جەلال کەوت زۆر تێک چوو و پرسیاری کرد و بە عەرەبی وتی (وین) مام جەلال بە عەرەبی وەڵامی دایەوە گوتی (أنت امنین جاي احنا رايحيلە) و بەڕێزان (ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی) وتیان فەرموون برۆن ئەم پیاوە بەڕێ دەخەین و دێین بۆ خزمەتتان ئێمەش درێژەمان دا بە سەفەرەکەمان بەرەو حاجی ئۆمەران کاتێک گەشتینە ماڵی بارزانی دابەزین و جێگەیان بۆمان ئامادەکردبوو شاندەکە پێکەوە لە ژوورێک بووین و لە دوای حەسانەوەمان و نان خواردن شەو ڕۆیشتین بۆ دیوەخانەکەی بارزانی و چاوەڕێمان

کرد بەڵام درەنگی شەو هات و ئێمە هەموومان دانیشتبووین کاتێک بارزانی هاتە ژوورەوە هەموو دانیشتبووین هەڵسـاین و مام جەلال ئێمەی یەکە بە یەکە بە بارزانی ناساند و یەکەم پرسیاری کرد لە مام جەلال وتی عەلی لە کوێیە ؟ مام جەلال وەڵامی دایەوە کە لە بەغدایە ئیتر هەواڵی هەموو ئەندامەکانی (م.س) پرسی مام جەلال وەڵامی دایەوە، بارزانی لەسەر کورسیەک دانیشتبوو لای ڕاستی سامی عەبدولڕەحمان و دارا تۆفیق و فرانسۆ هەریری لەلای چەپی ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی و فاخیر مێرگەسوری ئێمەش شاندەکە بەرانبەری دانیشتبووین (مام جەلال، جەمال حەکیم، نەجمەدین گلی، شازاد سائیب، تەیب محەمەد، ئەحمەد دادی) زۆر پێشوازییەکی گەرمی لێمان کرد وا دیار بوو زۆر پێی خۆشحاڵ بوو تا درەنگێک دانیشتین، بەڕای بەندە بە سەرکەوتنی زانی کە باڵی (م.س) و هەموو کورد لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی دەبێ و لەژێر چاودێری ئەو هەڵسوکەوت دەکەن، دواتر دەستکرایە گفتوگۆی چۆنیەتی ڕێکەوتن بەڵام بارزانی لە کاتی قسەکردندا دارێکی بەدەستەوە بوو لەگەڵ چەقۆیەک خەریکی چاککردنی دار جگەرەکەی بوو و لە دوای گفتوگۆ بڕیاردرا بۆ ڕێکەوتن کە ئەندامانی لق و ناوچەکان و ڕێکخراوەکان و لاوان و ئافرەتان پێک بێتەوە بەڵام ئەندامانی (لیژنەی مەرکەزی) بارزانی خۆی ئیشیان بۆ دیاری دەکات لە کاتی خۆی و ئەم بڕیارەش مایەوە کە بڕیاری لەسەر بدات و لە دوای چەند ڕۆژێک بە شەوان کۆتایی پێهات و لە کۆتایی کە پێویستە بگەینە بارزانی هەریەکە لە ئێمە دارجگەرەیەکی پێ داین و ئێمەش ماڵ ئاواییمان لێکرد و بگەڕێینەوە بۆ بەغدا لە دەرچوونمان (مام جەلال) وتی سەرێک لە مەکتەب سیاسی پارتی بدەین بەڵام هەندێکمان پێمان وت پێویست ناکات بەڵام مام جەلال سوور بوو لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە و بڕیاریدا کە بڕۆین کاتێک گەشتین کاک

(عەلی عەبدوڵڵا) لە دەرەوە بوو وتی مام جەلال چێتان کرد و مام جەلال بە دەنگێکی بەرز وتی (تەواو لەگەڵ بارزانی ڕێککەوتین) چووینە ژورەوە و حەبیب محەمەد کەریم کە سکرتێری پارتی بوو لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان دانیشتبوو و دکتۆر مەحمود عوسمان هەندێک ڕەنگی تێک چوو بەڵام مام جەلال زوو وتی برادەران ئێمە سەرکردایەتی هیچ بەرپرسیارێتیەک وەرناگرین ئیتر هێور بۆیەوە و کەمێک دانیشتین و هەڵساین بەڕای بەندە مام جەلال ویستی پێیان بڵی ئێوە هیچ دەورێکتان نییە هەموو شتێک بارزانی خۆیەتی، ئیتر بەڕێکەوتینەوە بەرەو بەغدا بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیە تاوتوێ بکرێت لەگەڵ (م.س) و بڕیاری لەسەر بدەن.

**تێبینی:**

لە بیرەوەرییەکانی ڕەوانشاد (مام جەلال) بەداخەوە باسی ئەو ڕووداوە ناکات کە شاندێکی (م.س) بەرەو بارزانی ڕۆیشتن کە هەموو کورد و کوردستان چاوەڕوانی ئەو ڕێکەوتنە بوون کە هەنگاوێکی پیرۆز بوو بۆ ڕێکخستنی میللەتی کورد کە ئەبوایە بۆ مێژوو ئەم ڕووداوە گرنگە باس بکرێت نازانم لە بیرچوو ـ یان بەڕێز کاک سەلاح ڕەشید نوسەری ئەو بیروباوەرە بوو نەیویستوە باسی ئەو شاندە بکات هەرچەندە هەموو خەڵکی کوردستان و ئەندامانی حزب بەو ڕووداوە ئەزانن بەڵام پێویست بوو کاری وا گرنگ بۆ مێژوو باس بکردایە چونکە پێکهاتنی دوو حزب دەستکەوتێکی باشە هەرچەندە زۆر لە ڕۆژنامە و چاوپێکەوتن باسی ئەو شاندە دەکات.

لەبەر هەندێ بۆچوونی جیاواز لە نێوان بارزانی و (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و دیموکراتی ڕاستەقینە بۆ عێراق شەڕێکی خوێناوی دوور و درێژ هەڵگیرسا لە

مانگی (١٩٦٤/٥) تا دەرچوونی بەیانی (١١/ئازار/١٩٧٠) لە نێوان بارزانی و حكومەتی بەعس بە درێژایی ئەم شەڕە خوێناوییە هەزاران بریندار و شەهید لە هەردولا ڕوویدا، بەڵام لەلایەک باڵی (م.س) ماندوو بوو و كوژرانی زۆر بوو هەندێک لە ئەندامان و دۆستانمان دەربەدەربوون بەلایەكی دیكە لە بەیانی (١١/ئازار) هەندێ دڵخۆشكەر بوو لە كوردستان و دەوروبەری و وڵاتە زلهێزەكان پێیان باش بوو لەگەڵ چەند هۆیەک باڵی (م.س) فشاریان لەسەر بوو كە لەگەڵ بارزانی ئاشت بنەوە ئەبوو دەست پێشخەری بارزانی لە ڕێگەی خوالێخۆشبوو فاخیر مێرگەسووری هاتە بەغدا لە سەرەتای مانگی (١٩٧٠/١١) پاش چەند كۆبوونەوەیەک چۆنیەتی ڕێكەوتنەكە دیاری بكرێت لەبەر ئەوەی ئەم ڕێكەوتنە پێویستی بە بڕیاری حزب هەیە وەكو بەڕێز كەمال محێدین ئەڵێت (م.س) بریتی بوون لەم بەڕێزانە.

١ – بەڕێز كۆچكردوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سكرتێری حزب بوو.

٢ – بەڕێز كۆچكردوو كاک عومەر مستەفا (عومەر دەبابە)

٣ - بەڕێز كۆچكردوو مامۆستا عولەما زەبیحی

٤ - بەڕێز كۆچكردوو مام جەلال تاڵەبانی

٥ - كاک كەمال محێدین

٦ – حلمی عەلی شەریفی كۆچكردوو لە حزبدا نەمابوو

٧ – هەڤاڵ د.عەزیز لە دەرەوەی وڵات بوو .

ئەم هەڤاڵانە بڕیاریان دا كۆنفرانس ببەسترێت بۆ بڕیاردان و چۆنیەتی ئەم ئاشت بوونەوە و پەسەندكردنی، بڕیاردرا لە ڕۆژی (١٩٧٠/١١/٢٧) لە بارەگای (م.س) لە شەقامی فەڵەستین لە بەغدا كۆنفرانسێک بكرێت و بۆ ڕۆژی دووەم (١٠٥) ئەندام نوێنەری لق و ناوچەكان ئامادەبوون و بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وتارێكی تێروتەسەلی

خوێنـدەوە لەسـەر هەمـوو لایـەک و وەزع و هەلومەرجـی کوردسـتان و خۆمـان و زیـان و باشـیەکانی ڕێکەوتـن لەگـەڵ بارزانـی ڕوونکردنـەوە پـاش گفتوگۆیەکـی چڕوپـڕ بـۆ مـاوەی (٦ ڕۆژ) کۆنفرانسـەکە بڕیـاری پەسـەندکردنی ڕێکەوتنەکـەی دا بـەو مەرجانـەی بڕیـاری لەسـەردرا.

لـە کاتـی دەنـگ دان (٩٣) نوێنـەر لەگـەڵ ڕێکەوتـن بـوو (١٢) نوێنـەر لەگەڵـی نەبـوون ئەوانـەی لەگەڵـی نەبـوون ئـەم هەڤاڵانـە بـوو:

(مـام جـەلال، نەوشـیروان مسـتەفا، عولەمـا زەبیحـی، مەحمـود مـەلا عیـزەت، بەکـر حوسـێن، سەربەسـت بامەرنـی، شـازاد سـائیب، فوئـاد مـەلا مەحمـود، بلـە ڕەش، جـەلال ناوێـک خەڵکـی هەڵەبجـە بـوو وە دوو کەسـی دیکـەش لـە بیـرم نەمـاون) دژی ڕێکەوتنەکـە بـوون و بڕیـاردرا نـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بگۆڕدرێت بـۆ پارتـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و لەسـەر پەیـڕەو و پرۆگـرام کار بـکات .

***

## ناردنی بڕیارەکانی کۆنفرانس بۆ بارزانی

بڕیـاردرا بڕیارەکانـی کۆنفرانـس بنێردرێـت بـۆ بارزانـی و لـە هەمـان کاتـدا بڕیـاردرا بەڕێـز کاک کەمـال محێدیـن کـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی بـوو لەگـەڵ عەبدولڕەحمـان بـە ئۆتۆمبێلـی کاک کەمـال محێدیـن کـە ئەوکاتـە شـۆفێرەکەی حوسـێن ماوەتـی بـوو بـەرەو بـارەگای بارزانـی بـڕۆن و ئـەو بڕیارانـەی پـێ بـدەن هەروەهـا لـە دوای گەشـتنیان کـە ئـەو کاتـە حەبیـب محەمـەد کەریـم سکرتێری پارتـی بـوو گەیشـتە لای بارزانـی و ئـەو بڕیارانـەی پێشـکەش کـرد و لـە دوای گفتوگـۆ و ڕوون کردنـەوە گەڕانـەوە بـۆ بەغـداد.

وەکو کاک کەمال دەیگێڕایەوە ئەندامانی (م.س) پارتی ئەم ڕێکەوتنەیان پێ خۆش نەبوو بەڵام بارزانی و کورەکانی بارزانی و فاخیر مێرگەسووری و زۆریان پێخۆش بوو لەگەڵ هێزەکانی ناوچەی حاجی ئۆمەران و خۆشناو وتی پێیان خۆشبوو دوای شاندێک چوون بۆلای بارزانی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و کاک عومەر مستەفا ناو شەهیدی نەمر کاک عەلی عەسکەری کاری باشیان پێ سپێردرا و کادیرەکانی (م.س) شیان خستە ناو ڕێکخستنەکانی پارتیەوە وەکو شاندەکە باسی دەکرد بارزانی دەرکەوت لە مەکتەب سیاسییەکەی خۆی بێ ئومێد ببوو باوەڕی پێیان نەمابوو بە ناچاری و توندڕەوی هەندێ لایان بوو بە هۆی ئەم وەزعە ئاڵۆز و خراپە کە زۆر لە لێپرسراوەکانی بارزانی باوەڕیان بە شۆڕش نەمابوو هەر بۆیە بە بڕیاری بارزانی و کوڕەکانی لیژنەیەکیان پێکهێنا بەسەرکردایەتی کاک کەمال محێدین و ئەندامێتی دکتۆر جەمال ڕەشید و کاک ڕەقیب حوسێن مەلا بۆ لێکۆڵینەوە لە هێزەکانی ناوچەی سلێمانی و هەولێر و دهۆک لەگەڵ وەزعی ڕێکخستنەکانیان کە زۆر خراپ بوو لێکۆڵینەوە و بڕیاری قورسی لەسەردا.

بڕیاردرا هەموو ئەندامانی لق و ناوچەکان تێکەڵ ببنەوە لە (٣/٢) ئەندامانی (م.س) بڕیاریاندا نەجمەدین گلی و کاک نورەدین عەبدولڕەحمان ببنە ئەندامی کارگێڕی لقی کەرکوک بەپێی ئەو ڕێکەوتنەکە کرابوو بەڵام ئێمە هەوڵمان دەدا خەڵکی کەرکوک ئەو بەرپرسیارێتیە وەربگرن بەڵام برادەران سوور بوون لەسەر ئەوەی زۆر پێویستە ئێمە بمێنینەوە چونکە خەڵکی کەرکوکین و شارەزایی ڕێکخستنەکانمان هەیە و ئەتوانین بگونجێین لەگەڵ برادەرانی پارتی هەرچەندە ئەوان شارەزایی کەرکوکیان نییە چونکە زۆربەیان خەڵکی دەرەوەی کەرکوک بوون و ئێمە لە بەر بەرژەوەندی گشتی ئەو

داواکاریەمـان قبـول کـرد وە بووین بـە ئەندامـی کارگێڕی لقـی کەرکـوک کـە ئـەو ماوەیـە (عەزیزعەقـراوی) سەرپەرشـتیاری لقـی کەرکـوک بـوو و ئـەم ئەندامانـەش لەگەڵمـان ئەندامـی لـق بـوون .

(سـدیق ئەفەنـدی، لێپرسـراوی لـق بـوو / کاک ڕەسـول مامەنـد، فـازڵ تاڵەبانـی، فـازڵ مـەلا مسـتەفا (فـازڵ شـوانی)، ڕەشـید عـارف، کانەبـی عومـەر) ئیتـر دەسـتکرایە ئیـش و کار ئێمـەش لەگەڵیـان کارمـان دەبـردە ڕێ و هەوڵمـان دەدا ئەندامانـی ناوچـە و ڕێکخـراوەکان تێکـەڵ بکەیـن بـۆ ئـەوەی بەیـەک ئاراسـتە هەموومـان وەکـو پارتـی ئیـش و کارەکان ببەینـە ڕێـوە هەرچەنـدە هەندێـک زەحمـەت بـوو بـەڵام هەوڵمانـدا لاپەڕەیەکـی نویێ بکەینـەوە بۆ ئـەوەی بتوانین بـە هەمـوو لایـەک شـاری کەرکـوک بـە ئارامـی بمێنێتـەوە.

بـۆ یەکـەم جـار هەموومـان لـە کۆبوونەوەیـەک لـە بـارەگای پارێـزگای کەرکـوک ئامادەبوویـن کـە ئـەو کاتـە (غانـم عبدالجلیـل) پارێـزگاری کەرکـوک بـوو کـە وەفدێـک لـە بەغـداوە هاتبـوون بـۆ کەرکـوک بـە سـەرۆکایەتی (مرتضـی عبدالباقي حدیثی) ئەندامـی قیادەی قوتـری حزبـی بەعـس بـوو هەروەهـا وەزیـری کشـتوکاڵی لەگەڵدابـوو بـە ئامادەبوونـی (غانـم عبدالجلیـل) پارێـزگاری کەرکـوک و ئێمـەش هەمـوو ئەندامانـی لـق ئامادەبوویـن و پێشـەکی باسـی بارودۆخـی کەرکـوک کـرا و پێویسـتە هەمـوو لایـەک هـەوڵ بدرێـت ئاسایشـی شـاری کەرکـوک بەرپابکرێـت و هـەر گیروگرفتێـک هەیـە بـە برایەتـی و گفتوگـۆ چارەسـەر بکرێـت بـەڵام ئێمـەش داوامانکرد لـە (مرتضـی عبدالباقي) کە ئێمـەش پێمـان خۆشـە بـەو جـۆرە هەمـوو لایـەک ڕەفتـار بکەیـن بـەڵام بەداخـەوە تـا ئیسـتا هـەوڵ ئەدرێـت کـورد لـە ناوچـە جێنشـینەکانیان دەربـەدەر بکرێـت بـۆ نمونـە ناوچـەی (حەویجە)ـمان هێنـا زۆر لـە ماڵـە کـوردەکان دەردەکرێـت و مرتضـی لـە وەڵامـدا وتـی شـتی وا نابێـت و ئێمـە لەبـەر ئـەوەی بەڵگەمـان

هەبوو زۆر سوور بوین لەسەر قسەکانمان ئەویش یەکسەر تەلەفۆنی کرد لەگەڵ قائیمقامی حەویجە و وتی شتی وا ڕووی نەداوە بەڵام ئێمە قەناعەتمان بەقسەکەی نەکرد و وتمان لە کۆمپانیای (کۆکا کۆلا) ئەو کاتە (ئەحمەد دلیمی) بەڕێوەبەری بوو زۆر خەڵکی دامەزراند بەڵام یەک دوو کوردی تێدایە کە ئەمەش ناهەقیە و بڕیاردرا لیژنەیەک پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە کە ئەو کاتە فازڵ شوانی لێپرسراوی کرێکارانی پارتی بوو بەڵام وتی من واز دێنم لە لێپرسراوی کرێکاران با کاک نەجمەدین گلی ببێتە لێپرسراوی کرێکاران و حزبیش پێی قبوڵ بوو لەو کۆبونەوەیە بڕیاردرا بەندە ببێتە لێپرسراوی کرێکاران و لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە بکەم و چۆنیەتی شێوە و ڕێکاری دامەزراندنی کرێکارەکانی کارگەی کۆکا کۆلا بکەم و ئەو کاتە لێپرسراوی سەندیکای کرێکارانی کارگەکە شەهید (حەمید حوسێن) بوو و منیش دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ لێپرسراوی کارگەکە دەرکەوت عەرەبی زۆر دامەزراندوە و ئەو ڕاپۆرتە ڕاستە و ئێمەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەماندا بە حزب و لێپرسراوان بەڵام بێ سوود بوو چونکە سیاسەتی بەعس هەوڵی بە عەرەب  کردنی شاری کەرکوکی ئەدا (فازڵ مەلا مستەفا شوانی) هەوڵی ئەدا خۆی لە حزب دوربخاتەوە و بەرەو حزبی بەعس ئەڕۆیشت، لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەو پیاوە کەڵکی حزبایەتی نەماوە و ناتوانێت خۆی ڕاگیر بکات و بەردەوام بێت لەناو حزبدا بۆیە بڕیاردرا لە ڕیزەکانی حزب دەربکرێت و لە هەمان کاتدا بڕیاردرا بەندە ببێتە لێپرسراوی (مەکتەبی کرێکاران و مەکتەبی جوتیاران) ـی شاری کەرکوک لەبەر ئەوەی شارەزاییم هەبوو لە ئیش و کاری کرێکاران و پێش ئەوەی ڕێکەوتن لەگەڵ پارتی بکرێت بەندە سکرتێری کرێکارانی نەوت بووم و توانیم لەو ماوەیەدا خزمەتی کرێکارانی نەوت بکەم بە هەموو نەتەوەکانیەوە بەبێ جیاوازی لە هەموو ڕوویەکەوە

هەروەها بڕیاردرا ببم بە سکرتێری گشتی کرێکارانی کەرکوک و دوو برای بەڕێزم لەگەڵ کاک ئەنوەر عومەر و کاک حەمەڕەشید لەو ماوەیەدا زۆربەی کرێکارەکان بەرەو ئێمە دەهاتن چونکە هەمیشە هەر گرفتێک هەبوایە هەوڵی چارەسەرمان دەدا بەبێ جیاوازی و داواکاریمان بەپێی پێویست جێبەجێ دەکرد، لەو کۆبونەوەیە لە دوای گفتوگۆیەکی زۆر، باسی ڕەوشی کەرکوک کرا لەبارەی زۆرینە و کەمینەوە بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ و بڕیاردرا لە ناونووسی ساڵی (١٩٥٧) هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە وە بەندەیان ڕاسپارد بۆ پەیداکردنی ئەو تۆمارە بۆ لە یەکدانەوەی لەسەر بکرێت و لە هەمان کاتدا مەکتەبی سیاسی پێویستی پێ بوو، ئەوەی ڕاستی بێت بیرم لێ کردەوە کە چۆن پەیدای بکەم چونکە بە زەحمەت دەست دەکەوت بەڵام لە دوایدا بیرم لێ کردەوە ڕەنگە لە (مەکتەبی) گشتی کەرکوک هەبێت ئەوکاتە خوالێخۆشبوو شێخ تەحسین تاڵەبانی لێپرسراوی ئەو مەکتەبە بوو بەندەش دەمناسی و چووم بۆ لایی و دوای گفتوگۆ لەگەڵی، داوام لێ کرد گوتم کاکە شێخ پێویستم بە شتێک هەیە ئەویش یەکسەر گوتی ئەوەی پێم بکرێت جێبەجێی دەکەم گوتم پێویستم بە تۆماری ١٩٥٧ هەیە فەرمووی یەک دانەمان بە (استعارة) بیبە، بەڵام زوو بیگێڕیتەوە، منیش بەڵێنم پێدا بۆ گەڕانەوەی و تۆمارەکە نێردرا بۆ مەکتەبی سیاسی و داوام کرد لە دوایی تەواوبونی بۆمی بگێڕنەوە بۆ ئەوەی شێخ تەحسین لێپرسراویەتی نەکەوێتە ئەستۆی بەڵام بەداخەوە نەیان گەڕانەوە وە ئەویش توشی گیروگرفت بوو وە زۆر داوای لە بەندە کردبەڵام هیچ وەڵامێک نەدرامەوە ئیتر بەوجۆرە کۆتایی هات.

بە تایبەتی کرێکارەکانی کۆمپانیای نەوت کە ئەو کاتە ئینگلیزەکان بەڕێوەیان دەبرد و ڕۆژێکیان بڕیاردرا سەردانی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوت بکەین و لەگەڵی کۆببینەوە وە بۆ هەندێک ئیش و

کاری کرێکارەکان کە ئەو کاتە (حلمي سمارة) بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە بوو هەروەها بۆ یەکتر ناسین بەڵام زۆر سووربوین بۆ ئەوەی هەلی کاری زیاتر بدۆزینەوە بۆ خەڵکی کەرکوک بەڵام لە دووەم کۆبونەوە دەستمان کرد بە دانووستان لەگەڵیان بە تایبەتی داواکاریمان ئەوە بوو ئەو پارچە زەویەی لە گەڕەکی عەرەفە بکرێت بە خانوو بۆ فەرمانبەران و کرێکاران و بۆ ئەو کەسانەی لە کۆمپانیا کار دەکەن و لە دوای چەند کۆبوونەوەیەک توانرا ئەو زەویە بە دەست بهێنین و بکرێت بە شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ کرێکاران و فەرمانبەران وە بڕیارماندا بۆ جێبەجێ کردنی و هەردوولا واژۆمان کرد بۆ ئەوەی بە زووترین کات دەست بە پرۆژەکە بکرێت و بە کردەوەش دروست بوو و ئێستا خەڵکێکی زۆر سوودمەندبوون لەو دەستکەوتە هەروەها زۆر جار سەردانی چێشخانەی کۆمپانیاکەمان دەکرد بۆ دڵنیا بوون لە جۆر و خواردنی شیاو و باش بۆ کرێکارەکان و زۆر جار داخوازیەکانی کرێکاران لەڕێگەی سەندیکاوە جێبەجێ دەکرا وەکو (سەرە موچە و بەرزە موچە) ئەو ماوەیە سەندیکا لە هەموو ڕوویەکەوە کاریان بۆ جێبەجێ کردنی مافی کرێکاران ئەکرد و لە هەموو ڕوویەکەوە توانرا زۆربەی داخوازیەکان پەسەند بکرێت لەو کاتەی بەشداری (یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی)ـمان کرد توانرا مافی ئەو کرێکارانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن مافی (بیمە)ـیان هەبێت و خانەنشینیان پێ بدرێت و هەر ڕووداوێک ڕوویدات لە کاتی کارکردن مافەکانیان مسۆگەر بکرێت وەکو بریندار بوون یان خوا نەخواستە مردن لە کاتی کارکردندا و بۆ ئەوەی ئەندامەکانی سەندیکاکان هەوڵ نەدەن بۆخۆیان داخوازی بکەن چونکە ئەبێتە هۆی گەندەڵی بۆیە بڕیارماندا هیچ ئەندامێک بۆخۆی داواکاری نەبێت بەڵام لە یەکەم کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوت یەکێک لە ئەندامەکان داوای کرد خانووەکەی بگۆڕێت

بەڵام ئێمە لیمان قبوڵ نەکرد و سەرزەنشتمان کرد کە پێویست ناکات بۆ خۆت داوای دەستکەوت بکەیت، چونکە لە دابەشکردنی خانووەکانی شەریکەکەی لە ئەندامانی سەندیکا خانووی بۆخۆی وەرنەگرت بڕیارماندا بەپێی شایستە ئەو خانوانە دابەش بکرێت لەبەر ئەوە هەموو کرێکارەکان زۆر پێیان خۆشبوو کە هیچ جیاوازیەک ناکرێت و هەریەکە مافی خۆی وەردەگرێت لەو ساڵانە سەندیکاکان لە ڕووی پیشەییەوە گەشەی کردبوو و کرێکار هەستی ئەکرد پارێزەرێکیان هەیە بۆ داکۆکی و پاراستنی مافەکانیان.

***

## پرۆسەی هاوسەرگیریم

تەمەن بەرەو هەڵچوون دەڕۆیشت هاوسەرگیریم نەکردبوو هەرچەندە کەس و کارم و برادەرانم پێیان ئەوتم کاتت خەریکە تێپەڕ دەبێت پێویستە هاوسەرگیری بکەی ئەوەی ڕاستی بێت منیش لەبەر بارودۆخی سیاسی و ئاڵۆزی شاری کەرکوک هەر ئەم پرۆژەیەم دوا دەخست تاکو ساڵی (١٩٧١) بڕیارمدا ئەو داخوازیەی خزمان و کەس و کارم جێبەجێ بکەم و کچێکی خزمی خۆم هەبوو کە زۆر میهرەبان بوو لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر بوو داخوازیم کرد چونکە براکانی زۆر گونجاو بوون لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی من لە ڕوی سیاسییەوە و لە ناو حزبی شۆڕشگێری کوردستان بوون و هەروەها خۆشی بیر و باوەری لەگەڵ ئەو بۆچونە بوو لەبەر ئەوە زۆرم پێخۆش بوو لەگەڵی هاوسەرگیری بکەم و بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆسەیە ئیتر ئەوەبوو دۆستانم نارد بۆ داخوازی و بڕیار وابوو ڕۆژی (١٩٧١/٩/٢) بۆ مارەبرین بێت و جاران وابوو (قازی) لەگەڵ موختاری گەڕەک ئەهاتنە

ماڵـەوە و ئێمـەش هەمـوو کـەس و کار و خزمانمـان لەگـەڵ بـرادەران لـە ماڵـی کچـە چاوەڕوانـی قازیمـان ئەکـرد، ماوەیـەک قـازی لەگـەڵ موختـار دواکەوتـن و بینیـم هەندێکیـان بـە تایبەتـی باوکـی کچەکـە ئەیـوت بـا دواکـەویٚ بـۆ هەفتـەی ئاینـدە بەڕاسـتی منیـش زۆر پێـم ناخۆشـبوو و داوام کـرد هەندێـک چـاوەڕیٚ بکەیـن و ئێمـە لـەم مشـتومڕە دابویـن قـازی لەگـەڵ موختـار ئامادەبـوون ئیتـر دەسـت کرابـە مەراسـیمی مـارە بڕیـن و هەمـوو لایـەک پێیـان خۆشـبوو کـە دوا نەخـرا و کۆتایـی بـە ڕێوشـوێنی هـات ئیتـر دەسـت کرابـە دابەشـکردنی شـیرینی و هەڵپەڕکـیٚ و هـەل هەلـە لێـدان و دوای چەنـد مانگێـک بـۆ خۆئامادەکـردن بـۆ پێکهێنانـی ژیانێکـی نـویٚ و ئـەو کاتـە وابـوو کەسـێک هاوسـەرگیری بکردایـە ئەبوایـە چەنـد ئۆتۆمبێلێـک لەگەڵـی بسـوڕێتەوە و لەگەڕەکـی عەرەفـە بـوو کـە پێیـان ئـەوت (نیـو و کەرکـوک – New karkuk) بـاو وابـوو ڕۆژی پێنـج شـەممە ئـەم مەراسـیمە ئەنجامـدرا بـە دەهـۆڵ و زوڕنـا و گۆرانـی وتـن  کـە بـوک دابـەزی لەنـاو ئۆتۆمبێـل ئەبـیٚ زاوا زوو دابەزێـت و بڕواتـە سـەربانی ماڵەکـە و قامیشـێکی درێـژ بگرێـت بـە دەسـتیەوە کـە بوکەکـە ئەهاتـە ژوورەوە ئەبوایـە زاوا لـە سـەربانەوە ئـەو قامیشـە درێـژە بـدات بەسـەری بوکـە، ئەمـە نەریتێکـی کۆنـە لـە کەلتـوری کوردەواریـدا و لـە زەمانـی بـاو و باپیرانمانـەوە بـۆ ئێمـە ماوەتـەوە و هەنـدیٚ جـار دەبـوو قامیشـەکە لـە سـەری بووکەکـەدا بشـکێت، هەرچەنـدە ئـەم  نەریتـە ئێسـتا نەمـاوە و ئـەو کەلتـورەش بـۆ ئەوەبـوو کـە زاوا سـامی هەیـە بەسـەریا واتـە بـۆ ترسـاندنی ژنەکـە بـوو لـە یەکـەم ڕۆژەوە، بـەڵام بـەرای بەنـدە ئەمـە خوویەکـی قێزەونـە، بەڕاسـتی زۆر بەختـەوەر بـووم لەگـەڵ هاوسـەرەکەم چونکـە زۆر توشـی دەربـەدەری و نـاڕەحەتـی بـوو لەبـەر ئـەوەی بەنـدە کـە سـەرقاڵ و تێکـەڵاوی سیاسـەت و ڕێکخسـتنەکان و پێشـمەرگایەتی و دەربـەدەری ببـوم بـەڵام ئـەو هـەر هـاوڕام بـوو درێـژەدان بـە حزبایەتـی

و کوردایەتی و بۆ چرکەیەکیش دڵ تەنگ نەبوو و هەستی وای پێ بەخشیوم کە هەرگیز دڵ تەنگ نەبم سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیە هەرچەندە ئەو ڕێکخستن نەبوو بەڵام هاوڕام بوو بۆ تێکۆشان بۆ خەبات کردن لە پێناوی گەل هەمیشە دەیوت ئەی ئێمە با بەرگەی هەموو ناخۆشیەک بگرین چونکە ڕێگای کوردایەتی بە گوڵ و گوڵزار نەڕازاوەتەوە بۆیە منیش لەبەر ورە بەرزی ئەو توانیم درێژە بە خەبات و حزبایەتیم بدەم و لە پێش چاوی میللەتەکەم بەڕێزەوە تەمەشا بکرێم و هیچ هێزێک نەتوانێ لەو ڕێبازە پیرۆزە لام بدات، بەڵێ ژنی بەهێز ئەتوانێت پاڵپشتی هاوسەرەکەی بێت لە هەموو شیرینی و تاڵیەک وەکو ئەڵێن لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە ژنێکی مەزن هەیە.

لە (١٩٧١/٢/٨) لە کەرکوک بەندە لەگەڵ شەهیدی نەمر کاک عەلی عەسکەری و شێخ ستار تاهیر و کاک نورەدین عەبدولڕەحمان چوینە بارەگای پارتی بۆ یەکەم جار چاومان بە عەزیز عەقراوی و ڕەشید عارف کەوت و دوای ڕێکەوتنەکە ئەوانیش زۆر بە گەرمیەوە بەخێرهاتنمانیان کرد و ڕێکەوتنەکەیان پێ خۆش بوو کە لە مەودوا دەتوانین پێکەوە کار بکەین و خزمەتی میللەتەکەمان بکەین بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجەکانی لە ساڵی (١٩٧٢) باوکی خێزانەکەم (محەمەد پەریزا گلی) لەلایەن ئەمنی عامەوە دەستگیر کرا لەبەر ئەوەی کوڕەکەی پەیوەندی کردبوو بە شۆڕشی کوردستانەوە و ئەو کاتە تەمەنی (٦٤) ساڵ بوو ماوەی (٦–٧ مانگ) کەس نەیدەزانی جێگەی لە کوێیە ئایا لە سێدارە دراوە یان نا ؟! بەندە ئەوکاتە ئەندامی کارگێڕی لقی کەرکوک بووم و هەوڵماندا تاکو بزانین چی بەسەرهاتووە بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم کرد بە (سەیدا ساڵح یوسفی)ـەوە گرفتەکەم بۆ گێرایەوە و وتی (نازم گزار) بە قسەی کەس ناکات جگە لە (عەبدولخالق سامەڕائی) چەند ڕۆژێک ڕاوەستە هەوڵ دەدەم

لەگـەڵ (عەبدولخالـق سـامەڕائی) قسـەیەک بکـەم و ئـاگادارت ئەکەمـەوە ماوەیەکـی پێچـوو ئـاگاداری کردمـەوە کـە ڕوخسـەتی وەرگرتـووە چـاوم پـێ بکەوێـت و منیـش لەگـەڵ خێزانەکـەم چـووم بـۆ بەغـدا بـۆ ڕۆژی دووەم بەنـدە لەگـەڵ (حەسـیب گلـی) کـە باوکـی خێزانەکـەی ئەویـش بـوو چوویـن بـۆ (ئەمنـی عامـە) لـە پرسـگە دانیشـتین بـۆ ماوەیـەک و وتیـان هەڵسـن بـڕۆن بـۆ نهۆمـی (٣) لـەوێ چـاوەڕێ بکـەن تاکـو بەندکراوەکـە ببینـن کـە چووینـە ژورەوە کوڕێکـی (نەقیـب) دانیشـتبوو ئێمـەی دەناسـی کـە ئەویش (کەمـال پشـدەری) بـوو بـرای (ڕەفیـق پشـدەری) وتـی دانیشـن ئێسـتا بەندەکـە دێنیـن کاتێـک هێنایـان کـە هاتـە ژوورەوە زۆر دڵ تەنـگ بـوو، پیاوێکـی بەتەمەنـی ریـش سـپی تەراشـی نەکردبـوو کـە ئێمـەی بینـی چـاوی پـڕ فرمێسـک بـوو بـە چاکەتێکـی دڕاوەوە گیانـی دەلـەرزی و ئێمـەش دڵمـان دایـەوە و وتمـان هەوڵمانـداوە بـۆ بەردانـت، وتـی کـە دەرت دەکـەن بـۆ سـەرئاو لێت دەدەن و لەکاتـی گەڕانـەوەش بـە هەمـان شـێوەت لەگـەڵ دەکـەن وتـی پێویسـتیم بـە جگـەرە هەیـە ئێمـەش ناردمـان بۆ چەند پاکەتێک جگـەرەی بۆ هـات چونکە ئـەو لێپرسـراوەمان دەناسـی و کـە تـەواو بوویـن لـە چاوپێکەوتنەکـە دەرکـەوت دڕندەیی دار و دەسـتی بەعـس چەنـد فاشسـتن و هەوڵـی لابردنـی هەمـوو کەسـێک دەدەن بـۆ مانـەوەی خۆیـان لـە دوای کودەتاکـەی (نـازم گزار) کـە هەمـوو بەنـدەکان ئازادکـران و ئەویـش لەگەڵیـان ئازادکـرا لـەو نەهامەتیـە.

***

## ڕۆیشتنم بۆ سەندیکای کرێکارانی گشتی

بەندە سکرتێری گشتی کرێکارانی کەرکوک بووم و هەموو جارێک سەردانی سەندیکای گشتی عێراقم دەکرد کە ئەو کاتە (محەمەد عایش) سەرۆکی سەندیکاکانی عێراق بوو و ڕۆژێکیان چووم بۆ بەغدا بۆ ئیش و کاری کرێکاران و دابین کردنی پێداویستیەکان سەردانی چەندین سکرتێرەکانی بەشەکانم کرد کە ئەو کاتە یەکێک لە سکرتێرە گشتیەکان کورد بوو و لە دواییدا چووم بۆلای (راسم العوادي) کە ئەویش یەکێک بوو لە سکرتێرە سەرەکییەکانی سەندیکای گشتی کە چوومە ژوورەکەی بە تەنیا دانیشتبوو زۆر مات و مەلول بوو لە دوای سلاو دانیشتم بەخێرهاتنی کردم لێم پرسی ئەتبینم زۆر غەمباری هیچ بووە ؟ ماوەیەک بێ دەنگ و هیچی نەوت بەلام دوایی وەلامی دایەوە و وتی پێت دەلێم چونکە کورد بە وەفایە ئەم نهێنیە نادرکێنێ وتم حەز دەکەم بزانم چی ڕوویداوە گوتی پێت دەلێم بەلام تکایە باسی نەکەیت بەندەش بەلێنم پێدا کە بە هیچ جۆرێک ئەم نهێنیە نەدرکێنم بەلام فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە و کەوتە قسەو وتی بڕیار وایە سبەی (عەبدولخالق سامەڕائی) لە سێدارە بدەن منیش زۆر پێم سەیر بوو چونکە حزبییەکان وا تەمەشای (عەبدولخالق سامەڕائی) یان دەکرد کە دەرویێشی حزبە، کە ئەیان وت (جەماعەتی سەدام) ئەیانەوێ لە سێدارەی بدەن لەسەر داوای (عەلی حەسەن مجید، عەلی کیمیاوی) چونکە ترسیان لێ هەیە لە دوا ڕۆژ چونکە زۆربەی بەعسیەکان خۆشیان دەوێ ئیتر خواحافیزیم لێکرد و هەلسام و بۆم دەرکەوت (حزبی بەعس) ئێستا لە ژێر دەسەلاتی بێگاتی تکریتیەکانە کە (سەدام) سەرکردایەتی دەکات لە دواییشدا دەرکەوت بەم جۆرەیە

هەرچەندە حزبی بەعس بە هەموو باڵ و بیرکردنەوە و جۆرەکانیەوە فاشستن و دژایەتی میللەتی کوردیان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٧٢ بارودۆخی کەرکوک بەرەو ئاڵۆزی ئەڕۆیشت وەکو پێویست (حکومەت) هاوکاری نەدەکردین، هەرچەندە کەسێک هەبوو لەلایەن حزبەوە هەوڵی ئاژاوە ئەدرا بۆیە لقی(٣) بڕیاریدا بارەگای حزب بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی کەرکوک و گواسترایەوە بۆ خاڵۆ بازیانی بەڵام بەندە لە کەرکوک مامەوە چونکە سکرتێری گشتی کرێکاران بووم هەروەها لێپرسراوەتی حزبیم پێ ڕاسپێردرا وەکو ئەندامی کارگێڕی لق بەڵام هەموو برادەران چوونە دەرەوە بۆ ماوەیەک لە خاڵۆ بازیانی بوون لە دواییدا گواستیانەوە بۆ ناوچەی سەنگاو ئەوکاتە (سدیق ئەفەنی) گواسترایەوە هەروەها کاک (قادر جەباری) بوو بە لێپرسراوی لق منیش هەفتەی جارێک بۆ کۆ بوونەوەکانی لق ئەڕۆشتم بۆ وەرگرتنی هەر فەرمانێکی نوێ ماوەیەکی خایاند و ئیش و کارەکانی حزب بە باشی توانرا جێبەجێ بکرێت و بارەگاکە وەکو خۆی مایەوە ئیش و کار دوانەکەوت بۆ ئەوەی کەرکوک بە یەکێک لە شارە کوردستانییەکان بژمێردرێت بڕیاردرا ئاهەنگێکی گەورە بکرێت بە ئامادەبوونی زۆربەی شاعیرانی کورد وەکو (شێرکۆ بێکەس، ئەژی گۆران، حەمەی حەمە باقی، چەند شاعیرێکی تر) ئەم کۆرە لە بارەگای حزب کە ئێستا شوێنەکەی مۆڵە و پێی دەڵێن (LC) خەڵکێکی زۆریش ئامادەبوون و بەندە وەکو نوێنەری حزب سەرپەرشتی ئەو کۆڕەم ئەکرد لە دوای ئامادەکاری کۆڕەکە داواکرا کە وتاری حزبی بخوێنمەوە منیش وتارێکم ئامادەکردبوو بە زمانی عەرەبی هەرچەندە (کاک عەزیز خانەقا) چاوی پیاخشاند بەر لە خوێندنەوەم وتی کاک نەجمەدین زۆر توندە بەڕای من هەندێک وشەی بگۆڕە هەروەها خێزانەکەشم هەمان شتی وت بەڵام نەمگۆڕی، چومە سەر تەختەی شانۆ بۆ خوێندنەوەی

وتارەکـەم، خەڵکێکـی زۆر پێیـان خۆشـبوو بـە چەپڵەڕێـزان وتارەکـەم خوێنـدەوە دوای خوێندنـەوەی دانیشـتم پێشـمەرگەیەک هاتـە لام وتـی (معـاون ئەمـن) کـە نـاوی (زرار) بـوو دەنگـی تـۆی تۆمـار کـردووە منیـش گوێـم پێـی نـەدا چونکـە ئێمـە وەکـو دوو حـزب هاوپەیمانـی بوویـن و هێشـتا گفتوگـۆ هەبـوو لـە نێـوان حـزب و حکومـەت و نوێنەرمـان لـە بەغـدا بـوو بەڕێـز (سـەیدا سـاڵح یوسـفی) بـوو، بـۆ ڕۆژی دووەم چـووم بـۆ دەوام بـۆ سـەندیکا کاک (حەمـە ڕەشـید) هـات بـۆلام و وتـی کاک نەجمەدیـن سـەیارەی ئەمـن لـە پێـش دەرگای سـەندیکاکەمانە کـە ئـەو کاتـە ئۆتۆمبێلێکـی بچـووک پێیـان ئـەوت (رگـە) منیـش وتـم کاک حەمـە ڕەشـید دیـارە ئیشـیان هەیـە بەڕاسـتی هیـچ گوێـم پـێ نـەدا بـەڵام سـەیرم کـرد معـاون ئەمنەکـە خـۆی کـرد بـە ژوورەکەمانـدا و دانیشـت کوڕێکـی گەنـج بـوو وتـی بەڕێوەبـەری ئەمـن سـەلامت لـێ دەکات و حـەز دەکات چـاوی پێـت بکەویـت و منیـش وتـم ئەگـەر ئیشـی پێمـە بـا تەلەفۆنـم بـۆ بـکات چونکـە ئێمـە پەیوەندییەکانمـان لەگـەڵ (حکومـەت) تێـک نەچوبـوو و هەمانگیمـان لەگـەڵ حکومـەت هەبـوو و هیـچ ترسـێکی ئەوتـۆم نەبـوو بـەڵام معـاون ئەمنەکـە زۆر پێداگیـری کـرد کـە بچـم بـۆلای بەڕێوەبـەری ئەمنەکـە منیـش زۆر پێداگیریـم کـرد و پێـم وت بـا تەلەفـۆن بـکات ئیتـر معـاون ئەمنەکـە نەیدەزانـی چـی بـکات و چـۆن ئـەو فەرمانـە جێبەجـێ بـکات چـوو بـۆلای سـەرۆک سـەندیکاکە کـە بەعسـی بـوو ئەویـش هـات بـۆلام بـەڵام منیـش لەسـەر قسـەی خـۆم بـەردەوام بـووم چونکـە بەڕاسـتی نەمدەویسـت بـە تەنیـا لەگەڵـی بـڕۆم و توشـی ناخۆشـیەکم بکـەن، ڕێکەوتیـن لەسـەر ئـەوەی سـەرۆک سـەندیکا لەگـەڵ جێگرەکـەی کـە کـورد بـوو ئەویـش کاک (ئەنـوەر عومـەر) بـوو پێکـەوە بچیـن بزانیـن بەڕێوەبـەری ئەمـن بـۆ داوای بەنـدە دەکات ؟! کـە گەیشـتینە دەرگای ئەمـن و چووینـە ژورەوە بـۆلای بەڕێوەبەرەکـە سـەیرم کـرد هەمـوو لێپرسـراوانی بەعـس کـە ئەوکاتـە

(بورهـان عبدالرحمـن تكريتـی) بـوو لەگـەڵ (عەلـی دەحـام) منیـان بینـی و دەرچـوون بـەڵام هیـچ گفتوگۆیەکیـان نەکـرد تەنانـەت سڵاویشـیان نەکـرد منیـش لەگـەڵ بـرادەران بـەرەو ژووری بەڕێوەبـەری ئەمنەکـە ڕۆشـتین کـە چاوەڕێمانـی دەکـرد، ئـەو کاتـە بەڕێوەبـەری ئەمنـی کەرکـوک پێیـان دەوت (ابـو عروبـة) کـە نـاوی (قاسـم ئەحمـەد داود) بـوو وە خەڵکـی (هـب هـب) بـوو لـە پارێزگای دیالـە، دانیشـتین لەگـەڵ ئـەو دوو هاوڕێیـەم و وتـی (سـەید نەجـم) ئـەم وتـارەت بـووە هـۆی شـەڕێکی خوێنـاوی لـە دەڤـەری داقـوق بەڕاسـتی منیش هیـچ ئاگام لـەو شـەڕە نەبوو وادیاربـوو (عەبدوڵـڵا ئاغـا) کـە سەرپەرشـتی ئـەو دەڤـەرەی دەکـرد لەگـەڵ جاشـەکانی (عەلـی دەحام) بەشـەڕ هاتبوون لـە نزیک گونـدی عەسـریەی داقـوق لـە دەڤـەری تاڵەبانیـە یەکـەم گونـدی عەرەبیـان بەمەبەسـتی دروسـت کـرد ئەویـش مەبەسـتی بەعـەرەب کـردن بـوو، بۆیـە هێزێکـی پێشـمەرگە بـە فەرمانـدەی (عەبدوڵـڵا ئاغـا) شـەو پەلامـاری ئـەو گوندەیـان دابـوو دیـارە ئەویـش بەمەبەسـتی بەربەسـت بـوو لـە بەرامبـەر پرۆسـەی بەعـەرەب کـردن و لـە ئەنجامـی شـەڕەکە خاڵـی (عەلـی دەحـام) برینـدار ببـو وە قاچێکیـان بڕیـەوە، ئیتـر منیـش لـە وەڵامـدا بـە ئامادەبوونـی ئـەو دوو بـرادەرە وتـم ئێمـە وەکـو دوو حزبـی هاوپەیمانـی وەکـو لێپرسـراوی حـزب وتـارم خوێندەوە وابزانـم ئەمـە شـتێکی نامـۆ نیـە و خەڵکێکـی زۆریـش ئامادەبوون ئەویـش وتـی نەدەبوایـە لەنـاو جەمـاوەر ئـەو وتـارە بخوێنیتـەوە و بەڵکـو لـە ڕۆژنامەیـەک بڵاوتکردایەتـەوە منیـش وتـم کـە جەنابـت ئەندامێکـی حزبـی بەعسـی حـزب فەرمانـت پێبـکات ئـەو کارە ناکەیـت؟ وتـی بەڵـی، منیش پێـم وت بەڵـێ منیـش وەکـو ئەندامێکـی لـق چـۆن فەرمانێکـی حـزب جێبەجـێ ناکـەم بـێ گومـان بـە ئامادەبوونـی ئـەو دوو بـرادەرە یەکێکیـان لـە ژیـان مـاوە ئەویـش کاک (ئەنـوەر عومەر)ـە ئیتـر لـە دوای بگـرە و بەردەیەکـی زۆر دوور و درێـژ لـە ئەنجامـدا بـەو برادەرانـەی وت ئێـوە

بڕۆن بەڵام سەید نەجم میوانی ئێمەیە ئیتر زانیم دەست بەسەرم و کاک ئەنوەر چووە ماڵەوە خەبەری دابوو، هەروەها ئاگاداری حزبی کردەوە لە سەنگاو کە بەند کراوم لە ئەمنی کەرکوک بەڕاستی برادەران زوو بەزوو ئاگاداری (مەکتەبی سیاسی) و بارەگای بارزانیان کرد و ئەوانیش بە توندی داوای بەردانی بەندەیان کرد و زۆر گوشاریان خستە سەر حکومەت بەڵام منیان بردە ژورێکی تاکە کەسی و لەوێ بەند بووم بەر لەوەی بمبەن بۆ ژووری بەندیخانە ملپیچێکی زۆر جوانم هەبوو وتیان پێویستە تەسلیمی ئێمەی بکەیت و منیش پێمدان و بەرەو تەوقیف بردمیان لە ژوورێکی تاریک و زۆر پیس بوو کە شوێنی ئەشکەنجەدان بوو چونکە ئاسەواری ئازاردانی پێوە دیاربوو خوێن و بۆنێکی ناخۆشی هەبوو ئیتر لە ماڵەوە بەتانی و سەرینێکیان نارد لەگەڵ کوڕێکی عەرەب شەوانە لە کاتی (١٢) شەو ئەدرا لە دەرگا بۆ بێزارکردنم و بە عەرەبی ئەیوت (شلونک) بۆ ئەوەی وەکو ڕووخاو پیشانم بدەن منیش لە وەڵامدا دەم وت زۆر باشم ئەمە درێژەی کێشا بۆ هەموو شەوێک بۆ ئەوەی نەتوانم بنوم بەڵام لەلایەکی ترەوە هەڤاڵانی لق لە سەنگاو بە توندی داوای ئازاد کردنی منیان دەکرد و لە کاتی بەند کردنم لە لقی سێ پارتی زۆر بە پەرۆش بوون بۆ ئازادکردنم و ئەندامانی لق بەبێ جیاوازی زۆر بە تەنگەوە بوون بۆ ئازادبوونم بە تایبەتی کاک نورەدین عەبدولڕەحمان کە لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرە و زۆر جار لەگەڵ براکانی توشی دەربەدەری و بەندیخانە بوون بە تایبەتی کۆچکردوو مامۆستا عەبدولخالق و کاک نورەدین تێکۆشەرێکی دێرینن لە بزوتنەوەی کوردایەتی لە شاری کەرکوک و لە هەموو بۆنەکان ئەو پێشکەشکار بوو و ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەلای قوتابیان وە چەند جارێک گواستراوەتەوە بۆ شارەکانی خوارووی عێراق و بەند کراوە لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان لەگەڵ هەڤاڵەکانی

و ماڵیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەتاڵانی برا هەروەها لقی ٣ بروسکەیان ئەکرد بۆ بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی کە پێویستە بە زووترین کات ئازاد بکرێت چونکە لە ژێر ئەشکەنجەدایە ئەوانیش زۆر بەجدی داوای ئازادکردنیان دەکرد هەتاکو گەیشتە ئەوەی ئەگەر ئازاد نەکرێت شەڕ دەست پێدەکاتەوە و ماوەیەک بەو جۆرە مامەوە ڕۆژێکیان بەڕێوەبەری ئەمن داوامی کرد کە چوومە لای سەیرم کرد لێپرسراوی سەندیکاکانی کرێکاران لەگەڵ جێگرەکەی کاک (ئەنوەر عومەر) بوو لەلای بەڕێوەبەری ئەمنەکە دانیشتوون کە چوومە ژورەوە وتی فەرموو دانیشە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵم دا وتی ئەوا بروسکەیەکی زۆر دراوەتە بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی کە ئێمە ئەشکەنجەت دەدەین بەڵام ئەوا قیادە فەرمانی دا تۆ ئازاد بکرێت بەڵام ئەبێت کەفالەت (١٠٠٠) هەزار دینارمان بدەنێ، منیش لە وەڵامدا وتم من کەفالەت نادەم چونکە هیچ تاوانێکم نەکردووە جگە لەوەی وتارێکی حزبم خوێندۆتەوە کە ئێمە دوو حزبی هاوپەیمانیشین بە ئاشکرا لە پێش جەماوەر و خەڵکێکی زۆر دانیشتووین بەڵام سەرۆکی سەندیکاکە کتوپڕ وتی من دەبمە کەفیلی ئەویش قبوڵی کرد و منیش وا تێگەیشتم ئەمە وەکو چاکەیەک ئەکەن لەگەڵم چونکە سەرۆکی سەندیکاکە هەر لە خۆیان بوو ئیتر وتیان تۆ ئازادی چیت لامان هەیە، منیش وتم (ملپێچەکەم) لاتانە بەڕێوەبەری ئەمنەکە بانگی کار بە دەستانی کرد و ملپێچەکە بهێنن بەڵام بۆ ماوەی یەک کاتژمێر زیاتر مامەوە نەیاندۆزییەوە چاوەڕوانیەکەم بێ سوود بوو منیش بۆ ئەوەی دەرچم توشی گیروگرفتی تر نەبم پێیانم وت ئەو ملپێچە بۆ خۆتان نامەوێت سەرۆکی سەندیکاکە لەگەڵ جێگرەکەی منیان هێناوە بۆ ماڵەوە کە دەرچووم لە بەندیخانە زۆر لە خزمان و دۆستان و هاورێیان سەردانیان کردم لە ماڵەوە و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە دەرچوونم لە بەندیخانە

وایکـرد کـه زیاتـر سـووربم بەسـەر ڕێبـازی کوردایەتـی و حزبایەتـی چونکـە میللـەت شـانازیت پێـوە دەکـەن بـۆ هـەر ڕاوەسـتانێک بەرانبـەر دوژمنـان و کـۆڵ نـەدان و ئامادەیت بـۆ هـەر زەحمەتییـەک و ناخۆشـیەک و بەندکـردن بەڕێـز کۆچکـردوو (دارا تۆفیق) وتارەکـەی بڵاونەکـردەوە لـە ڕۆژنامـەی (التآخـي) وتبـووی ئێسـتا زیاتـر ئەشـکەنجەی دەدەن بـەڵام لـە دوای دەرچـوون لـە ژمـارە ١٤١٧ ڕۆژی ١٩٧٣/٨/٢٢ بڵاوکرایـەوە دوای چەنـد ڕۆژێـک بڕیـاردرا کۆبوونەوەیەکـی فـراوان بکرێـت لـە بەغـدا بـۆ هەمـوو سـەندیکاکانی عێـراق لەگـەڵ جوتیـاران ئێمـەش بـەرەو بەغـدا ڕۆشـتین لەگـەڵ کاک (نەجمەدیـن قارەمـان) کـە لێپرسـراوی جوتیـاران بـوو و لـە هۆتێلـی (حەکیم) دابەزیـن و بـەرەو کۆبوونەوەکە ڕۆشـتین ئـەو کۆبوونەوەیـە بەسەرپەرشـتی (نەعیـم حـەداد) کـە ئەندامـی (قیـادة قطـري عیـراق حـزب بەعس)ـی لەناوچـوو بـوو لـە دوای ئامادەبوونـی هەمـووان دەسـتی کـرد بـە قسـەکردن کـە ئێمـە هاوپەیمانین لەگـەڵ پارتـی و پێویسـتە هـەر گیـرو گرفتێـک هەبێـت ئەبـێ بـە برایەتـی و تێگەیشـتن چارەسـەری بکەیـن و ئـەو مافـی کـورد دیـاری کـراوە و ئۆتۆنۆمـی چارەسـەری هەمـوو کێشـەکان دەکات لـە قسـەکردن تـەواو بـوو داوای کـرد فەرمـوون چیتـان هەیـە بیڵێـن، کوڕێکـی گەنـج لـە سـەندیکای دهـۆک داوای قسـەی کـرد ئەویـش وتـی فەرمـوون ئـەم کـوڕە گەنجـە بەوپـەڕی ئازایـی و لێوەشـاوییەوە وتـی بەڕێزتـان باسـی ئۆتۆنۆمـی و پێکـەوە ژیـان دەکـەن تاکـو ئێسـتا ناتوانرێـت وەکـو پێویسـت کـورد ڕای خـۆی دەرببڕێـت بـە تایبەتـی چینـی کرێکار بەڵگەشـم بـۆ ئـەم قسـانەم هەیـە سکرتێری گشـتی کرێکارانـی کەرکوکیـان بەنـد کـردەوە لەبـەر ئـەوەی وتارێکـی خوێنـدەوە لـە ئەمنـی کەرکـوک بەندبـوو تـازە بەربـووە کـە ئێسـتا لەگەڵماندایـە ئەویش وتـی انشـاءالله ئیتر ئـەم جـۆرە ڕەفتارانـە نامێنـێ و هەمـوو شـتێک چارەسـەر دەکرێـت وە لـە دوای پرسـیار و وەڵام لـە کۆبوونەوەکـە تـەواو

بووین بەندە لەگەڵ (نەجمەدین قارەمان) گەڕاینەوە بۆ هۆتێلەکەمان و کۆچکردوو (سەیدا ساڵح یوسفی) زانی بووی حکومەت هەوڵ ئەدات کە جارێکی دیکە بەندە دەستگیر بکات.

کاک (مەجید جەباری) کە هەر لەگەڵ پارتی مابوو (سەیدا ساڵح) بانگی دەکات و پێی دەڵێت زوو بڕۆ (نەجمەدین گلی) با لە بەغدا نەمێنێت و دەرچێت ئەیگرن و کاتی (١١) شەو بوو کاک مەجید جەباری لەگەڵ خێزانەکەی هات بۆ هۆتێل (حەکیم) پێی وتم پێویستە لە بەغدا دەرچیت وتی فەرموو ئێستا بچین بۆ ماڵمان بەندەش لەگەڵ (نەجمەدین قارەمان) چووین بۆ ماڵیان و منیش وتم چۆن بەم شەوە دەرچم وتی (عەبدوڵلا جنێد) کە سەرۆکی سەندیکاکانی دهۆک بوو بە کۆچکردوو (سەیدا ساڵح یوسفی) وتبوو (ئەز-بەندە) دەری دەکەم بۆ کەرکوک، بەڕاستی پیاوێکی زۆر دڵسۆز و ئازابوو بەو شەوە هات ئێمە لەماڵی مەجید جەباری بووین وتی فەرموون بەندە لەگەڵتان دێم تاکو کەرکوک بەڕاستی ڕەوشتێکی پیاوەتی قەت لە یاد ناچێت منیش بە کاک نەجمەدینم وت سبەی زوو ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی لابوو بهێنەوە بۆ ئەوەی لە کەرکوک دەرچین چونکە ئۆتۆمبێلی زراعە نەدەپشکنرا و بۆ دەربازبوونم کاک نەجمەدین بەیانی زوو ئۆتۆمبێلەکەی هێنا و لە بازگە بەبێ پشکنین ڕزگارمان بوو گەیشتمە چەمچەماڵ کە ژێر دەستی پێشمەرگە بوو کە گەیشتین لە قاوەخانەیەک دابەزین و بینیم کە کاک (عارف تەیفور) دانیشتووە بەخێرهاتنی کرد و پێی خۆش بوو ڕزگارم بوو بە سەلامەتی گەیشتم بەڵام بینیم هەندێ عاجزە و پێم وت خێرە کاک عارف وتی بۆ خۆم لە بەغدا بووم ئێستا گواسترامەوە بۆ کەرکوک کە هەموو ناخۆشی و دەربەدەریە منیش وتم کاک عارف ئەبوایە بتزانیایە کەرکوک شارێکی پڕ لە گیروگرفتە بەڵام کاک عارف گواسترایەوە بۆ کەرکوک لەبەر ئەوەی (میلاک)ـی ئەندامی لقی نەبوو لە

بەغدا بۆ ئەوەی پلەی بەرز کرێتەوە گواسترایەوە بۆ کەرکوک و چەند ڕۆژێک لە چەمچەماڵ مامەوە و ڕۆژێکیان کۆچکردوو برا گەورەکەم کاکەم (فەخرەدین گلی) لەگەڵ خێزانەکەم هاتن بۆ لام بۆ چەمچەماڵ بۆ هەواڵ پرسین منیش وتم کە هەندێ شتی نهێنی هەیە بیشارنەوە زۆر ئاگاتان لە خۆتان بێت چونکە حزبی بەعس زۆر دڕندەیە و بە هیچ جۆرێک وژدانیان نییە لە دوای ئەو چەند ڕۆژەی لە چەمچەماڵ بووم بەرەو سەنگاو ڕۆشتم کە بارەگای لق لەوێ بوو بەڕێزان (نورەدین عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، ڕەسوڵ مامەند، عارف تەیفور، قادر جەباری) کۆچکردوو (سدیق ئەفەنی) گواسترایەوە بۆ جێگەیەکی کە و کاک قادر جەباری لە شوێن ئەو دانرا، بەڵام سەنگاو ناحیەیەکی زۆر دواکەوتوو بوو هیچ گۆرانکاریەکی تێدا نەکرابوو خەڵکەکەی زۆربەی هەژار بوون و زۆربەی ئەو خەڵکانەی لە کەرکوک و ناوچەکان هەڵهاتبوون بەرەو سەنگاو دەهاتن چونکە شوێنێکی ئارام بوو هێزێکی زۆری پێشمەرگەی لێ بوو هەروەها بارەگای لقی ٣ پارتی لێ بوو بەڵام زۆربەی ڕۆژەکان فڕۆکە دەسوڕایەوە بەسەر شارەکەدا بۆ ئەوەی لە کاتی بۆمب بارانکردن خەڵکێکی زۆر توشی ناخۆشی و دڵە ڕاوکێ نەبن و بۆ خۆ پاراستن ئەو هەموو دانیشتوانەی ناحیەکە لە کاتی بۆردوومان کردندا هەوڵمان دا چەند شوێنێک ئامادە بکەین وەکو ئەڵێن (کونە تەیارە) دروستمان کرد بەڵام لە هەمان کاتدا کوڕێکی ئازا لەسەر دۆشکە بوو و هەمیشە ئامادەبوو کە تەیارەکان بۆردومان بکەن و هەوڵی دوورخستنەوەی بدات ئیتر دەستکرایە خۆ ئامادەکردن و دابەشکردنی ئیش و کار بەسەر ئەندامانی لقدا سەرپەرشتی کردنی ناوچەکان و بڕیاردرا سەردانی (مەکتەبی سیاسی) بکەم بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ پێویستیەکانی لق وەک چەک و پارە چونکە خەڵکێکی زۆر ڕووی لە حزب دەکرد و داوای یارمەتیان دەکرد لەبەر

ئـەو هـەل و مەرجـەی کـە ڕوویـدا لـەو دەڤـەرە و هیـچ دەرامەتێکیـان نەبـوو هەڵهاتبـوون لـە ترسـی دڕندایەتـی بەعسـی گـۆڕ بـە گـۆڕ و هەڵسـوکەوتی سـوپا و جـاش لـە ناوچـەی چەمچەمـاڵ بـۆ ئـەو هەڤاڵانـەی مەکتەبـی سیاسـی ڕوون بکەمـەوە کـە وەزعێکـی نالەبـار لـەو دەڤـەرە هەیـە و بەنـدەش ئـەو فەرمانـەم جێبەجـێ کـرد و چەنـد پێشـمەرگەیەکم لەگـەڵ خـۆم بـرد بـەرەو گەلاڵـە و کاک ڕەسـوڵ مامەنـد داوای لێکـردم لـە قـەلادزێ سـەردانی ماڵیـان بکـەم و دەنـگ و باسـی کاک ڕەسـوڵیان پـێ بگەیێنـم، بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ ڕێمـان کـرد و لـە قـەلادزێ چوومـە ماڵـی کاک ڕەسـوڵ و سـاغ و سـەلامەتی کاک ڕەسـوڵم پـێ ڕاگەیانـدن و وتـم لـە گەڕانـەوەم دووبـارە سـەرتان لـێ ئـەدەم و هـەر شـتێکتان هەیـە لەگـەڵ خـۆم ئەیبـەم و خـودا حافیزیـم لێیـان کـرد و درێـژەم دا بـە ڕێکردنەکـەم و گەیشـتمە گەلاڵـە لـە دوای چاوپێکەوتـن و گفتوگـۆ لەگـەڵ مەکتەبـی سیاسـی و ڕوونکردنـەوەی بارودۆخـی ناوچەکـەو ئـەو پێویسـتییانەی لـق جێبەجـێ بکرێـت کـە (١٢) چـەک بـوو بڕیـاردرا بۆمـان بنێـرن هەروەهـا هەنـدێ پـارە وابزانـم دوو هـەزار دینـار بـوو بـەلام چەکەکانـم نەهێنـا تاکـو چەنـد پێشـمەرگەیەک بـڕۆن ئـەو چەکانـە بهێنـن، کـە کۆتایـی بـە ئیش و کارەکـەم هـات برادەران ئامۆژگاریـان کردیـن لـە ڕێـی (پڵنگانـەوە) نەگەڕێینـەوە چونکـە گەلـە گـورگ هەیـە و جـێ ی مەترسـین بـەلام چەنـد پێشـمەرگەیەک بـە چەکـەوە لەگەڵـم بـوون لـە ڕێـی پڵنگانـەوە گەڕاینـەوە هەرچەنـە ڕێگەکـە ناخـۆش بـوو ئـەو ڕێگەیەمـان گرتـە بـەرو بـۆ ئێـوارە گەیشـتینە ڕانیـە و  پێشـوازییەکی گەرمـان لێکـرا و جێگەیـان بۆمـان ئامادەکـرد کـە شـەو لـەوێ بمێنینـەوە  شـەهید (فەیسـەڵ شـێخ ڕەشـید نازنـاوی سـیروان تاڵەبانـی) هـات بـۆ لام چونکـە برادەرم بـوو و ئەندامـی حـزب بـوو پێـی ڕاگەیانـدم لێـرە کـەس ناناسـم و جێگـەی نووسـتنم نییـە و منیـش بڕیـار وابـوو براکـەم شـەو لەگەڵـم بێـت، بـەلام کاک سـیروان

تاڵەبانی بە براکەمی وت بڕۆ لەگەڵ پێشمەرگەکان بنوو چونکە کاک فەیسەڵ لەگەڵم دەبێت ئیتر ئەو شەوە لەگەڵ کاک فەیسەڵ پێکەوە بووین ئەبوایە بڕۆم بۆ ماڵی کاک ڕەسوڵ، ڕاسپاردەیەکمان هەیە و پێویستیان بە چی بوو بۆیان جێبەجێ بکەم بەلاّم کە ڕۆژ بۆیەوە فڕۆکەکانی بەعسی فاشست بە چڕی بۆردومانی قەلاّدزێی کرد و خەڵکێکی زۆری شەهید کرد هەروەها لە قوتابخانەکانی دابوو زۆر لە قوتابیان شەهید بوون چونکە بەعسی گۆڕ بە گۆڕ هەمیشە دەستی سووربوو لە خوێنی میللەتەکەمان، خەڵکێکی زۆریش بریندار بوون و زۆر ماڵی وێران کرد و ڕووخاندی، ئەو ڕۆژە قەلاّدزێ خوێناوی ببوو بەم کارە دڕندانەیە هەمیشە هەوڵی لەناوبردنی میللەتەکەمانی دەدا بەلاّم خەیاڵیان خاوە میللەت بە تۆپ و تەیارەی ئەو تاوانبارانە کۆتایی نایەت، ئیتر ئەم تاوانە ڕوویدا و نەمتوانی جارێکی دیکە سەردانی ماڵی کاک (ڕەسوڵ) بکەم چونکە هەموو ڕێگاکان گیرابوون ناچار بووم درێژە بە گەڕانەوەکەم بدەم بەرەو سەنگاو لەدەڤەری شوانە گەڕاینەوە و بەر لەوەی بگەینە نزیک چەمچەماڵ لە دێیەکی نزیک چەمچەمال نزیک جادەی (سلێمانی-کەرکوک) چونکە جەیش و جاش ڕەبایەیان دانابوو ئێمەش شارەزای ئەو ڕەبایانە نەبووین کە جێگەکانیان لەسەر جادە بوو، پێوستیمان بە برادەرێک هەبوو وەکو چاوساغ و دەلیل کە شارەزای ئەو ناوچەیە بێت، برادەرێکی بەتەمەن لەگەڵمان هات تاکو نزیک جادەکە چاوساغی بۆمان کرد کە شوێنی ڕەبایەکانی دەزانی بۆ ئەوەی ئێمە بە سەلامەتی تێپەڕین بەبێ هیچ زیانێک ئێمەش بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو برادەرە توانیمان ڕزگارمان بێت بەلاّم کە چووین بەرەو سەنگاو ڕۆژ هەڵهات هەندێ تەقەی دوورکرا هیچ کاریگەر نەبوو ئێمە بە سەلامەتی گەیشتینە بارەگاکەمان و ئەو کاتە هەموو برادەرانی لق ئامادە بوون بەلاّم (حکومەت) هەوڵی دەدا

لەگەڵ جاشەکان بەرەو سەنگاو بێن و ئەو کاتە ئامر هێزی قەرەداغ کاک (ساڵح بێداوی) بوو لەگەڵ یاریدەدەرەکەی کاک (عەزیز قازی) ڕۆژانە فڕۆکە لەناوچەکە دەهات و دەچوو شەڕ لە ناوچەی کفری دەستی پێکرد بڕیاردرا لق بگوازینەوە خەڵکێکی زۆری بێ چەک لەگەڵمان بوو بۆ ئەوەی بتوانین کە هیچ نەبێ دووریان بخەینەوە لە شەڕ بەرەو قەرەداغ بیان بەین پێشمەرگەکانیش خەریکی خۆکۆکردنەوە بوون بەرەو قەرەداغ ئیتر هەموومان ئامادەبووین بەرەو قەرەداغ بڕۆین ئێمە سێ کەسمان لەگەڵدا بوون (کچ) بوون یەکێکیان براکەی کادری حزب بوو ئامۆژگاری یانمان کرد کە ئێوە پێویستە لەگەڵ ئەندامانی لق بن کاتێک گەشتینە قەرەداغ فڕۆکە بەسەرمانەوە دەهات و دەڕۆیشت لەو کاتە ماڵی کادرێکی حزب و لێپرسراوی سەندیکای کۆمپانیای کۆکا کۆلا لە کەرکوک (حەمید حوسێن) لە کەرکوک خێزانەکەی دەرکرابوون و گەیشتبوونە قەرەداغ کاک (حەمید) ویستی بچن بۆلای و هەوڵ بدات شوێنێکیان بۆ دابین بکات لە کاتی ڕۆیشتن بۆلای خێزانەکەی و منداڵەکانی فڕۆکەیەک لەو کاتە بۆردومانی دەکرد کاک حەمید بەر لەوەی بگات بە خێزان و منداڵەکانی شەهید بوو بە بۆردوومانەکەی فڕۆکەکە بەڕاستی جێی داخی هەموومان بوو بە شەهیدبوونی چونکە کارەساتێکی دڵ تەزێن بوو هەموو خەڵکی زۆر پێیان ناخۆش بوو چونکە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو کە ڕوویدا لە پێش چاوی هەمووان بە تایبەت بۆ ئەو خانەوادەیە.

لەبەر ئەوەی مانەوەی ئەو هەموو خەڵکە کە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، پێشمەرگەیەکی زۆر هەبوو لەو دەڤەرە کە بڕیار وابوو بەرەو شاخی ئەزمەڕ بڕۆین ئامر هێزەکە توشی (کۆکە) و نەخۆشی بوو بۆیە حزب بڕیاریدا برادەران بچێن بۆلای بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن و بڕیار بدەن و بزانن چۆن بکشێنەوە بڕیاردرا

بەندە لەگەڵ کاک نورەدین عەبدولڕەحمان نوێنەری لق بچین بۆلای کاک (ساڵح بێداوی) ئێمەش فەرمانەکەمان جێبەجێ کرد و چاومان بە ئامر هێزەکە و جێگرەکەی کەوت کە کاک عەزیز قازی بوو ئامادەیی حزبمان پێ ڕاگەیاند کە بەڕێزیان نەخۆشە و با جێگرەکەت کاک عەزیز قازی هەستێت بۆ ئەم کارە و جێگرەکەی ئامادەیی خۆی پیشاندا بەڵام قبوڵی نەکرد و وتی وەزعم باشە و لە نەخۆشیەکەم چاک بومەوە کاک عەزیز قازی وتی (سەیدا) لەگەڵ برادەران ئەتوانم بە ئاسایی لەم شوێنە بەرە و شاخی ئەزمەڕ بڕۆم و بە سەلامەتی ڕزگارمان ئەبێت ئامر هێزەکە سوربوو لەسەر ئەوەی خۆی دەتوانێت سەرپەرشتی هێزەکە بکات و بڕیاری دا بکەوێتە ڕێ بەرەو شاخی ئەزمەڕ پێش ئەوەی بەڕێ بکەوین کۆبونەوەمان لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگەکان کرد کە هیچ تەقەیەک نەکرێت تاکو جگەرەش نەکێشن یان دەنگتان بەرز بکەنەوە چونکە لە (گڵە زەردە) ڕەبایەی جاشی لێیە و بەرەو گڵە زەردە دەڕۆیشتین و دەنگی تەقەیەک هات ئیتر هەموو بە هێواشی کشاینەوە بۆ دواوە لە دوای چەند چرکەیەک دووبارە دەستکرایەوە بە ڕۆیشتن چونکە دەرکەوت ئەو تەقەیە هیچ نەبوو، بەندە چەند پێشمەرگەیەکم لەگەڵدا بوو زەمزەیەکەم لەلای یەکێکیان بوو وتم کە گەیشتینە ئاوی تانجەڕۆ ئاوی تێبکە چونکە مانگی (٦) بوو دنیا زۆر گەرمەو پێویستیمان بە ئاو دەبێت، بە سەلامەتی لە ئاوی تانجەڕۆ تێپەڕ بووین و کەوتینە ڕێگەی ئەزمەڕ و ڕێگەکە زۆر وشکانی بوو ماوەیەک ڕۆشتین زۆر تینوم بوو بە پێشمەرگەکەم وت کە ئەو زەمزەیەکەم پێبدات تاکو ئاو بخۆمەوە بەڵام لە وەڵامدا وتی والله هیچ ئاوم تێ نەکردووە لە بیرم چوو بەڕاستی زۆر (هەڵوێستێکی) ناخۆش و پڕ لە کەم تەرخەمی بوو شایەنی ئەوەبوو هەموو سزایەکی بدرێت بەڵام بە پێشمەرگەیەکی دیکەم وت بزانە هەندێک ئاوم بۆ پەیدا بکە

ئەویش گەڕاوە لای پێشمەرگەکان و داوای ئاوی کردبوو بەڵام کەس ئاوی پێ نەبوو یەکێک لەو پێشمەرگانە وتی ئاوت بۆ کێیە؟ ئەویش وتی بۆ کاک (نەجمەدین)ـە زۆر توونیە، وتی بۆ کاک (نەجمەدین) ئاوم پێیە زەمزەیەکەی ناردبوو منیش هەندێکم خواردەوە هەر چەند پێشمەرگەیەک تیونیان بوو ئاویان خواردەوە، ئەو کوڕە ناوی حەسەن بوو کە دایکی پورزام بوو لە دوایی هاتە لام و لە ڕێگە منیش زۆر سوپاسیم کرد کە گەیشتنە فریامان ئیتر درێژەمان بە ڕێکردندا بەرەو شاخی ئەزمەڕ کە ڕێگەیەکی سەختە زۆر ماندوو بووین و خەڵکێکی زۆر لەو ڕێگەیە توشی ناڕەحەتی بوون لەبەر بێ ئاوی بەڵام هەرچۆنێک بێت گەیشتینە سەر شاخی (ئەزمەڕ) کە هێزی خەبات گێڕ (فەتاح ئاغا)ـی لێ بوو پێشمەرگەیەک بەرەو بەندە هات کە منی دەناسی وتی کاک (نەجمەدین) ماڵتانیان دەرکردووە، ئێمە کە چووین بۆ بنکەی هێزەکەی کاک فەتاح ئاغا هەمان قسەی پێ وتم وتی پێنج ماڵ بوون ڕەوانەی دێی گورگەیەر بەڕێم کردن بۆ ئەوەی لە شەڕ دووریان بکەمەوە بۆ بنکەی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەوێیە، بڕیار وابوو بە گەیشتنمان بەندە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بگەڕێمەوە بۆ گەرمیان برادەران وتیان لەبەر ئەوەی ماڵتان دەرکراوە ئەبێ یەکێکی تر بنێرین بۆ گەرمیان کاک نورەدین وتی بەندە ئەڕوات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە منیش بەرەو دێی گورەگەیەر ڕۆیشتم وەکو پێش باسم کرد چووم بۆلایان بۆ ئەوەی جێگەکەیان بۆ دابین بکەم ئۆتۆمبێلێکی پیک ئابم گرت بەرەو پێنجوێن بەڕێکەوتین لەگەڵ ئەو ماڵانەی دەرکرابوون لەگەڵ ماڵی ئێمە، یەکێک لە ماڵەکان ماڵی مامۆستا (ڕەفعەت) بوو مەلایەکی ناسراوی شاری کەرکوک بوو لەبەر ئەوەی کوڕەکەی کە ناوی (عومەر) بوو پێشمەرگە بوو لە دوای چەند کاتژمێرێک گەیشتینە پێنجوێن و خانوویەکم پەیداکرد دوای ماوەیەک

بـارەگای لـق گواسـترایەوە بـۆ (پێنجوێـن)، زۆر ئـاوارە و پێشـمەرگە و بـارەگای حزبـی تێدابـوو هـەر بەشـێک بـە ئیش و کاری خـۆی هەڵدەسـتا هەندێـک ئارامـی هەبـوو چونکـە دوور بـوو لـە شـەڕ و ئەتوانـرا تێیـدا بژیـن و دەسـتکرایە ڕێکخسـتنەوەی ڕیزەکانـی حـزب و چەنـد کادرێک گەڕانـەوە بـۆ ناوچـەی گەرمیـان بـۆ ڕێکخسـتنەوەی ڕیزەکانـی حـزب و (سـدیق ئەفەنـی) گەڕایـەوە بـۆ لێپرسـراوێتی لـق و کاک (فـازڵ میرانـی) گواسـترایەوە بۆلامـان و کاک جەوهـەر نامیق بۆیـە لێپرسـراوی پاراسـتن و بارەگاکەمـان زۆربـەی کات لـە ژێـر دار گوێزەکانـدا بوویـن، ماوەیـەک یـەک دوو بـرادەر ئەڕۆیشـتن بـۆ مۆڵـەت ڕۆژێکیـان کـە بارەگامـان لـە ژێر دار گوێزێک بـوو لـە پێنجوێن بەندە لەگەڵ کاک عارف تەیفور مابوینـەوە بروسـکەیەکمان بـۆ هـات لـە بـارەگای بارزانیـەوە تێیـدا داوای (کەریـم ئاغـا هەمەوەنـدی) دەکـرد کـە بنێردرێـت بۆلایـان بەمەرجێـک لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە نەبێـت و ئـەو کاتـە (کەریـم ئاغـا) لـە پێنجوێـن بـوو پیاوێکـی بەڕێـز و نـاودار بـوو لـە بنەماڵـەی هەمەوەنـد زۆر لـە هـەژاران ڕوویـان تێدەکـرد یارمەتیانـی دەدان هەروەهـا پیاوێکـی خۆشەویسـت بـوو زۆر لەسـەرخۆ بـوو بیرمەندێکـی بـاش بـوو ئێمـەش بەپێـی ئـەو بروسـکەیە پێمـان ڕاگەیانـد کـە برادەرانـی لـق پێیـان خۆشـە بفەرمویـت بـۆ لامـان و سـەردانێکمان بـکات بەڕاسـتی ویسـتمان ئـەو پیـاوە بەڕێـزە هەسـت نـەکات بۆ شـتێکی ناخۆش بانگی دەکـەن ئەویش لەسـەر داوای ئێمـە هات بۆلامـان و بـە گەرمـی بەخێرهاتنمـان کـرد و لـە دوای پشـوویەک و چـا خواردنـەوە پێمـان وت کاک کەریـم ئاغـا بـارەگای بارزانـی پێیـان خۆشـە سـەردانیان بکەیـت هەنـدێ بیـری لێکـردەوە و وتـی باشـە بەسـەر چـاوم دەرۆم بـەڵام ئەمـە بۆ سزادانە و دیارە ڕاپۆرتیان لەسـەرم نووسیوە، (ق) ڕاپۆرتەکـەی نووسـیوە و ئێمـەش ئـەوەی ڕاسـت بـێ هیـچ زانیارییەکمـان نەبـوو لـەو ڕووەوە جگـە لـەوەی (ئـاگاداری) بکەیـن و ڕەوانـەی بـارەگای

بارزانی بکەین بەڵام وتی داواکارییەکم هەیە ئەویش ئەوەیە لە ڕێگەی ئێرانەوە بمنێرن، لە بروسکەکە هاتووە کە لە ڕێگەی ئێرانەوە نەینێرن بەڕاستی موقفی ئێمە زۆر (موحرج) بوو لەگەڵ کاک عارف سەیری یەکترمان دەکرد چونکە ئەگەر لە ڕێگەی ئێرانەوە بینێرین ئەوە لێپرسراوێتی لەسەرمانە ئەگەر پێیدا بڕوا ئەوە پیاوێکی بەتەمەنە و ماندوو دەبێت ناچار ڕێکەوتین و پێمان وت هەرچەندە قەدەغەیە لە ڕێگەی ئێرانەوە خەڵکی ڕەوانەی سەرەوە بکەین بەڵام لەسەر داخوازی جەنابت ئەوا لە ڕێگەی ئێرانەوە دەتنێرین بەمەرجێک کە گەیشتی بڵێی لە ڕێگەی پیادەوە هاتووم ئەویش بەڵێنی پێمان دا و وتی زۆر باشە ئێمە بڕیارەکەمان جێبەجێ کرد و ڕۆشت و دوای چەند ڕۆژێک گەڕایەوە و هاتەوە لامان و وتی زانیم ڕاپۆرتیان لەسەرم نووسیوە چاوم بە جەنابی بارزانی کەوت زۆر ڕێزی لێگرتم چەند چەکێکی بەخشی پێم، لە دوای کشانەوەی پێشمەرگە لەناوچەکانی گەرمیان و هەندێ شوێنی دیکە کە هەموو لە پێنجوێن کۆبوونەوە کە ئەمە زۆر کاریگەر بوو لەسەر خەڵکی کە بەو شێوەیە پێشمەرگە ناوچەکانی چۆڵ کردووە بۆ ئەوەی زیاتر ورەی خەڵکی نەڕوخێت بڕیاردرا کۆبونەوەیەکی فراوان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە نالەبارە و ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجامدرا کە ئەو کاتە (عەبدولوەهاب ئەتروشی) سەرپەرشتی ئەکرد و نێردرابوو بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و داواکرا لە لق حزب نوێنەری خۆی دەست نیشان بکات بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و بڕیاردرا بەندە لەگەڵ کاک نورەدین عەبدولڕەحمان نوێنەری لق بین و ئامادەبین بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و دەست کرا بە کۆبونەوە عەبدولوەهاب دەستی کرد بە قسەکردن و وتی ئەبێ یەکێکی شارەزا بدۆزینەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم هەل و مەرجەی ئێستا وە (حەمە فەرەج) دەست نیشان کرا بۆ ئەو ئەرکە بەڵام عەبدولوەهاب بە تەوسەوە وتی حەمە فەرەج

باشترین کەسە کە خۆی جاش بووە بەڵام کاک حەمە فەرەج لە کاتی خۆی لەگەڵ (م.س) بووە و پیاوێکی ئازا و دلێر بوو یەکێک بوو لە ناودارەکانی ناوچەکە عەبدولوەهاب کە ئەم قسەیەی کرد هەر وەکو پیاوێکی خراپ ناوی هێنا و بەندە لەگەڵ نورەدین زۆر بە تورەییەوە وەڵاممان دایەوە و هەستاین و کۆبونەوەکە بەجێ بهێڵین وتمان پیاوێکی قارەمان و پێشمەرگەیەکی ئازا بوو لەناوچەکە بەم شێوەیە باسی دەکرێت؟ زانی ئێمە زۆرمان پێ ناخۆشبوو زۆر پەشیمان بۆیەوە و داوای لێبوردنی کرد ئامر هێزەکانیش ئێمەیان هێور کردەوە دووبارە دانیشتین و بڕیاردرا جارێکی دیکە چالاکی بکرێت لە ناوچەی گەرمیان و پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە بەو شێوەیە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

شاری پێنجوێن چونکە زۆر دوور بوو لە شەڕی بەعسی فاشست لە هەموو ناوچەکانەوە ڕوویان تێکردبوو و بارەگای لقی کەرکوک، لقی ٤ی سلێمانی و دادگاشی لێبوو چەند کەسایەتییەکی کوردیشی لێبوو، دووبارە بڕیاردرا هەندێ لە ئەندامانی لق بەرەو ناوچەی گەرمیان بگەڕێنەوە بۆ ڕێکخستنی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکی ئەم هەڤاڵانە بەم کارە هەستن (نورەدین عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، عارف تەیفور) گەڕانەوە بۆ دەڤەری گەرمیان دەستکرایە ڕێکخستن و چالاکی هەڤاڵان لەو ناوچەیە، لە پێنجوێن قوتابیەکی زۆر هەبوو ڕوویانی تێکردبوو بە تایبەتی قوتابیانی کەرکوک زۆر بێ دەرامەت بوون و پێویستیان بە یارمەتی هەبوو بڕیاردرا بەندە سەردانی مەکتەبی سیاسی بکەم بۆ دابین کردنی هەندێ یارمەتی و ئەم بڕیارەم جێبەجێ کرد و ڕۆشتم بەرەو بارەگای (م،س) لە دوای گفتوگۆ کردن و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی خەڵکی بە تایبەتی ئەو بارودۆخە نالەبارەی قوتابیان بڕیارماندا هەندێ یارمەتی بنێرین بۆ ئەو قوتابیانەی کەرکوک

بۆ ئەوەی بەڕێکوپێکی دابەش بکرێت حزب بڕیاریدا بۆ ئەم کارە بەندە جێبەجێی بکات چونکە قوتابیان زۆربەیان خەڵکی کەرکوک بوون بە شانازیەوە ئەو کارەم خستە ئەستۆی خۆم و یارمەتیم دابەش کرد بەسەر هەموو قوتابییەکان و ئەو کەسانەی پێشمەرگەن و خاوەنی خێزانن و هەندێ بوژانەوە چونکە کەرکوکیەکان زۆر پێویستی بە گرنگی پێدان و لاکردنەوە هەبوو بۆ مێژوو لقی کەرکوک زۆر هەوڵی چارەسەری کێشەی خەڵکی ئەدا بۆ ئەوەی هەست نەکرێت کە کەس گوێیان پێ نادا زۆریان پێ خۆشبوو کە هەمیشە سەرپەرشتی ئەکرێن و هەوڵ ئەدرێت چارەسەری کێشەکانیان بکرێت.

***

**ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلول** (١٩٧٥/٣/٢٠)

شۆڕش لە کاتێکدا لەو پەڕی سەرکەوتندا بوو هێزێکی کاریگەر هەبوو میللەت هەمووی بەیەک دەنگ خەباتیان دەکرد و زۆر پاڵیان دابوو بە شۆڕشەوە و زۆر لە سەرکردەکانی شۆڕش ئامر هێز و چاونەترس بوون و کادیرەکان زۆر بە چڕی هەوڵی سەرکەوتنی شۆڕشیان ئەدا و هەموو چەکێک هەبوو تەنانەت فڕۆکە شکێنشیان هەبوو بۆ ئەم ڕاستیەش فڕۆکەیەکی (باجەری-ڕوسی) کە گەورەترین فڕۆکەی ڕوسی بوو لە (حاجی ئۆمەران) خرایە خوارەوە لە هەمان کاتدا هێزی سوپای بەعسی لە ناوچوو و زۆر لاواز بوو نەیدەتوانی بەرەنگاری هێزی پێشمەرگە بێتەوە و زۆربەیان لە ڕیزەکانی سوپای عیراق هەڵدەهاتن لە بێ موچەیی و لاوازی سوپاکە کە ڕژێم هەستی کرد بە لاوازی (سەدام حوسێن) کە پیاوێکی دیکتاتۆر بوو جێگری سەرۆک کۆماری ئەو کاتە (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو، سەدام

نامەیەکی ئاراستەی (هەواری بومدیەن)ی کرد کە سەرۆک کۆماری جەزائیر بوو هەوڵ بدات بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ شای ئێران کە (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) بوو چونکە سەدام گروپێکی مافیای بۆخۆی دروست کردبوو هەرچی بکردبا نەدەتوانرا بەرهەڵەستی بکرێت تەنانەت ئەندامی حزبەکەی و سەرۆک کۆمار هیچی پێ نەدەکرا و نەیدەتوانی پێچەوانەی سەدام قسە بکات لە دوای ڕازی بوون (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) داواکەی هەواری بۆمدیەنی وەرگرت و دەستکرایە گفتووگۆ لە نێوان سەدام و محەمەد ڕەزا شای ئێران لە کۆنگرەی لوتکەی ئۆپیک بوو لە جەزائیر بەسترا بە ئامادەبوونی هەواری بۆمدیەن لە ڕۆژی (٦/ئازار/١٩٧٥) ئەو ڕێکەوتنە واژۆکرا لە نێوانیاندا هەرچەندە ماوەیەکی زۆر گیروگرفت دروست بوو لەسەر (سنوور) بەڵام سەدام داوای لە محەمەد ڕەزا شا کرد کە بە هیچ جۆرێک یارمەتی شۆڕشی کورد نەدات، سەدام حوسێن زۆر لە خاکی عێراقی بە فیرۆدا و ئەم ڕەفتارەی سەدام زۆر ناڕەزایی لێکەوتەوە لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکانەوە کە سەدام خاکی عێراقی بەخشیووە بە ئێران و داوای کرد (١٢٠٠)کم بە درێژایی سنوری عیراق لەگەڵ ئێران چۆڵ بکرێت وە درێژایی (٢٠) کم سنووری عێراق بۆ ناو عێراق چۆل بکرێت ئەو ڕووداوە ڕوویدا، بارزانی لە دەرەوەی وڵات بوو خەڵکی مقۆ مقۆی تێکەوتبوو باسی ئەوەیان ئەکرد کە گوایە مەلا مستەفای بارزانی گیراوە و لە هەمان کاتدا ئەرتەشی ئێرانی بە چڕی تۆپبارانی جەیشی عێراقیان ئەکرد کە بەیانەکە دەرچوو بۆ ڕێکەوتن لە نێوان عێراق و ئێران لە ماوەیەکی کەمدا ئەرتەشی ئێران لەسەر سنوور بوون کشانەوە و هەرچی چەک و کەرەستەیان هەبوو لەگەڵ خۆیان بردیان، بارزانی گەڕایەوە کوردستان و خەڵکی زۆر دڵخۆش بوون وا بیریان ئەکردەوە شۆڕش بەردەوام ئەبێت بەڵام جارێکی کە خەم و پەژارەیەکی

زۆر توشی خەڵک و پێشمەرگە بووەوە چونکە چارەنووسی شۆڕش نادیار بوو هیچ تروسکاییەکی خۆش دیار نەبوو ئەو کات تەنها پارتی سەرپەرشتی شۆڕشەکەی ئەکرد هەموو چاویان لای بڕیاری بارزانی بوو بۆ ئەوەی بزانن بۆ چارەسەری ئەم ڕووداوە دڵ تەزێنە و دوا ڕۆژی میللەتەکەمان و شۆڕش چی بەسەردێ چونکە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نەبوو بڕیار بدات و هێزی پاراستن بڵاو بۆیەوە و کەس نەیدەتوانی هیچ ڕایەک دەربڕێ جگە لە بارەگای بارزانی لایەنێکی کە نەبوو بەرهەڵستی بکات هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی ورتەیان لێوە نەهات بۆ چارەسەری ئەم ڕووداوە گرنگە ئەوانیش وەکو خەڵکی چاوەڕێی بڕیاری بارزانیان دەکرد بەڵام هەندێ سەرکردە هەبوو ڕایان وابوو شۆڕش ئەبێت بەردەوام بێت چونکە خەڵکێکی دڵسۆزی لەگەڵدایە و ئەتوانن شۆڕشەکە بەردەوام بێت و هەندێ سەرکردە کە لە حزبی (شۆڕشگێران) بوون وەکو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و شەهیدی نەمر کاک عەلی عەسکەری بەڵام هیچیان پێ نەدەکرا وەکو پەناهەندە بوون، بارەگای بارزانی هەواڵی ئاش بەتاڵی شۆڕشیان بڵاوکردەوە ناخۆشترین شت لە ناو میللەت و پێشمەرگە بوو ئەو بڕیارە، بروسکەیەکی بارزانی هەموو شوێنەکانی ئاگادار کردەوە کە تێیدا ئەبێت لەبەر ئەوەی پیلانێکی گەورەی دوژمنان هەیە بۆ لەناوبردنی میللەتەکەمان بۆیە بڕیاری کۆتایی هێنانی شۆڕشماندا، هەموو ئازادن و تەسلیم بە عێراق ئەبن یان بە ئێران ئیتر هەموو خەڵکی و پێشمەرگە دەست کراوەیە کە ئەم بڕیارە ناخۆش بڵاو بۆیەوە، ئەم بڕیارە هەموو خەونی کوردی لە بار بردو زۆر لە هاوڵاتیان و پێشمەرگە دەستیان کرد بە گریان و چەک فرێدان و هاواریان دەکرد کەوا ڕەنجی هەزارەها شەهید و بنەماڵە و ماڵ وێران بە چرکەیەک کۆتایی هات وەکو ڕۆژی حەشری لێهات لەو

کاتـە ئێمـە لـە پێنجوێن بووین و کۆبوونەوەیەکی لق کرا و باسـی ئـەوە کرا کـە پێویسـتی هەمـوو بچنـە ئێران بـەڵام بەنـدە لەگـەڵ کاک نورەدیـن بە ئاشکرا ڕامانگەیاند کە ئێمـە ئامادە نین بچین بۆ ئێران چونکە هەمـوو شـتێک کۆتایـی هاتـووە و جارێکـی کـە لـە ئـۆردوگاکان ژیـان بەرینـەوە سـەر و نازانین دوا ڕۆژمـان چۆن ئەبێ؟ بـەڵام برادەران زۆر هەوڵیان دا بـە تایبەتـی کاک عـارف تەیفـور بـێ سـود چونکـە ئێمـە بڕیـاری خۆمـان دابـوو وتمـان ئەگـەر شـۆڕش بـەردەوام ئەبێت ئـەوا تاکـو دوا دڵۆپـەی خوێنمـان لەگەڵتانیـن بـەڵام بـەلای ئێمـەوە ئێـران جێگـەی بـاوەر نییـە و خۆشـمان ناخەینـە دەسـت قـەدەرەوە، ئـەو کاتـە (نـوری شـاوەیس) لـە پێنجوێـن بـوو (عەلـی هـەژار) بڕیارەکـەی هێنـا بـۆ کاک نـوری شـاوەیس کـە تێیـدا ئـاش بەتاڵـی شۆڕشـی پـێ ڕاگەیانـد و ئـەو کاتـە کاک (سـدیق ئەفەنـی) لێپرسـراوی لـق بـوو ئـەم هەواڵـە دڵ تەزێنـەی ڕاگەیانـد، بەنـدە لەگـەڵ کاک نورەدیـن چوویـن بـۆلای کاک نـوری شـاوەیس ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی و لێپرسـراوی جێبەجـێ کردنـی بڕیارەکـەی بارزانـی، پێمـان ڕاگەیانـد ئێمـە ئامـادە نیـن بچیـن بـۆ ئێـران بەڕاسـتی کاک نـوری زۆر هەوڵـی لەگەڵمانـدا کـە پێکـەوە بـەرەو ئێـران بڕۆیـن بـەڵام بـێ سـوود بـوو هەتاکـو بـە بەنـدەی وت (نەجمەدیـن) لـە (سـەید سـادق) لـە سێدارەت دەدەن منیـش وتـم کاک نـوری هیـچ نەبـێ جەنازەکەمـان دەکەوێتـە دەسـت کەسـوکارم زانـی ئێمـە سـوورین لەسـەر گەڕانـەوە بـۆ عێـراق وتـی باشـە وامەکـەن کـەس بزانێـت چونکـە لێـرە خەڵکـی سـەر بـە ئـەم لاو ئـەولا هەیـە خۆتـان چارەسـەری گەڕانەوەتـان بکـەن منیـش لەبـەر ئـەوەی مـاڵ و منداڵەکانـم کـە لـە کاتـی خـۆی دەرکرابـوون لەگـەڵ دایکـی ڕەحمەتیـم و چەنـد پێشـمەرگەیەکی خزمـی خـۆم لەگەڵدابـوو بـەر لـە خـۆم ڕەوانەیانـم کـرد، بـۆ گەڕانـەوە لەگـەڵ کاک نورەدیـن و (مەحمـود مـەلا عیـزەت) گەڕاینـەوە لـە ڕێگـەی دۆڵـە سـوور کـە هەمـوو ڕێگەکـە بۆمـب ڕێـژ کرابـوو

هەروەهـا مینـی زەویـان دانابـوو ئێمـەش کەسێکمان دۆزیـەوە کـە شـارەزایی ناوچەکە بوو تراکتۆری هەبوو بەکرێ گرتمـان بـەرەو شـاری سلێمانی بڕۆین و بە سەلامەتی ئێمـەی گەیاند چونکە لـەو ڕێگەیە مینێک تەقیـەوە بـە خێزانێکـدا لـە کاتـی گەڕانەوەیـان بـە داخـەوە هەموویـان شـەهید کران، کـە گەیشـتینە سـلێمانی ڕەوانـەی بـارەگای حزبـی بەعسـی گـۆڕ بـە گـۆڕ کرایـن زۆربـەی لـەو کەسـانەی کـە گەڕانـەوە بـۆ عێـراق و هەنـدێ کەسـی لەنـاو شـۆڕش بـەرەو ئێـران ڕۆشـتن و هیـچ کەسـێک نەیدەزانـی ئەنجامـی هاتنـی بـۆ عێـراق چـی بەسـەردێت؟ ئەگـەر مردنیـش بێـت ئـەو خەڵکـە گەڕانـەوەی پـێ باشـتر بـوو، لێپرسـراوی بەعـس ئامادەبـوو لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی گەڕاونەتـەوە لـەو کۆبونەوەیـە بـوون و هەنـدێ  گفتوگۆی کـرد لەسـەر ئـەو ڕێکەوتنـەی عێـراق - ئێـران هەروەهـا بـۆ هێورکردنـەوە بەخێرهاتنـی خەڵکـی کـرد بـەڵام زۆر بـوو بـە مناقەشـە سـەرەرای ئـەو بارودۆخـە نالەبـارەی ئێمـە پرسـیاری لێکرا چـۆن قوتابـی زانکـۆ کچێـک وەکـو (لەیلا قاسـم) لـە سـێدارە ئـەدەن  تاکـو ئێسـتا شـتی وا ڕووی نـەداوە؟ لـە وەڵامـدا لێپرسـراوەکەی بەعـس وتـی لـە سـێدارە درا بـۆ ئـەوەی ببێتـە نمونەیـەک کـە کـەس جارێکـی دیکـە زاتـی ئـەوە نـەکات سـەرپێچی لـە فەرمانەکانمـان بـکات و هـەوڵ بـدات ئـاژاوە بنێتـەوە هەرچەنـدە وەڵامەکـەی لای ئێمـە قبـول نەبـوو چونکـە ئـەو ڕەفتـارە قێزەونـە پێچەوانـەی هەمـوو مرۆڤایەتیشـە بـۆ دەم کـوت کردنـی میللەتەکەیـە کـە داوای مافـی خـۆی نـەکات لـە دوای کۆبوونـەوە کـە بەنـدە لەگـەڵ کاک نورەدیـن بـە یاوەری چەنـد ئەمنێـک ڕەوانـەی ئەمنـی کەرکوک کرایـن ئـەو کاتـە لێپرسـراوی بەعسـی لەناوچـوو (سـەید ئەسـوەد) بـوو کـە گەیشـتینە کەرکـوک ئێمەیـان بـرد بـۆلای بەڕێوەبـەری ئەمنەکـە پێـی ئەوتـرا (ابـو عروبـە) پێمـان ڕاگەیانـد لەبـەر ئـەوەی شـۆڕشـی کـوردی کۆتایـی  هـات بـە پەسـەندمان زانـی بگەڕێنـەوە بـۆ وڵاتـی خۆمـان کـە

عێراقە هیچ شوێنێکی دیکەمان بە باش نەدەزانی بۆیە بەرگەی هەموو خۆشی و ناخۆشیەک ئەگرین ئیتر ئەویش بەخێرهاتنەوەمانی کرد هەروەها زۆر سەرکردەمان گەڕانەوە وەکو (کاک عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) . عەلی عەسکەری، دارا تۆفیق) هەندێ لە سەرکردنەکانی تریش، لە دوای چەند ڕۆژێک بڕیاردرا بەندە بگواسترێتەوە بۆ هەولێر (دائیرەی ئەشغال) و پێویستە ڕۆژی دووجار لە ئەمنی هەولێر واژۆ بکەم بۆ ئەوەی ئاگایان لە هەڵسوکەوتم بێت ئیتر منیش بە دەوام کردن لەو دائیرەیە و کە پێنج شەممە بگەڕێمەوە بۆ کەرکوک ئەبێت ئەمن ئاگای لێم بێت بۆ ماوەی (٩ مانگ) ئەمە وابوو لە دوای کاک (عیزەت) خەڵکی کەرکوک بوو بووبە لێپرسراوی فەرمانگەکە، ڕۆژی پێنج شەمە و هەینی مۆڵەتیان دەدامێ کە بگەڕێمەوە بۆ کەرکوک سەر لە خێزانەکەم بدەم ڕۆژێکیان لە دوای ئەو ماوەیە کاک عیزەت ناردی بە دوامدا منیش چووم بۆلای و زۆرجار دەیوت لەگەڵما بگەڕێوە بۆ کەرکوک چونکە خۆشی خەڵکی کەرکوک بوو، زۆر سوپاسم کرد و وتم جەنابت ئیشت زۆرە ناتوانم چونکە ناگونجێت لەگەڵ جەنابت هاتووچۆ بکەم ئەوەی ڕاستی بێ پێم خۆش نەبوو ڕژێم کە مراقەبەی بەندەی دەکرد ئەو بەڕێزەش هەندێ نارەحەت بێت هەرچەندە ڕونم ئەکردەوە بەڵام ئەیوت ئارەزووی خۆتە لە دوای ماوەیەک ڕۆژێکیان بانگی کردم و وتی فەرمو دانیشە لە (نوسینگەکەی خۆی) تەنها هەردووکمان بووین وتی نازانم خەبەرێکم پێیە خۆشە و ناخۆشە منیش وتم فەرموو بیڵێ وتی جەنابت بە بڕیاری (نوسراوی) سڕی و شەخصی / مەجلیسی قیادەی سەورە، بە ژمارە ٣٣٤٠/١٠ لە بەرواری (١٩٧٥/١١/١٠) گواستراویتەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی (اشغال الديوانية) ئەویش زۆر پێی ناخۆش بوو بەڵام وتی لەوە ئەچێت ئێمەش لە دوای تۆ بگوازرێینەوە و دوور بخرێینەوە وتی تۆ مافی خۆتە لە دوای پێنج

ڕۆژ بڕۆی بۆ ئەو شوێنە نوێیە کە بۆی گواستراویەتەوە منیش داوای لێ بوردنم کرد لە کاک عیزەت و خواحافیزیم لێکرد و هەڵسام بەرەو شاری کەرکوک گەڕامەوە زۆر دڵ تەنگ بووم چونکە ئەو شارەم نەدیبوو نەم دەزانی چۆن شارێکە و گوزەرانی چۆن بەڕێوە دەچێت لە هەندێ کەس پرسیارم کرد کە شارەزای دیوانیە بوون و وتیان نزیکە (١٨٠) کم لە بەغداوە دوورە منیش ناچار بووم بەرەو ئەو شارە ڕۆیشتم و یەکەم جار چوومە هۆتێلێک بە ناوی (شط العرب) سەیرم کرد زۆر هۆتێلێکی دواکەوتوو بوو جێگەیەکی ناخۆش بوو ئیتر کتوپڕ دەرچووم بۆ هۆتێلی (حەکیم) لە جێگەکەمەوە زۆر نزیک بوو تەمەشام کرد کوردێکی زۆری لێیە لێپرسراوەکانی حزب و پێشمەرگە و فەرمانبەر و هەموو لەو شارەن هەندێ لەو کەسانەم دەناسی و هاتنە لام و بەخێرهاتنیان کردم و پێیان وتم لێرە خەڵکێکی زۆر گواستراوەتەوە هەروەها بەشێکیان لە قەزا و ناحیەکانن لە ڕۆژی (١٩٧٦/١/٥) (دەست بەکاربووم) لێپرسراوی فەرمانگەکە خەڵکی (حلە) بوو چونکە خەڵکی دیوانیە ئەندازیاریان کەم بوو و لە چەند فەرمانگەیەک فەرمانبەرەکانی خەڵکی شاری (حلە) بەڕێوەیان دەبرد و ئەندازیارێکی کوردی لێبوو زۆر کەسێکی باش بوو خەڵکی شاری سلێمانی بوو ناوی (نەژاد خەفاف) بوو، پیاوێکی بەتەمەن کاک عەلی فەتاح حەوێزی لەگەڵ کوڕێکی کورد لە کاتی خۆی (ملازم پۆلیس) بوو ناوی محەمەد کەریم بوو ئەوانیش گواسترابونەوە چوومە لای بەڕێوەبەرەکە و فەرمانی گواستنەوەکەم پێدا و بەخێرهاتنمی کرد بەڕاستی پیاوێکی زۆر ڕوو خۆش و چاک بوو وتی فەرموون لەگەڵ چەند فەرمانبەرێک پێکەوە بن بەڵام لە ناخمەوە زۆر پێم ناخۆش بوو چونکە دوور لە جێگەی خۆتی و بێ ئاگای لە ماڵ و منداڵ هەرچۆنێک بێت ئەو هەموو ناخۆشیەم قبول کرد لە ئۆتێلەکە چەند کەسێک خەڵکی سلێمانی لێبوو

وەکو (ڕەشید عارف) کە لێپرسراوی سەندیکای سلێمانی بوو دەمناسی هەروەها کاک کامیل عەلی خۆی و براکەی و کاک سەلاح چاوشین و مامۆستا باقی و مامۆستا ئەنوەر وە هەموو هاتن بۆلام و پێشوازییەکی باشیان لێکردم و وتیان ئێمە هەموو لێرەین و سەدان کورد گواستراوەتەوە زۆربەیان ڕەوانەی قەزا و ناحیەکان کراون ئەو جێگەیە کە منی لێبووم زۆر نزیک بوو لە جێی کارەکەم ماندوو نەدەبووم بۆ هاتووچۆ هێشتا خێزانەکەم دەرنەکرابوو لە کەرکوک هەمووجار خواردنم لە دەرەوە دەخوارد بۆ ماوەیەک ئیتر برادەران گوتیان بۆ لەگەڵ ئێمە بەشدار نابیت بۆ نان خواردن زۆر پێم خۆش بوو وتیان ئەبێ ڕۆژی (ربع دینار)ـێک بدەیت مەرجێکیشیان هەیە دوو کەسمان هەفتەیەک لە دوای نان خواردن شتەکان پاک دەکەینەوە منیش ووتم باشە ئێوە چی ئەکەن منیش وەکو ئێوە جێبەجێی ئەکەم ئیتر بەڕاستی خواردنێکی پاک و خاوێن و زۆر ئاسودە بووم هەر لەو ئۆتێلە ئیشەکانمان ئەکرد بەلام لە دوای هەفتەیەک منیان عەفو کرد لە قاپ شۆردن و وتیان ئیتر تۆ قاپ شتن و پاک کردنەوە مەکە منیش زۆر سوپاسیانم کرد، ڕۆژێکیان کاک (ئەحمەد کوردە) هاتبوو بۆ ئۆتێلەکە و چاوم پێکەوت و بەخێرهاتنم کرد وتم خێرە لێرەی؟ وتی هاتووم بۆ لای کاک عومەری برازای حاجی برایم چەرمەگا لە هەمان ئۆتێل دابەزیبوو وتی وەرە پێکەوە بچین بۆلای یەکتر بناسن بەندەی پێ ناساند و وتی کاک عومەر کاک نەجمەدین خوارزامانە چونکە بەندە دایکی ڕەحمەتیم لە عەشیرەتی (گۆمەیی) بوو ئیتر بەڕاستی ئەویش زۆر پێی خۆشبوو وتم کاک عومەر منیش لە هەمان ئۆتێلم زۆری پێخۆش بوو هەموو جارێک سەردانی یەکتریمان دەکرد ڕۆژێکیان هات بۆلام بۆ ژوورەکەم وتی کاک نەجمەدین بەڕێوەبەری ئەمنەکە داوام دەکات ئەبێ سبەی بچم بۆلای تۆ ئەڵێی چی؟ لە وەلامدا وتم کاک

عومـەر جەنابـت خەڵکێکـی زۆر سـەردانت ئەکـەن لەوانەیـە پێـت بڵێـن هەنـدێ کـەم کـەس هاتووچـۆت بکـەن یـان بیریـان کردۆتـەوە کـە جەنابـت عەشـیرەتی گـەورەت هەیـە دووبـارە بڕیـاری گەڕانـەوەت بـدەن بـۆ سـلێمانی ئەویـش لەسـەر داوای بەڕێوەبـەری ئەمـن ڕۆشـت و چـاوی پێکـەوت و ئاگاداری کردبۆیـەوە کە بە بڕیاری قیادە بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ دەرکـردووە بـۆ سـلێمانی زۆر پێـی خۆشـبوو و گەڕایـەوە بـۆ شـاری سـلێمانی، لـە دوای چەنـد مانگێـک دەوامـم کـرد ڕۆژێکیـان بەڕێوەبـەری فەرمانگەکـە ناردی بـە دوای منـدا منیـش چـووم بـۆلای و وتـی فەرمـوو دانیشـە ناردی چایەکـم بـۆ هـات و وتـی ئێسـتا (معـاون ئەمـن) لـەلام بـوو بەڕێوەبـەری ئەمـن داوات دەکات ئەبـێ سـبەی بـڕۆی بـۆلای منیـش وتـم چاکـە بـەر لـەوەی بڕۆیـن سـبەینێ وەرە بـۆ فەرمانگـە خـۆم لێـرەوە ڕەوانـەت دەکـەم بـە ئۆتۆمبێلـی فەرمانگـە سـەرۆک لیژنـەی سـەندیکا کـە نـاوی (کەریـم جەسـاب) بـوو لەگەڵتـا دەینێـرم بـۆ ئـەوەی بزانـم ئەنجامـی بـە کـوێ دەگات منیـش وتـم سوپاسـت دەکـەم و گەڕامـەوە جێگـەی خـۆم ئێتـر ئـەو ڕۆژە ئـاگاداری برادەرەکانـم کـردەوە کـە سـبەینێ بەڕێوەبـەری ئەمنەکـە داوای بەنـدە دەکات بـۆ ئاگاداریتـان بـۆ ڕۆژی دووەم کـە چـووم بـۆ فەرمانگـە بەڕێوەبـەر کـە پێـان دەوت (ئەبـو نەسـر) خەڵکـی حلـە بـوو نـاردی بـە دوای سـەرۆک لیژنـەی سـەندیکا پێـی وت لەگەڵـی دەبیـت و لـە ئەنجامەکـەی ئـاگادارم دەکەیتـەوە پێکـەوە چوویـن بـۆ بـارەگای ئەمـن کـە جێگەکـەی لـە بینـای پارێزگا بـوو لـە نهۆمـی دووەم ئـەو کـورەش لەگەڵـم هاتبـوو لـە پرسـگەکەی دانیشـتین تاکـوو بزانیـن چـی دەبێـت  ئێتـر چوومـە ژورەکـەی بەڕێوەبـەری ئەمـن پیاوێکـی بـاڵا بـەرزی ئەسـمەر دانیشـتبوو سـڵاوم لێکـرد و وتـی فەرمـوون دانیشـە منیـش دانیشـتم و وتـی جەنابـت (نەجمەدیـن گلی)ـیت ؟ وتـم بەڵـێ وتـی ئەندامـی لـق بوویـت ؟ وتـم بەڵـی وتـی هەمـوو خێزانەکـەت بەپێـی بڕیـار ئەبێـت لێـرە بـن منیـش وتـم خانـووم

دەست ناکەوێت زۆرم هەوڵداوە بەڵام تا ئێستا نەم دۆزیوەتەوە ئیتر داوای چایەکی بۆ کردم بەڵام زۆر ترسام لە چایەکە بیرم ئەکردەوە نەوەک خوا نەخواستە شتێکیان تێکردبێت و لەناوم بەرن و زۆر ناڕەحەت ببوم بەڵام چارم نییە ئەبێ بیخۆمەوە دەستی کرد بە قسەکردن و وتی بەڕای تۆ ئەبێ چی بکەین بۆ (منطقة شمالي) لە وەڵامدا وتم حکومەت خۆی چی بە باش دەزانێت بیکات بەڵام زۆری لەگەڵم وت منیش وتم ئێستا من تازەم لە دیوانیە ڕای من ئەبێت چی بێت دووپاتم کردەوە و وتم کەیفی خۆتانە کە حکومەت چی ئەکات ئیتر ئەویش دووپاتی کردەوە لەسەر ئەوەی ماڵەکەم بهێنم چونکە بڕیار وابوو، کە قسەکان تەواو بوو دەرچومە دەرەوە و ئەو کورە کە بەڕێوەبەرەکە لەگەڵم ناردی چاوەڕوانم بوو پێکەوە گەڕاینەوە بۆ فەرمانگە و ئاگاداری برادەرانم کرد و ئەوانیش زۆر پێیان خۆشبوو بە سەلامەتی گەڕامەوە بۆ جێگەی خۆم لە ئۆتێل (حەکیم) لە دوایدا بۆم دەرکەوت کە کاک (عەلی عەسکەری) هەڵهاتبوو گەیشتەوە ڕیزەکانی شۆڕش، ڕژێم وای دەزانی هەموو ئەندامەکانی دیکەش پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن چونکە کوڕێکی خزمم ئاگاداری کردم بە تەلەفۆن وتی فەرمانی گرتنت بۆ دەرچووە لە بازگەکان ئەگەر بگەڕێتەوە ئەتگرن ماوەیەک بمێنەوە چونکە کاک عەلی عەسکەری پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردەوە بەندەش لەسەر قسەی ئەو خزمەم بۆ ماوەیەک مامەوە لە دیوانیە.

وەزارەتی (اسکان و التعمیر) بڕیاریدا فەرمانگەی (اشغال) ببێتە دوو بەشەوە هەروەها کارمەندەکانیش ببنە دوو بەشەوە، بەشێک وەکو خۆی بمێنێتەوە و ئەو بەشەی دیکەش (ڕێگاوبان) جیا بێتەوە لە دوای هەڵسەنگاندنی کارەکە بڕیاردرا کاک نەژاد خەفاف کە ئەندازیارێکی کورد بوو ئەویش گواسترابۆوە بۆ دیوانیە ببێت بە لێپرسراوی

فەرمانگـەی (طـرق و جسـور) ئەویـش چەنـد ئەندازیـارو کرێـکارو فەرمانبەرێکـی داوا کـرد لەگەڵـی بـن بـۆ هەڵسـوڕانی کارەکانـی و بـە بەڕێوەبەرەکـەی وت پێمخۆشـە کاک نەجمەدیـن گلیـم لەگـەڵ بێـت هەرچەندە بەڕێوەبەرەکەی اشـغال پیاوێکی باش بوو ڕێزی لێ دەگرتم بـەڵام بەڕاسـتی پێـم خۆشـبوو لەگـەڵ نـەژاد بـم چونکـە ئەندازیارێکـی کـورد بـوو خەڵکـی سـلێمانی بـوو هەروەهـا خێزانەکەشـی لەگـەڵ بـوو ئـەو داواکاریـەم قبـوڵ کـرد چونکـە تاکـە فەرمانبـەر بـووم و ئەوانـی تـر هەموویان کرێکار بوون لەهەمان کاتدا هەوڵم ئەدا خانویەک بدۆزمەوە بـۆ ئـەوەی کـە منداڵەکانـم گەیشـتن خانووەکـە ئامـادە بێـت برادەرێکـم هەبـوو بەنـاوی (مامۆسـتا محەمـەد نـوری تۆفیـق) کـە دەمێـک بـوو دەمناسـی و براکانـی بـرادەرم بـوون هەمـوو جارێـک پێکـەوە دادەنیشـتین لـە چایخانـەی (لیـوا) کـە زۆربـەی کـوردەکان لـەو چایخانەیـە ڕۆژگاریـان ئەبـردە سـەر ئیتـر کەوتینـە سـەر باسـی خانـوو گرتـن و پێکـەوە چوویـن هـەوڵ بدەیـن خانوویـەک بدۆزینـەوە بەشـی هەردوولامـان بـکات خانوویەکمـان دۆزیـەوە لـە گەڕەکێـک بـە ٤٥ دینـار و منداڵەکانـی ئـەو لـەوێ بـوون لـە رۆژی (١٩٧٦/١٠/٤) ماڵەکـەم گەیشـتە شـاری دیوانیـە بـە ئۆتۆمبێلێکـی دوو تەنـی چونکـە ڕژێمـی بەعسـی لەناوچـوو ماڵەکەمیـان سـەرمۆر کردبـوو بـە تالانـی فرۆشـتیانەوە و ئەمنـەکان زۆر شـتیان بـۆ خۆیـان بردبـوو وەکـو توحەفیـات و شـتی نایـاب لێپرسـراوەکان بردیـان بۆخۆیـان، مامۆسـتا محەمـەد نـوری (٣) منداڵی هەبوو لەگەڵ خێزانەکەی بەنـدەش دوو منداڵـم هەبـوو لەگـەڵ خێزانەکـەم بەڕاسـتی ئـەو ماوەیـەی کـە پێکـەوە بوویـن پیاوێکـی لەسـەرخۆ و بـە حورمـەت بـوو هەروەهـا خێزانەکانمـان زۆر گونجـاو بـوون وەکـو دوو خوشـک، بۆ جارێکیش دڵمـان لەیـەک نەیەشـا هەمـوو جارێـک پێکـەوە ئەچوویـن بـۆ ناوشـار و پێکـەوە دەگەڕاینـەوە، لـە ڕۆژی (١٩٧٧/١/٢٩) کوڕێکمـان بـوو، ڕۆژێکیـان کاک

نەژاد کە بەڕێوەبەری ڕێگاو بان بوو ناردی بەدوامدا و وتی خانوویەکی حکومەت هەیە چۆڵ بووە لە تۆ زیاتر فەرمانبەرمان نییە هەرچەندە خانووەکە لە کاتی ئینگلیز کراوە وەرە وەریگرە زۆر نزیک فەرمانگەیە منیش زۆر سوپاسم کرد و پێم خۆشبوو بەڵام بیرم لەماڵی مامۆستا محەمەد نوری ئەکردەوە کە چۆن جێیان بهێڵم ئەو پارە زۆرە بدات بە کرێ خانوو هەرچەندە دەمزانی قەدەغەیە ماڵێکی ترم لەگەڵدابێ بەڵام کە گەڕامەوە لە دوای دەوام بە مامۆستا محەمەد نوریم وت شتێکی وا هەیە ئەویش لە وەڵامدا وتی پیرۆزە بەڵام نابێت لەگەڵت بێم چونکە قەدەغەیە دوو ماڵ پێکەوە لە خانووی حکومەت بن وتم کاک محەمەد پێکەوە ئەڕۆین ئەگەر زانیمان زۆر ناڕەزای پیشان ئەدەن ئەو کاتە بیرێکی لێ ئەکەینەوە خانوەکە چوار هۆدەی تێدابوو بەڵام ساڵۆنێکی گەورەی هەبوو وتم کاک محەمەد دوو هۆدە بۆ جەنابت و هۆدە و نیوەکەی تر بۆمن چونکە منداڵەکانم زۆر هەراش نەبوون ئیتر بڕیارماندا و ماڵمان گواستەوە بۆ ئەو خانووە و پێکەوە بووین بەڵام ئاژاوە هەبوو لەسەر ئەو خانووە لە دوای چەند مانگێک پێکەوە بووین کاک محەمەد نوری وتی بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی نەکەوێتەوە سەرت من لەگەڵ برادەرێک ڕێککەوتووم پێکەوە خانوویەک بگرین منیش وتم زۆر پێم ناخۆشە ئامادەبووم جارێکی دیکە خانوویەک پێکەوە بگرین بەڵام زۆر بە خۆشحاڵیەوە دەرچوون هەمیشە سەردانی یەکتریمان دەکرد و برایەتیمان بەردەوام بوو لە ساڵی (١٩٧٧) حکومەت ماوەی خەڵکی دا و ئەوەی ئەیەوێت بگەڕێنەوە بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر داواکاری بەرزبکاتەوە، لە دوای ڕەزامەندی ئەمنی ئەیان گەڕێنینەوە زۆر کەس لەو خەڵکانەی لەوێ بوون لە دوای چاوپێکەوتن لەلایەن ئەمنەوە گەڕانەوە بەڵام ئەوە بەرپرسیارێتی هەبوو یان خەڵکی کەرکوک بوو ڕێگەیان نەدەدا بە تایبەتی ئەوانەی ئەندامی لق بوون کاک شێخ

محەمـەد شـاکەلی هـات بـۆلام و وتـی کاک نەجمەدیـن ئـەم بڕیـارە ئێـوە ناگرێتـەوە منیش پێم وت کـە بەنـدە ئامـادە نیم لـە ئەمـن بڕیـارم بـۆ بدەن ئەبێ بلێـت مـن هیـچ پەیوەندیـم بـە سیاسـەتەوە نییـە گوێڕایەلـی ئـەوان بیـت بەنـدە لەسـەر ئـەو بڕیـارە نەگەڕامـەوە و مامـەوە بـەڵام ئـەوەی دڵخۆشکەر بـوو خەڵکی دیوانیـە چونکە خۆیان لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە تونـد و تیژیـان لەسـەر بـوو بەنـدەش بـەو چـاوەوە سـەیرمیان دەکـرد و زۆر ڕێزیـان دەگرتیـن هـەر پێویسـتیەکمان هەبوایـە هاوکاریـان دەکردیـن چونکـە ڕژێمـی بەعـس مۆڵەتـی (شـیعە)کانی نـەدەدا بچـن بـۆ زیـارەت لـە ڕۆژانـی عاشـورا وەکـو نەریتێکـی خۆیـان هەمـوو سـاڵێک یادکردنـەوەی شـەهید کردنی (ئیمـام حوسـێن) ئەکەنـەوە و بـە مەراسـیمێکی زۆر فراوان بـەڵام ئـەو مـاوە ڕێگەیـان نەئـەدا وای لێهاتبـوو زۆر بـە (نهێنـی) ئەوەیـان دەکـرد و زۆربەیـان توشـی بەندیخانـە و ئەشـکەنجە دەبوونـەوە بۆیـە ئەوانیـش دژی بەعـس بـوون، پێیـان دەوتـم هـەر پێداویسـتیەکت هەبـوو هاوکاریـت دەکەیـن چونکـە تـۆش وەکـو ئێمـە دەر بـەدەر کـراوی منیـش زۆر سوپاسـی برایەتیانـم ئەکـرد و بـۆ مێـژوو ئـەو ماوەیـەی لـەو شـارە بـووم ڕۆژێـک لـە ڕۆژان کـەس دڵمانی نەیەشـان لـە برایەتـی و دۆستایەتی بـەولاوە هیچـی تـر نەبـوو شـارێکی هـەژار و بچـووک بـوو خەریکـی جوتیـاری و کشـتوکاڵ بـوون هەروەهـا قوتابخانـەی دێهاتـەکان بـە ئێستاشـەوە لـە قـوڕ دروسـت کـراون بـەڵام لـە ڕووی سیاسـییەوە زۆر هۆشـیار بـوون و دژی ڕژێمـی ئەوکاتـە بـوون زۆریـان بەنـد ببـون بـە نـاوی حزبایەتیـەوە بەندەش وەکو کوردێکـی دەربـەدەر هەوڵـی ئـەدا هیـچ ڕووداوێکـی ناشـرین لـە لایـەن بەنـدەوە ڕوو نـەدات بـۆ ئـەوەی وەکـو کوردێک بەڕێزەوە سـەیری میللەتەکـەم بکرێـت و توانیمـان ئـەو ڕەفتـارە بەرپـا بکەیـن و بـە شـەودا سـەردانی یەکترمـان ئەکـرد و لـەو دانیشـتنانەدا ئـەوەی لـە بیرمـە مامۆسـتا باقـی، مامۆسـتا محەمـەد نـوری تۆفیق، مامۆسـتا

ئەنوەر، کاک کامیل عەلی کاکی و کاک سەلاح چاوشین و چەند مامۆستایەکی دیکە کە باسی بارودۆخی نالەباری خۆمانمان دەکرد کە چی بکەین بۆ دوا ڕۆژ چۆن دەبێت، برادەرێک لە بەندەی پرسی کاک نەجمەدین ڕات چییە لەسەر ئەم بارودۆخە؟ منیش ئەوەندەم وت برایان مەسەلەیەکی کوردی هەیە ئەڵی (گوڵ نین دڕکیش مەبە) هەوڵدەین لەسەر یەک قسە و قسەڵۆک نەکەین تاکو بزانین ئەم بارودۆخە بۆ کوێمان دەبات، یەکێک لە دانیشتووان هەستایە سەر پێ و وتی ئێستا ئەچم بۆلای بەڕێوەبەری ئەمن ئەمە هاتووە (تنظیمات) بکات برادەران هەموو هەوڵیان دا و تکایان لێ کرد بەڵام بەندە هیچ قسەیەکم نەکرد لە دواییدا وتم برایان تکای لێ مەکەن با بڕوات ئەم مشتومرە ماوەی یەک کاتژمێری خایاند لە ئۆتێل (حکیم) بووین لە دواییدا هەموو برادەران نارەزایی خۆیان پیشاندا ئیتر، بەڵام وابزانم ئەو برادەرە ئێستا لێپرسراوێتی هەیە و خۆی بە بەرپرس دەزانێت زۆر بەداخەوە زۆر خەڵکی هەڵپەرست و ڕاڕا خۆیان خزاندۆتە ناو لایەنەکان، لە ساڵی ١٩٩١ کە ئەمریکا و عێراق گرژی تێکەوت سوپای ئەمریکی دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی بەغدا هەندێ شاری تر حزبی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ هەوڵی ئەدا لەناو شارەکان جێی خۆی قایم بکات و لەناو گەڕەکەکاندا جەیشی شەعبی و ئەندامانی خستبۆیە ئامادەباشیەوە و (ڕەبایە)ی دروست دەکرد هەر (ڕەبایە)یەک هاوەنێکی (عقدە ٢) دانابوو و پێیان وابوو کە گوایە ئەتوانن لە کاتی دابەزینی پەرەشووت نەهێڵن ئەمریکا شارەکان داگیر بکەن بەپێی ئەو ئەقڵە بۆگەنەیانەوە، ڕۆژێکیان چەند جەیشێکی شەعبی و ئەندامانی بەعس لەگەڵ ئەندامێکی (فرع)ی حزبی بەعسی لە پێشماڵەکەم کۆبونەوە و هاوەنێک و خۆیان لەوێ جێگیر کرد لە پاڵ دیواری حەوشەکەم کە ئەو دیوارە بەرەو ڕووخاندن ئەچوو بەڕاستی منیش بیرم لێ کردەوە ئەگەر ئەو دیوارە بڕوخێت

بەسـەریانا کارەساتێکی گـەورە ڕوو دەدات ئیتر لێپرسـراوەکەیان هـات و پێم وت ئێمـە خێزانێکین هاتووچۆ دەکەین ئەگـەر زەحمـەت نەبێ هەندێ لـە ماڵمـان دور بکەونـەوە ئەویـش وتـی باشـە بزانیـن بـۆ چەنـد ڕۆژێـک بەڵام ئەو لێپرسراوە ڕۆیشت و یەکێکیان لەگەڵدا بوو دەمناسی جەیشی شـەعبی بـوو وتـی (ابـو هـەوراز) زەحمـەت نەبـێ ئەمـەوێ لەگەڵـت قسـە بکـەم دوو بـە دوو منیـش وتـم فەرمـوون وتـی جارێکـی دیکـە ئـەو داواکاریـەت دووپات مەکەرەوە چوونکە هیچ دوور نییە تاوانبارت بکەن و بتکوژن لەبـەر ئـەوەی تـۆ ئەناسـم پێـم ناخۆشـە نارەحـەت بیت منیش سوپاسـم کرد بۆ ئـەو ڕێنماییـەی بـەڵام هێرشـەکە توند تر بـوو هەڵسـان لـەو جێگەیـە و گواسـتیانەوە بـۆ جێگەیەکـی دیکـە دواتـر منیـش لـەو تەنـگ و ناخۆشـیە ڕزگارم بـوو بـەڵام شـەڕەکە ڕۆژ بـەڕۆژ خراپتـر دەبـوو خەڵکـی شـارەکە زۆر دەترسـان لـەو کاتـەدا برادەرێکـم هەبـوو لـە کاتـی خـۆی فەرمانبـەر بـوو لەگەڵمـا و لـە خێزانێکـی ناسـراوی دیوانیـە بـوو خەڵکی ناحیـەی (سـومر) بـوو کـە (٢٠ کـم) لـە دیوانیـەوە دوورە ناوبـراو یەکێـک بـوو لـە سـەیدە ناودارەکانـی (عـەوادی) باوکیشـی پیاوێکـی نـاودار بـوو، هەواڵـی بـۆ نـاردم وتبویـی حـەز ئەکـەم لـە شـاری دیوانییـە نەمێنیت و بفەرموویـت بـۆلای ئێمـە تاکـو بزانیـن بارودۆخەکـە چـۆن دەبێـت بەنـدەش داواکارییەکەیـم قبـوڵ کـرد و هەنـدێ کـەل وپـەل و پێویسـتی هەبـوو لەگـەڵ خۆمـان بردمـان و بـەرەو ناحیـەی سـومر کەوتینـە ڕێ چونکـە منداڵەکانـم لـە قوتابخانـە بـوون کـە (٣ کـوڕ و کچێکـم) هەبـوو گەیشـتین و زۆر پێخۆشـحاڵ بـووم و پێشـوازییەکی گەرمـی لێمـان کـرد وتـی ماڵـی بەنـدە هەمـووی کراوەیـە بۆتـۆ هەرچەنـدە ئێمـە لەگەڵیـان هاتووچۆمـان هەبـوو یەکتریمـان دەناسـی تاکـو ئێسـتەش پەیوەندیمـان پێکـەوە هەیـە بـۆ مـاوەی (٥-٦) ڕۆژ لەگەڵیـان بوویـن و ئـەو ماوەیـە زۆر لەگەڵمـان گونجـاو بـوون بـەڵام بەڕاسـتی زۆر دڵـم لای کـەس و کار و

هـاوریێ و شـاری کەرکـوک بـوو چونکـە هیـچ پەیوەندییەکـم لەگەڵیـان نەمابـوو منیـش بـە لێپرسـراوی فەرمانگەکـەم وت پێویسـتم بـە مۆڵـەت هەیـە بۆ مـاوەی مانگێـک ئـەڕۆم بـۆ کەرکوک بـۆ هـەواڵ پرسـینی کـەس و کار و شـارەکە ئەویشـی لاری نەبوو یەکسـەر وتـی باشـە ئەوە مۆڵەتم پێدای بەنـدەش ئۆتۆمبێلـی خۆمـم هەبـوو ئـاگاداری ماڵـەوەم کـرد خۆمـان کـۆ بکەینـەوە و بـەرەو کەرکـوک بێینـەوە هەرچەنـدە زۆر لـە ڕێـگا مەترسـی هەبـوو بـە تایبەتـی کـە لـە (حلـە) دەرچوویـن ئۆتۆمبێلێـک سـوتێندرابوو بارودۆخەکـە مەترسـیدار بـوو لـە ڕێگـە ئەمانـدی خەڵکـی شـلەژا بـوون بـەڵام بـە زۆر زەحمەتـی ڕێـگا گەیشـتینە کەرکـوک بـەڵام تەمەشـام کـرد کەرکوکیـش زۆر شـار ئاڵـۆزە و (عەلـی کیمیـاوی) و دار و دەسـتەکەی خەریکـی پشـکنینی گەڕەکـە کوردیەکانـن خەڵکـی ئەگـرن ئـەوەی کـورد بێـت ئەگـەر فەرمانبەربێـت یـان سـەرباز هـەر ناوێکـی کـە بەس کـورد بێت ئۆتۆمبێلیـان ئامادەکردبـوو بـەرەو دێـی (تۆبـزاوە) ئەیـان بـرد بەنـدە وەکـو فەرمانبەرێـک خـۆم حەشـار دابـوو بـۆ ئـەوەی توشـی گرتـن نەبـم و برایەکـم سـەرباز بـوو بـۆ مۆڵـەت هاتبـوو پێمـان وت خـۆت ئاشـکرا مەکـە ئەمانـە دڕنـدەن هەوڵـی لەناوبردنـی کـورد ئـەدەن بـەڵام گوێـی بـە قسـەکانمان نـەدا و ئەیـوت مـن سـەربازم چـۆن دەمگـرن کـە چاویـان پێکـەوت یەکسـەر گرتیـان لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە ڕەوانـەی (تۆبـزاوا) ـیان کـرد هەرچەنـدە هـاواری کـرد وتـی مـن سـەربازی جەیشـی عێراقیـم بـەڵام گوێیـان پـێ نـەدا و زۆر مەترسـی هەبـوو کـە ئەنفالێکـی دیکـە ڕووبـدات چونکـە ئەمـە کـردەوەی فاشسـتەکانە ماوەیـەک زۆر بەندیـان کـرد و توشـی نەخۆشـی ببـوون چونکـە لەنـاو بەندیخانـە زۆر کەسـی تێدابوو ڕۆژی نیو سـەمونیان پـێ دەدان وەکو خۆیان دەیان گێڕایەوە لە هەمـان کاتدا عەلـی کیمیاوی و دار و دەسـتەکەی جارێکـی دیکە دەسـتیان سـور بـوو لـە خوێنـی میللەتەکەمـان کـە لـە گەڕەکـی (شـۆڕجە) نزیکـەی

٣٠ گەنجی کورد کە تەمەنیان لە (٢٠) ساڵ کەمتر بوو هەموویانی گولە باران کرد و هەموو شەهید بوون بەبێ هیچ تاوانێک جگە لەوەی کوردبوون بەندەش جێگەکەم گواستەوە لە شۆڕجە بۆماڵی برادەرێک بەناوی کاک (نازم خەیات) کە لە (٧) کەس زیاتر خۆمان حەشاردابوو بۆ ئەوەی ڕژێم دەستگیرمان نەکات لە دوای پشکنین تەواو بوو بەرەو هەولێر ڕۆشتین بۆ ماڵی برا گەورەکەم (فەخرەدین گلی) کە بەعسی فاشست لە کەرکوک دووریان خستبۆیەوە بەڵام دوای چەند ڕۆژێک پێشمەرگە کەرکوکیان ڕزگار کرد و گەڕاینەوە بۆ کەرکوک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک کەرکوک ڕزگار کرا و ڕژێمی بەعس و دار و دەستەکەی هەڵهاتن بەڵام دوای ماوەیەک ڕژێم خۆی کۆکردەوە بە چەکی قورس و فڕۆکە جارێکی دیکە توانی بگەڕێتەوە و خەڵکەکەش بەرەو شارەکانی سلێمانی و هەولێر ڕۆشتن و ئێمە بەرەو شاری سلێمانی ڕۆشتین شەوێک لە قوتابخانەیەک نووستین چونکە (٤ خێزان) بووین و ژمارەمان (١٩) کەس بوو و هەر ئەو ئێوارەیە (مام جەلال) لە سلێمانی بوو لە ماڵی (شێخ سالاری حەفید) بەندەش ڕۆشتم بۆلای ڕەوانشاد (مام جەلال) کە لە ماڵی شێخ سالار پێشوازی لە خەڵک دەکرد هەروەها کاک (سالار)م دەناسی کە پێکەوە بووین لە پێنجوێن زۆر هەوڵی دا کە میوانداری بکەم بۆ خواردنی ئێوارە لەگەڵ (مام جەلال) بەڵام نەمتوانی بمێنمەوە چونکە ئەو خێزانانەی لەگەڵم بوون چاوەڕوانم بوون داوای لێبوردنم لە بەڕێزیان کرد و مام جەلال وای پیشاندا کە سەرکەوتن بۆ گەلەکەمانە هەرچەندە خەڵکی توشی ئازار و ناڕەحەتی دەبێت لە دوای گفتوگۆ داوام کرد لە بەڕێزیان بگەڕێمەوە بۆ لای منداڵەکانم و گەڕامەوە و بەو شەوە کەوتینە ڕێ بەرەو هەڵەبجە وەکو ڕۆژی حەشر بوو چونکە هەموو سلێمانی دەرچوون وە هەزاران ئۆتۆمبێل بەڕێکەوت هەرچەندە فڕۆکە و هەلیکۆپتەر بەسەر خەڵکە سوری

دەخـوارد و یـەک دوو گوولـە بارانیشـیان کـرد بـەڵام زیانـی نەبـوو ئـەو ڕێگـە نزیکـەی بـە شـەو و ڕۆژێـک بڕیمـان تاکـو گەیشـتینە (هەڵەبجـە)، کاتێـک گەشـتینە (هەڵەبجـە) زۆر مانـدوو بوویـن پێویسـتمان بـە خـواردن هەبـوو هەرچەنـدە پارەمـان هەبـوو بـەڵام نانـی کەممـان پێبـوو منداڵێکـی زۆرمـان لەگەڵـدا بـوو ئـەو کاتـە ناخۆشـەش زۆر کـەم کـەس نانـی خـۆی دەدا بـە کەسـێکی دیکـە بـە ناچـار کوڕێکـم لەگـەڵ براکـەم نـارد بـۆ سـنووری ئێـران لـەوێ ئاردیـان دەفرۆشـت توانیـان بـە کـۆڵ فەردەیـەک ئـارد بکـڕن و هێنایانـەوە لـە دێـی عەنـەب دانیشـتین بـۆ ئـەوەی هەنـدێ پشـوو بـە خۆمـان بدەیـن ئافرەتێـک هەنـدێ تەمەنـی هەبـوو هاتـە لامـان ماسـتیان دەفرۆشـت کەوتینـە گفتوگـۆ لەگەڵـی بـۆ ئـەوەی باسـی ئـەو هێرشـە دڕندانەیـەی بەعسـی لەناوچومـان بـۆ بـکات و بیگێڕێتـەوە کـە کیمیـاوی لـە خەڵکـی داوە کـە پێنـج هـەزار شـەهید زیاتـری لێکەوتـەوە جگـە لـە برینـدار و ئاوارەبوونـی زۆر لـە منداڵان هەروەهـا لێمـان پرسـی تـۆ چـۆن رزگـارت بـوو ئەویشـی باسـی چۆنیەتـی ئـەو فڕۆکانـەی دەکـرد کـە بۆوردومانـی شـارەکەیان کـرد و وتـی ئـەو کەسـانەی لـە ژێـر زەمینـدا بـوون زیانیـان زیاتـر لێکەوت کەوتـە باسـی ئـەوەی کـە چـۆن ڕزگاری بـوو وتـی لـە کاتـی خـۆی کوڕێکـی عەسـکەری هەبـووە لـە سـوپای عێـراق پێمانـی ڕاگەیانـدووە ئەگـەر کیمیـا بـاران کـران زوو (خاولی)ـەک تـەڕ بکـەن و بیدەن بـە دەم و چاوتـان و لـە سـەردەم بکـەون رزگارتـان دەبێـت ئێمـەش ڕێنمایـی کوڕەکەمـان جێبەجـێ کـرد ڕزگارمـان بـوو بـەڵام ئـەو کیمیاویـە زیاتـر لـە شـوێنی نـزم کاریگەرتربـوو بـەڵام ئـەو تاوانـەی بەعسـی گـۆڕ بـە گـۆڕ ئەنجامیـدا نارەزایـی هەمـوو وڵاتـە پێشـکەوتووەکانی لێکەوتـەوە کـە بـە کارێکـی نامرۆڤایەتـی هەژمـار دەکرێـت تاکـو ئێسـتاش ئاسـەوارەکەی کۆتایی نەهاتووە !...

ئـەو ڕاپەڕینـەی سـاڵی (١٩٩١) لـە هەمـوو شـارەکانی عێـراق ڕوویـدا

بەرامبەر ڕژێمی بەعس لە شاری دیوانیەش ڕوویدا هەموو ڕژێمی بەعس هەڵهاتن و دەزگاکانی حکومەت پەک خران و دەست کرا بە تێکدانی دام و دەزگاکانی ڕژێم و میللەت هەستان بەو ڕاپەرینە و هەموو دروشمەکانیان ئەوە بوو (ماکو ولي الا عەلی نرید حاکم جعفری) زۆر لە کەسایەتییەکانی شاری دیوانیە بەشداربوون بە تایبەتی خۆیان لە مزگەوتەکاندا کۆ ئەکردەوە و بانگەوازیان بۆ خەڵکی دەکرد کە هەستن بەو ڕاپەرینە و ئەم وەزعە چەند ڕۆژێکی خایاند بەڵام هەل و مەرجەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچوو هەر حکومەتی بەعس خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ هێرش کردن بۆ سەر هەموو شارەکان بۆ کپکردنەوەی ئەو ڕاپەرینە بۆیە هێرشی کردە سەر شاری دیوانیە و توانی شارەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە بە چەکی قورس و بێ ڕەحمانە تەقەی لە خەڵکی دەکرد هەروەها دەستی کرد بە گرتنی خەڵکی و ڕووخاندنی ماڵەکان، چەند مزگەوتێکی ڕووخاند کە بانگەوازی تێدا کرابوو وەکو مزگەوتی (سەید عەباس) ئەو کەسانەیان بەند دەکرد و بەرەو رەزوانیە دەیان برد لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەستدا، دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵەکان و ئەوەی ویستیان جێبەجێیان کرد و زۆر لەو کەسانەی بەشداری ڕاپەرینەکە بوون بە تایبەتی چەند ئەفسەرێک ناودار هەڵهاتن بەرەو سعودیە و ئێران.

لە ساڵی ١٩٨٧ برا گەورەکەم (فەخرەدین گلی) بەندکرا و ڕەوانەی پارێزگای (کوت) کرا لەبەر ئەوەی کوڕەکانی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە هەبوو چالاکیان نواند لە ڕیزەکانی شۆڕش بەتایبەتی کوڕە گەورەکەی (شێرکۆ فەخرەدین گلی) کە نازناوی لەناو شۆڕش (هەوراز) بوو لە ساڵی ١٩٨٣ بوو بە (پێشمەرگە) و لە هەموو شەڕەکان لەگەڵ دوژمن شان بە شانی برا پێشمەرگەکان ئەجەنگا لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/١ لە شەڕێکی سەخت و دەستەو یەخە لە ناو شاری کەرکوک لە لای بازگەکە بە

سەختی بریندار بوو بەڵام توانرا ڕزگار بکرێت بگاتە یەکێک لە بنکەکانی پێشمەرگە بۆ تیمارکردنی و ماوەیەکی زۆر لە دوای تیمارکردنی چاک بۆیەوە و بەردەوام بوو لەسەر بەرەنگاربوونی دوژمن و بەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد و بنەماڵەکانی وەکو هەموو بنەماڵەکانی کورد سڵی نەکردوەتەوە لە فیداکاری بۆ بەدیهێنانی مافی میللەتەکەی، خێزانی براکەم کە ژنێکی بە تەمەن بوو بەندکرا و ڕەوانەی (سوق الشیوخ) کرا کە یەک وشەی عەرەبی نەدەزانی لەگەڵ چەند ژنێکی تری کورد کە بەندە دوور خرابوومەوە بۆ دیوانیە لە ڕۆژانی هەینی لەگەڵ کوڕە گەورەکەم سەردانیم ئەکرد و پێداویستیەکانم بۆ دابین ئەکرد، جار جاریش دەڕۆیشتم بۆ سەردانی خێزانەکەی لە (سوق الشیوخ)، بەڵام ئەم بەند و دەربەدەریە کاری لە خێزانەکەمان نەکرد و سووربووین بە درێژەدانی کوردایەتی بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی هەبێت لەسەر مان چونکە حزبی بەعس بە دڕندانە دوژمنکاری میللەتی کورد بوو بەڵام ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی بە فیڕۆچوو چونکە میللەت ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ خۆبەخت کردن لە پێناوی مافەکانی.
شەهید سمکۆی برام لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٢ وە و هاوسەرگیری نەکرد بوو و بۆیە پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٩٦ شەهید بوو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە و ئەو کارەساتە ناڕەوایە کە بەسەر میللەتەکەمان هات زۆر دڵ تەزێن بوو زەرەرمەندی میللەتی کورد بوو چونکە ئەنجامەکەی بەس میللەتەکەمان زیانی لێ کەوتەوە وە بەبێ هیچ دەستکەوتێک و زۆر پێشمەرگەی ئازا و دلێر لە هەردوولا شەهید بوون و پێویستە ئەم کارەساتە ببێت بە دەرسێک بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕوونەدات و کوری هەژار شەهید نەبن و پێویستە هەر گیروگرفتێک هەبێت هەوڵ بدرێت بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت نەک بە شەڕ و کوشتن بەبێ ئەنجام. شەڕی براکوژی تەنها دوژمن لێی

سـوودمەند ئەبێـت و خوێنـی قوربانیانـی ئـەو شـەڕە بەفیـڕۆ ئەچێـت و لـە وزەی میللەتەکەمـان کـەم ئەبێتـەوە، بۆیـە داواکارم لـە هەمـوو لایـەک کارەسـاتی شـەڕی ناوخـۆ و براکـوژی هەرگیـز دوبـارە نەبێتـەوە.

***

**لە دانوستانی (( هەوڵدانی حکومەتی بەعس بۆ فریودانم))**

لـە ساڵی ١٩٨٤ گفتوگۆ کرا لـە نێوان یەکێتیی نیشـتیمانیی کوردسـتان و ڕژێمی بەعس دا ئەوکاتـە ڕەوانشـاد مـام جـەلال لـە حەسـاری نـاو شـوان ووتارێکی خوێنـدەوە وە زۆر لـە هاوڵاتیانـی کەرکوک و دەڤەرەکـە ئامـادە بـوون زۆر پێیـان خۆشـبوو بـۆ ئـەوەی ئێتـر ئاشـتی بەرپادەبێت وە شـەڕ و کوشـتار کۆتایی پێ دێت.

ئەوکاتـە بەنـدە (نفی) کرابووم لـە خوارووی عێراق بـۆ شـاری دیوانیـە بۆ شـەوەکەیی تلیفۆنێکم بۆ کرا لـە لایەن (ش.ج) کە یەکێک بـوو لـە پیاوە باوەڕپێکراوەکانـی ڕژێمـی بەعسـی گـۆڕ بـە گـۆڕ گوتـی سـبەینێ خۆیـی و (م.ج) دێن بـۆ سـەردانیت بـەلام ئێمـە نەخۆشـی شـەکرەمان هەیـە (چێشـت) ناخۆین گۆشـتمان بۆ ببرژێنە کە تلیفۆنەکە تـەواو بوو بەڕاسـتی بەڕاسـتی بـە هاتنیـان زۆر دڵ تەنـگ بـووم و بیـرم کـردەوە زۆر پێـی نارەحـەت بـووم چونکـە هیـچ کاتێـک تلیفۆنـی بـۆم نەکـردووە، هەرچەنـدە هەمـوو براکانـی دەناسـم بەتایبەتـی (ش.س) و ئـەو شـەوە تاکو بەیانییەکـەی هاتن بـەلام (م.ج) لەگـەڵ نەبـوو برایەکـی لەگـەڵ بـوو کـە نـاوی (ش.ت) لەگـەڵ شـۆفێرێکی عـەرەب سـەر بـە (مخابـەرات) بـووە.

دوای نانخـواردن گوتـی (مخابەراتی) ڕژێم منی نـاردوە چونکـە ئێسـتا گفتوگۆ هەیـە لـە نێوان ڕەوانشـاد مـام جـەلال و ڕژێمی بەعس نابێ لەگـەڵ مـام جـەلال بێت و ئێسـتا هـەر داواکارییەکت هەبێ بـۆت جێبەجێ ئەکەین

و ئامادەین ببیتە (مدیر عام) و بەندەش وەڵامم دایەوە گوتم کاک شێخ ئێمە خەڵکی یەک شارین و هەموو براکانت دەناسم بە تایبەت کاک (ش.س) و تکات لێ ئەکەم ئەم مەوزوعە هەوڵ بدە کۆتایی پێبهێنە چونکە بەندە لە زووەکەوە لێرەم و هیچ گیروگرفتێکم نییە و تەمەنم هەڵکشاوە و ئەو کارە بە بەندە ناکرێت و پەیوەندیم بە هیچ لایەنێکەوە نییە گوتی چۆن لە خانویەکی کۆن ئەژیت و ئێمە دەمانەوێ باشتر بژیت و ئەتکەین بە مدیر عام و لە بەغدا خانووت بۆ ئەکڕین بەس لەگەڵمان بە.

لە ئەنجامدا لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر داوام لێکرد ئەم بابەتە کۆتایی پێبهێنە و لەبیری موخابەراتی بەرەوە. لەدوای چەند کاتژمێرێک خواحافیزی کرد، بەرەو بەغدا رۆیشتەوە.

لە ئەنجامدا لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر داوام لێ کرد ئەم بابەتە کۆتایی پێبهێنە و لەبیری مخابەراتی بەرەوە. لە دوایی چەند کاتژمێرێک خواحافیزی کرد و بەرەو بەغدا ڕۆشتەوە.

## گواستنەوەی کرێکارانی کورد

حزبی بەعسی لە ناوچوو بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی لەناوبردنی کوردی ئەدا بە تایبەتی لە شاری کەرکوک بەهەر نرخێک بێت کورد لە شاری کەرکوک نەهێڵێت بەڵام ئەو هەوڵانەی هەرچەندە زەرەری گەیاندە میللەتەکەمان بەڵام تێیدا سەرنەکەوت نمونەیەکتان بۆ دێنمەوە کە ڕوویدا بەرامبەر کرێکارانی کورد. بەندە دوور خرابوومەوە بۆ دیوانیە لە بەڕێوەبەرایەتی (ڕێگاوبان) فەرمانبەر بووم ڕۆژێکیان لە شوێنی خۆم دانیشتبووم دوو کەس خۆیان کرد بە ژوورەکەمان یەکێکیان شەڕواڵێکی کوردی لەگەڵ چاکەتێکی کۆن و جامانەیەکی بە سەرەوە بوو ئەوی تریان کوڕێکی گەنج بوو قەمیس و پانتۆڵی

لەبەر بوو، کە هاتنە ژوورەوە پرسیاریان کرد ئێرە فەرمانگەی (متات)ـە یەکسەر زانیم کوردن پێیانم گوت فەرموو ئێرە فەرمانگەی (متات) نیە ئیتر بینیان بە کوردی وەڵامیانم دایەوە زۆر پێ خۆشحاڵ بوون وتیان تۆ کوردی وتم بەڵێ کوردم فەرموو دانیشن بەڵام (زەمبیلێک) یان پێ بوو ئەو کوردە زۆر هەژار و داماو بوو هاورێکەی هەرچەندە عەرەبی دەزانی و دانیشتن دوای چای خواردنەوە لێیانم پرسی فەرمانگەی (متات) بۆچی کورە ئەفەندیەکە گوتی و اللە ئەم کورە کرێکارە لە (متات)ـی کەرکوک گواستراوەتەوە بۆ (متات)ـی دیوانیە و ئێمە کەس ناناسین بەڵکو هەولێکمان بۆ ئەدەی بەراستی منیش هەر وەکو ئەوان کەسم لەو فەرمانگەیە نەدەناسی بەڵام لێیانم پرسی ئێوە خەڵکی کوێن گوتیان ئێمە لە کەرکوکەوە هاتووین خەڵکی دێی (هەفتەغار) ین منیش گوتم منیش خەڵکی ئەو دێیەم زۆر پێیان خۆش بوو لە ئەنجام کەسوکاری ئەفەندیەکەم ناسی و زانیم کوڕی کێیە، گوتی من لەگەڵ ئەم کوڕە هاتووم چونکە هیچ نازانێ بۆیە وەکو خزم لەگەڵی هاتووم، منیش پێیانم ڕاگەیاند ئەندازیارێکمان هەیە خەڵکی دیوانیەیە ئێوە دانیشن بزانم دەتوانێ شتێکمان بۆ بکات، هەڵسام چومە لای ئەو ئەندازیارە کە ئافرەتێک بوو قسەم بۆ گێڕایەوە گوتی (مدیر عام) زاوای ئێمەیە خوشکی لایەتی تەلەفۆن بۆ خوشکەکەم دەکەم بزانم دەتوانێت شتێکیان بۆ بکات فەرموو تۆ بڕۆ بۆ لای میوانەکانت لە دوای پەیوەندی کردنم ئاگادارت دەکەمەوە منیش زۆر سوپاسم کرد، لە دوایی چەند چرکەیەک هات بۆ لام گوتی (ابو هەوراز) مدیر عامەکە دەڵێت با بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و گفتوگۆی کردوە و فەرمانی گواستنەوەکەی هەڵوەشاندوەتەوە، منیش ئەم هەواڵە خۆشەم پێیان ڕاگەیاند زۆر پێیان خۆش بوو ئیتر لەگەڵ خۆم ڕۆشتین بۆ ماڵەوە هەرچەندە کەس نەبوو چونکە لە کەرکوک بوون، گوتم ئەم (زەمبیلە)

چیە گوتیان هێلکەیە هێناومانە بۆ واستە و هێلکەکەیان نەبرد بەڵام منیش هەڵسام دام بە ئەندازیارەکە و هەندێک فەرمانبەر، بەم شێوەیە بەعس خەڵکی ئەچەوسانەوە هیچ مرۆڤایەتی نەبوو بە تایبەتی بەرامبەر میللەتی کورد.

**گواستنەوەی بارزانییەکان بۆ باشوری عێراق**

لە ساڵی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ بارزانییەکان گوێزرانەوە بۆ شاری دیوانیە لەشوێنێکی گەرمی ناخۆش چەند کیلو مەترێک لە دیوانیەوە دوور بوو کە ئەویش (ناحیة النفر) بوو زۆر بەبێ ویژدانانە و نامرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵیان دەکرد، لەلای هەمووان ئاشکرایە کە خوارووی عێراق بە هاوینان زۆر گەرمە و پلەی گەرما جار جار دەگاتە سەرو (٥٠) بەڵام بەو گەرمایە بە تەنکەر ئاوی گەرمیان بۆ دەبردن کە ئەوانیش بەو جۆرە ڕانەهاتبوون، زۆر بەداخەوە زۆربەیان گیانیان لە دەستدا کە ئەمە وای دەرخست کە بەعسی لەناوچوو بە هەموو شێوەیەک دوژمنکاری میللەتی کوردی دەکرد و هەندێکیان لەو ماوەیە لە فەرمانگەی (ڕێگاوبان ) دامەزران کە خۆیان پێیان خۆش نەبوو بەڵام بە ناچاری ئەو کارەیان دەکرد، دوایی بۆ ماوەیەک گواسترانەوە بۆ هەولێر لە قوشتەپە بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣ (ئەنفال) کران و بە دڕندانە سەرگوم کران و شەهیدبوون وەکو بڵاوکرایەوە نزیک هەشت هەزار بارزانی شەهیدبوون و چونە کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، هەزار تف و لەعنەت لە بەعسی ڕوخاو کە هەمیشە هەوڵی لەناوبردنی میللەتەکەمانی ئەدا بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەهیدە کورد توانی خۆڕاگربێت و بەرەنگاری هەموو ناخۆشیەک ببێتەوە و درێژە بە خەباتی پیرۆز بدات فیدراڵیەت بچەسپێنێت لە کوردستانی عێراق.

## ڕوخاندنی بەعس و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە:

لە ڕۆژی (٢٠٠٣/٤/٧) حزبی بەعس لە شاری دیوانیە ڕوخێندرا و لەناوچوو وبەعسیەکان بەتەما بوون ئەو ڕۆژە بۆ یادەوەری بەعسی فاشیست ئاهەنگ بگێڕن بەبۆنەی دامەزراندنی بەعسی لەناوچووەوە بەڵام ئەو ڕۆژە خەڵکی بەخۆشیەوە هاتنە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان و بە دەنگێکی بەرز ڕوخاندنی بەعسیان ڕاگەیاند بەڵام لێپرسراوانی ئەو حزبە لەناوچووە هەوڵیان ئەدا خۆیان ڕزگار بکەن لە دەستی میللەت چونکە میللەت زۆر بەپەرۆشەوە بوون کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دار و دەستەیە کۆتاییان پێ بێت و لەناو بچن و پلانی ئاهەنگێرانیان بەبۆنەی دامەزراندنی بەعسەوە بووە شین و شەپۆڕ بۆخۆیان وەکو ئەڵێ کونە مشک لە لێپرسراوانی بەعس ببوە قەیسەری وەکو عەرەب دەڵێت (انقلب السحر على الساحر) هەموویان هەڵهاتن بەرەو بەغدا و هەولێیان دا بگەن بە سوریا بۆ خۆپاراستنیان لە دەستی میللەت و هەندێکیان خۆیان حەشاردابوو لە شوێنی نادیار بەڵام بە پێچەوانەوە میللەت دەستی کرد بە ئاهەنگ و خۆشی و شادی هەروەها ئەگەڕان بە دوای بەعسیەکاندا کە زۆر خەڵکیان دەچەوساندەوە بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بە زۆر خەڵکیان ئەکرد بە جەیشی شەعبی و بەرەو جەنگ ئەیان بردن و ئەیان چەوساندەوە لەو ڕۆژە هەموو فەرمانبەرەکان و ئەندازیار و بەڕێوەبەری فەرمانگەکە وەستا بووین کوڕێکی بەعسی بەرەو فەرمانگەکە هات و یەکێک لە فەرمانبەرەکان وتی ئەمڕۆ یادی دامەزراندنی حزبەکەتە چیت هێناوە بۆمان چونکە ئەبوایە شیرینیمان بۆ بهێنێت بەڵام ئەو کوڕە زۆر تێک چوو بوو زۆر هێرشی ئەکردە سەر بەعس و لێپرسراوانی بەعس و زۆر قسەی ناشرینی پێیان دەوت و ڕووخاوی پێوە دیار بوو بەڵام هێوریان کردەوە و دووبارە گەڕایەوە

ماڵەوەیـان نەیتوانـی لەگـەڵ ئـەو فەرمانبەرانـە بەشـدار بێت، ئـەم هەمـوو ڕووداوەی کـە لـە عێـراق ڕوویـدا چـی لـە ڕووی داگیرکردنـی لەلایـەن ئەمریـکا و هاوپەیمانانـەوە، لـە ئەنجامـی نەزانـی حوکمـی تـاک ڕەوایـی سـەدام حسـێن بـوو چونکـە سـەدام (سـتراتیجییەتی) دیـاری نەبـوو لـە شـێوازی حوکمەکـەی و بـە ئـارەزووی خـۆی هیـچ کـەس نەیدەتوانـی پەرچـی بداتـەوە، لـە سـەرەتای حوکمـی هەڵگـری (سوشیالسـتی) بـوو کـە خـۆی بـڕوای پـێ نەبـوو هەروەهـا وەکـو نەتـەوەی عـەرەب خـۆی ناسـاند هەرچەنـدە بـە (دەجـال و فێڵبـاز) ناویـان نابـوو خـۆی بـە پاڵەوانـی (ڕزگارکردنـی عـەرەب) دەزانـی، بـە نـاوی ئاینـەوە گفتوگـۆی دەکـرد و چەنـد قوتابخانـە و زانکـۆی دروسـت کـرد و دەسـتی کـرد بـە چاککردنـی چەنـد مزگەوتێـک پارەیەکـی زۆریـدا بـە چەنـد مەلایەکـی سـەربەخۆ بـۆ ئـەوەی ڕۆژانـی هەینـی باسـی بکـەن و شـانازی پێـوە بکـەن ئـەم هەمـوو کـردەوە خراپـەی سـەدام عێراقـی بـردە ئـەو ئاسـتە کـە داگیـر بکرێـت.

***

### فیدڕالیەت

بڕیـاردرا فیدڕالیـەت بـە کوردسـتانی عێـراق بـە پێـی مـاددەی (٥٨) لـە یاسـای ئیدارەی دەوڵەتـی ئـەو کاتـە برێمـەر لـە (نوسینگەی کیسـنجر) بـوو خـۆی زۆر زانیـاری هەبـوو لەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کوردسـتان لەبـەر ئـەوە بریمـەر هەمـان شـێوازی بەکارهێنـا بـەڵام لـە دوای ڕزگار کردنـی شـارەکان دەسـتکرایە دزی و تـاڵان کردنـی دامەزراوەکانـی ڕژێـم لـە ئۆتۆمبێـل و کەرەسـتەو کەلوپەلـی دام و دەزگاکانـی حکومـەت و هەتـا گەیشـتە ئـەوەی ماڵانیـان ئەبـرد و لەلایـەن هەنـدێ لێپرسـراوەوە هـان دەدران بـۆ گێـرە شـێوێنی و مـاڵ دزیـن و چەنـد ماڵێکـی حزبـی کـرا بـە

دیوەخـان بـۆ خۆیـان وا دەزانـن ئەمـە ئیتـر کۆتایـی هاتـووە. لەبـەر ئـەوە پێویسـتە زیاتـر هـەوڵ بدرێـت و کۆبونـەوەی فـراوان بکرێـت و کـۆڕ و کۆبونـەوە ببەسـترێت و ئامـۆژگاری خەڵکـی بکرێـت بـۆ ئـەو کەسـانەی زۆر تونـدڕەون لەنـاو حزبـەکان و پەیوەنـدی بکرێـت لەگـەڵ هەنـدێ کەسـی عـەرەب و تورکمـان بـەڵام وا دیاربـوو بـێ سـوود بـوو، چونکـە ئەمانەیـان بـە دەسـتکەوتێکی (حزبـی) دەزانـی و هەنـدێ پڕوپاگەندەیـان بڵاو ئەکردەوە بۆ دوو بەرەکی لـە نێوان یەکێتی و پارتی چونکە شـاری کەرکـوک جیـاوازە لەگـەڵ شـارەکانی تـری عێـراق وەکـو سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆک لەبـەر بوونـی چەنـد نەتەوەیـەک لـەو شـارە.

***

### دامەزراندنی یەکێتی لە دیوانیە

بەنـدە لـە دیوانیـە بـووم کـە پێشـتر دوورخرابوومـەوە بەپێـی بڕیـاری (مجلـس قیـادة ثورة)ـی هەڵوەشـاوە، حـزب و ڕەوانشـاد (مـام جـەلال) ئاگاداربـوون کـە بەنـدە لـە شـاری دیوانیـەم و بـۆ ئـەوەی یەکێتـی هـەوڵ بـدات لـە شـارەکانی خـوارووی عێـراق وبوونـی هەبێـت بـۆ ڕوون کردنـەوەی بزوتنـەوەی کـورد و یەکێتـی لەنـاو جەمـاوەری عەرەبـدا لـە شـارەکانی (دیوانیـە، نەجـەف، سـەماوە، ناسـڕیە، بەسـڕە) پێویسـت بـوو لیژنەیەکـی ڕێکخسـتن هەبێـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەو فەرمانـە و بەشـداربوون لـە هەمـوو چالاکیـەکان و پتەوکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب و ڕوونکردنـەوەی شـۆڕشـی کـورد و مـاددە ڕەواکانـی بڕیـاردرا بەنـدە بـەو ئەرکـە هەڵسـێت و ئـەم فەرمانـەش پێویسـتە لیژنەیـەک پێـک بهێندرێـت لـە خەڵکـی شـارەزا بـۆ لێپرسـراوەتی شـارەکان بۆیـە منیـش بـە خۆشـحاڵیەوە ئـەو فەرمانـەی (مـام جـەلال و یەکێتی)ـم قبـوڵ کـرد و

هەستام بە پەیوەندی کردن لەگەڵ چەند کەسێکی پیاو ماقوڵ و ڕیش سپی کە بڕوایان بە شۆڕشی کورد بوبێت و هەوڵ بدەین سەرپەرشتی شارەکانی خواروو بکەین هەرچەندە چەند کەسێک پەیوەندییان بە مەڵبەندەوە کردبوو بەڵام ڕەوانەی لای ئێمەیان کرد بۆ ڕێکخستن و یەکێک لەو پیاوە ناودار و ماقولانە (شێخ مسەیر) شێخ عەشرەتی (کورد) بوو ئەم هۆزە وەکو خۆیان ئەی گێرنەوە بەر لە (٣٠٠) ساڵ لەو ناوچەیەن و بوونیان هەیە لە (دیوانیە، مهناویە، سلاحیە، مشخاب) ئەم بنەماڵەیە بوونەتە دوو بەشەوە کە بەشێکیان خۆیان بە کورد دەزانن و بەشێکیان خۆیان بە عەرەب دەزانن و زۆر هەوڵ درا هەردوو بەشەکە پێک بێننەوە و تەبایی لە نێوانیاندا دروست بێت بەڵام بێ سوود بوو ئەو ناکۆکیە تاکو ئێستا ماوە و نەگەیشتە ئەنجام لەگەڵ یەک بەڵام بەشە کوردیەکەش هەر بە زمانی (عەرەبی) قسە دەکەن و ئەڵێن ئێمە لە ڕەگەزدا کوردین و چەندساڵێک پێش ئێستا لێرە نیشتەجێ بووین و ئێستا هەموومان خەریکی جوتیارین و زەوی و زارمان هەیە لە شارەکانی (مهناویة، سلاحیة) خۆیان بوونەتە خاوەنی ئەو دەڤەرە شێخ مسەیر خۆی بە سەرۆکی هەموو عەشیرەتی (کورد) دەزانێ چونکە پیاوێکی ناسراوە و ڕێزی لێ دەگیرێت لەلایەن کەس و کار و عەشیرەتەکەی و ئەو دەڤەرە و ئەویش ڕازی بوو کە پێکەوە لیژنەیەک دروست بکەین و بۆ ئەوەی کارەکانمان بەرێکوپێکی بڕوات لیژنەکە دروست بوو، توانیمان چەند کەسێکی دڵسۆز کە بڕوایان بە مافی میللەتی کورد هەبوو پێک بهێنین و لە دوای هەڵسەنگاندنیان لە ڕۆژی (٢٠٠٣/١٠/٢٩) دەست بەکار بووین لە دوای ئەوەی بارەگایەکمان کردەوە بە ڕەزامەندی (مەڵبەندی بەغدا) کە شوێنێکی دیار بوو لەسەر شەقامی سەرەکی دیوانیە هەروەها لیژنەیەکمان پێکهێنا بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی کارەکانمان لە پارێزگاکانی (دیوانیە، نەجەف، سەماوە،

ناسـرِیە، بەسـرِە) برِیـاردرا (٦ پێشـمەرگە) پاسـەوانی بارەگەکەمـان بێت و چەنـد پارچـە چەکێکیـان بۆمـان نـارد و بـۆ مـاوەی ٣ سـاڵ ئیـش و کارەکانمـان زۆر بـە رِێکوپێکـی هەڵدەسـوورِاند و زۆر لـە پیـاو ماقوڵەکانـی دیوانیـە هاتووچـۆی بارەگاکەیـان ئەکـرد و زۆر دڵخـۆش بـوون بـۆ ئـەوەی حزبێکـی کـوردی لـە شـارێکی عەرەبـی چالاکـی ئەنجـام ئـەدات و پێکـەوە گونجاویـن و هـەر گیـرو گرفتێـک هەبێـت پێکـەوە چارەسـەر دەکـرا و زۆر جـار هەوڵمـان ئـەدا گیـرو گرفتـی حزبـە ئیسـلامیەکان چارەسـەر بکەیـن لەبـەر ئـەوەی رِووداوێکـی نـوێ بـوو لـە عێـراق و ئێمـە تاکـە حـزب بوویـن پێـش هەموویـان بارەگامـان هەبـوو زۆر کـەس پەیوەندییـان پێمانـەوە دەکـرد و ئامادەیـی خۆیـان پیشـان ئـەدا کـە قبوڵیـان بکەیـن لـە رِیـزی حـزب و زۆربەیـان بـوون بـە ئەنـدام و چالاکیـان ئەنجامـدا و زۆر لـە حزبـە ئیسـلامیەکان لەنـاو خۆیانـدا تێـک ئەچـوون بـۆ ئـەوەی توشـی ناخۆشـی نەبـن لـە بارەگاکـەی ئێمـە کۆبوونەوەیـان ئەنجـام دەدا لـە رۆژی (٢٩/١٠/٢٠٠٣) کـە بارەگاکـەش کرایـەوە زۆربـەی سـەرۆک عەشـیرەتەکان و لێپرسـراوی فەرمانگەکانـی حکومـەت ئامادەبـوون و نوێنـەری مەڵبەندیـش ئامادەبـوو لەگـەڵ نوێنـەری هێـزی ئیسـپانیەکان کـە ئـەو کاتـە سەرپەرشـتی شـاری دیوانیەیـان دەکـرد، کردنـەوەی بارەگاکـە زۆر دەنگـی دایـەوە و زۆر هۆنـراوەی (میللـی) خوێندرایـەوە چونکـە زۆر رِێکوپێـک بـوو لـە دوایـدا برِیارمانـدا لـە هـەر شـارێک کەرتێـک دروسـت بکەیـن جگـە لـە شـاری (بەسـرِە) دوو کـەس نێـردرا بـۆ (بەسـرِە) بـۆ دانانـی کـەرت و پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـێک کـە کـورد بـوو لـە بەسـرِە بـەڵام وادیـار بـوو زۆر زیـز بـوو لـە حـزب ئامادەیـی خـۆی پیشـان نـەدا...

لەکاتـی کردنـەوەی بارەگاکـە بەنـدە وتارێکـم خوێنـدەوە و نوێنـەری ئیسـپانیەکانیش وتارێکیـان خوێنـدەوە و نوێنـەری پارێـزگاش بـە هەمـان شـێوە وتارێکـی خوێنـدەوە کـە تێیـدا خۆشـحاڵی خـۆی رِاگەیانـد بـە

کردنـەوەی ئـەم بارەگایـە کـە دەبێتـە هـۆی پتەوکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب و ئـەم هەمـوو چالاکیـە نێـردرا بـۆ مەڵبەنـدی بەغـدا بـۆ ئـەوەی ئـاگاداری (مـام جـەلال) بکـەن بـەڵام بەداخـەوە ئـەو کارەیـان نەکردبـوو بەڕاستی خەڵکی ئەم شارە زۆر هەماهەنگ بوون لەگەڵمان و پشتگیری خۆیـان ڕاگەیانـد بـوو هـاوکاری لەگـەڵ یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان (مـام جـەلال) و هەمـوو سـەرۆک عەشـیرەتەکان لـە تۆمـار نـاوی خۆیـان تۆمـار کـرد و زۆر بـەی لایەنـەکان بـە ئیسـلامی و عەلمانییـەوە زۆریـان پێ باش بوو بە کردنـەوەی بـارەگای یەکێتی نزیکەی (١٧) حزب هەبوو بـە یەکێتیشـەوە بڕیـاردرا لیژنەیەکـی هەماهەنگـی دروسـت بکەیـن بـۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کار، هـەر دوو مانگ جارێک دوو حزب سەرپەرشتی بکات بۆ ئـەوەی ڕێ و شـوێنی کۆبونـەوە و سەرپەرشتی حزبـەکان بکات بـۆ ڕۆژی کۆبوونـەوە و یەکێتـی لەگـەڵ حزبـی شـیوعی بـۆ دوو مانـگ لێپرسـراوی ئـەو لیژنەیـە بـوون و بارەگایـەک هەبـوو بـۆ کۆبوونـەوەی ئـەو حزبانـە کـە مانگـی جارێک کۆبوونـەوە دەکـرا.

توانیمـان بەشـداری هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی شـار بیـن و ئەنـدام کەرتێکمـان سـەرکەوت و بـوو بـە ئەندامـی ئەنجومەنـی شـاری دیوانیـە پێش هەڵبژاردنی یەکەم ئەندامی یەکێتی بوو بـە لێپرسـراوی شـارەوانی دیوانیە ماوەی ساڵ و نیوێک مایەوە و بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیـان کـرد لـە هەمـوو پارێزگاکانـدا دەنگمـان هێنـا لـە شـارەکانی دیوانیـە و نەجـەف و سـەماوە و ناسـڕیە و بەسـڕە بەپێـی قـەوارەی خۆمـان و چەنـد کەسـێکمان پـاڵاوت کـە ببـن بـە ئەندامـی پەرلەمانـی عێـراق بـەڵام بەداخـەوە نـاوی کەسـیان تۆمـار نەکرابـوو ئەمەیـش ناڕەزاییەکـی لێکەوتـەوە.

لـە کاتـی هەڵبژاردنـی ئەندامـان بـۆ پەرلەمانـی عێـراق لـە کۆبوونەوەیەکی هەمـوو لایەنەکانـدا کـە نزیـک (١٧) حـزب بوویـن یەکێـک لـە حزبـە

ئیسـلامیەکان کـە زانـی ئێمـە بڕیارمانـداوە بەشـداری ئـەو هەڵبژاردنـە ئەکەیـن ئەندامێکـی حزبـی ئیسـلامی زۆر نارەزایـی خـۆی پیشـاندا و وتـی نابێت یەکێتی لـە دیوانیـە بەشـدار بێت چونکـە لـە سـلێمانی نەیانهێشـتووە ئێمـە خۆمـان هەڵبژێریـن واتـە (هەبوونـی حزبـی ئیسـلامی لـە سـلێمانی)، ئێمـە نوێنـەری یەکێتـی دوو کـەس بوویـن بەنـدە لەگـەڵ جێگرەکـەم کـە شـێخ مسـەیر بـوو، ئێمـەش لـە وەڵامـدا وتمـان ئێسـتا هەمـوو دانیشـتووین پەیوەنـدی لەگـەڵ سـلێمانی دەکەیـن بـا ئـەم ڕاسـتیەمان بـۆ ڕوون بکاتـەوە هەرچەنـدە دەمانزانـی شـتی وانییـە و هەڵبەسـتی خۆیانـە بـەڵام لـە دوایـدا پەشـیمان بۆیـەوە، چونکـە خەڵکێکـی زۆر بـەرەو یەکێتـی دەهاتـن تەنانـەت سـەرۆک عەشـیرەتەکان سـەردانیان دەکردیـن و نـاوی خۆیـان تۆمـار دەکـرد بـۆ پشـتگیری حـزب و ئامادەیـی خۆیـان پیشـان دابـوو بـۆ هەمـوو هاوکاریـەک و ژمارەمـان زۆرتربـوو لـە حـزب ئیسـلامیەکان، لـە سـاڵی (٢٠٠٣ – ٢٠٠٥) بڕیاردرا لیژنەیـەک پێک بهێنین بـۆ ئـەوەی ئیش و کاری هەڵبـژاردن جێبەجـێ بکـەن و سـەردانی دەرەوەی شـاری دیوانیـە بکرێـت بـۆ چوونـە قـەزا و ناحیـەکان وەکـو (مهناویـة و سـلاحیة) بـۆ دێهاتەکانـی و کۆبوونەوەیـان لەگـەڵ بکرێـت بـۆ ڕوونکردنـەوەی بیـر و بـاوەری یەکێتـی و بۆچوونـی لـە کاتـی سـەرکەوتنی و هەوڵـدان بـۆ باشـکردنی گوزەرانـی خەڵکـی، لـە کاتـی کۆبوونـەوە لەگەڵیانـدا و ڕوونکردنـەوەی ئامانجەکانـی هەڵبـژاردن زۆر پێیـان خۆشـبوو بەڵێنیـان دەدا کـە دەنـگ بـدەن بـەڵام لـە پـاش لیژنەکەمـان لیژنەیەکـی دیکـە کـە سـەر بـە حزبـە ئیسـلامیەکان بـوو ئەڕۆشـتن بـە نـاوی دینـەوە قسـەیان دەکـرد و سـوێندی دەدان بـە ئیمامـەکان کـە دەبێـت دەنـگ بـدەن بـەوان ئـەم کـردەوە زۆر کاریگـەری هەبـوو لەسـەریان و ناچـار ئەبـوون لەگەڵیـان بـن و دەنگیـان بـۆ ئـەوان دەڕۆیشـت لەبـەر ئـەوەی سـوێندیان خـواردووە. لـە هەڵبژاردنـی یەکـەم بـۆ پەرلەمانـی عێـراق چەنـد ناوێکمـان کاندیـد کـرد و هەمـوو خەڵکـی بـاش

و ناودار بوون هەڵگری بروانامە بوون بۆ ئەوەی بتوانن دەنگێکی زۆر بهێنین چونکە ئەو کاتە هەموو دەنگەکان کۆ دەکرانەوە بەڵام بەداخەوە ناوی هیچ لەو کاندیدەی تێدا نەبوو هەروەها بۆ جاری دووەمیش لە هەڵبژاردن هیچ کاندیدێکی شارەکانی خوارووی تێدا نەبوو، دیار بوو حزب گوێی بەم ناوچەیە نەدابوو زۆربەی ئەندامەکان دەیان وت مانەوە لەگەڵ یەکێتی بێ سوودە لە دوای ئەو هەموو کەم و کورتیەی حزب چەند هەڤاڵێک دەست لە کار کێشانەوەیان پێشکەش کرد چونکە بەڕاستی هیچ وەڵامێک نییە و گوێ نەدانی یەکێتی بە ڕێکخستنەکانی باشوری عێراق ئەم کارەش کاریگەری بۆ دەنگدان و پتەوکردنی ڕێکخستن هەبوو دەبوایە زیاتر هەوڵیان بدایە بە ڕێکخستنەکانی باشور چونکە زیاتر دەتوانی بیر و باوەری خۆت ڕوون بکەیتەوە هەروەها داوامان کرد چالاکی وەرزشی بکرێت بۆ پەیوەندی گەنجەکانی کوردستان و باشور ئەم چالاکیە دەبێتە هۆی برایەتی و تێگەیشتن و شارەزاییەکی قوڵتر لە نێوانیاندا بەڵام بەداخەوە ئەم جارەش ئەم داواکاریە ڕەتکرایەوە، هەرچەندە (مام جەلال) لە کۆبوونەوەکەی (نەجەف)دا بڕیاریدا زیاتر پشتگیری بکرێن بەڵام وادیار بوو هەندێ کەس هەبوو پێیان خۆش نەبوو یەکێتی پەرە بستێنێت لە باشور هەرچەندە پێگەی دیوانیە شارێکی ستراتیژی بوو لە نێوان (حلە و ناسریە و کوت) زۆر داوامان کرد بە شێوەیەکی فەرمی کە لە شارەکان بارەگا بکرێتەوە بەڵام هەردوولا نیشانیان نەداوە زۆر بەداخەوە لە ژیانی حزبایەتی شتی وانەبووە هەندێک لە ئەندامانی مەڵبەند پەیوەندییان کردبوو بە کابرایەکەوە کە بارەگایەکی بۆی کردەوە کە بۆ خۆی و براکەی بەبێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت کە زۆر بەداخەوە ئەم کردەوانە وایکرد زۆر خەڵکی دڵ گران بن و ئەو کەسەی بارەگایان بۆی کردەوە هەموو کەل و پەلێکی حزبی فرۆشت بۆخۆی و براکەی بەبێ ئەوەی گوێ

بدات بە حزب بەڵام بەداخەوە ئەو ئەندامەی مەڵبەندیش کە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند بوو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لێ نەکرا لەسەر ئەو کردەوە تاک ڕەویەی.

پێش هەڵبژاردن هەڤاڵێکمان ڕاسپارد بۆ ئەوەی سەردانی عەشیرەتەکانی (دغارە، سومر، البدیر) بکات بۆ دەنگدان بۆ هەڵبژاردن و ئۆتۆمبێلی هەڤاڵێکمان پێدا بۆ ئەم مەبەستە بەڵام بەداخەوە لە ڕێگا ئۆتۆمبێلەکە وەرگەڕا و خۆی و کوڕەکەی شەهید بوون، ئۆتۆمبێلەکەش تێکوپێک شکاو کەڵکی نەما ئاگاداری مەڵبەندمان کردەوە بۆ یارمەتی دانیان هیچ وەڵامێکیان نەبوو هەروەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت.

***

**لیژنەی یەکێتی لە قەزاکانی دیوانییە**

لەبەر ئەوەی لەدوای ڕووخاندنی سەدام زۆر خەڵکی ناوچەکە بەرەو یەکێتی دەهاتن ساڵی (٢٠٠٥) بڕیارماندا لیژنەیەک لە قەزای قەفەک دروست بکەین کە قەزایەکی گەورە بوو سەر بە پارێزگای دیوانیە خەڵکەکەی خەریکی جوتیاری بوون و یەکێک لە خۆیان کرایە لێپرسراوی ئەو لیژنەیە و چالاکی باشی ئەنجام ئەدا ئێمەش زۆرجار سەردانیمان ئەکردن و چەند کۆبونەوەیەکی فراوان ئەنجامدرا بۆیان ڕوون کرایەوە کە برایەتی کورد و عەرەب زۆر پێویستە چونکە بەم برایەتیە دەتوانرێت ڕژێمێکی دیموکراسی لە عێراق بەرپا بکرێت و هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی چارەسەر بکرێت زۆر پێیان خۆش بوو زۆر وێنەی ئەو کۆبونەوەیەمان گرت کە لە پەراوێزی ئەم کتێبە بڵاوی ئەکەینەوە و بڕیاریاندا بە هەموو جۆرێک هاوکاری یەکێتی بکەن و پەرە بدەن بە ڕێکخستن لەم دەڤەرەدا بەڵام زۆر بە داخەوە

مەڵبەندی بەغدا بە هیچ شێوەیەک هاوکارمان نەبوو بەڵکو هەوڵیان ئەدا بۆ سەرنەکەوتنمان و داوامان کرد بارەگایەک بکرێتەوە بەڵام ئەم داخوازیەیان ڕەتکردەوە.

***

## چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک ڕۆژ نوری شاوەیس

ڕۆژێکیان لەماڵەوە بووم ئۆتۆمبێلێک لەگەڵ چەند کەسێک هاتن بە دوامدا و وتیان تۆیان دەوێت لە پارێزگا و منیش چووم لەگەڵیان و گەیشتم (ڕۆژ نوری شاوەیس) کە ئەوکاتە (جێگری سەرۆک وەزیران) ی عێراق بوو هاتبوو بۆ شاری دیوانیە و داوای کردم و وتبووی حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێت ئەو برادەرانە کە لەگەڵی دانیشتبوون وتیان لێرە (دیوانیە) حزبێکی کوردی هەیە و هەموومان پێخۆشحاڵین ئەو حزبە هەیە و پشتگیری ئەکەین کە چوومە ژورەوە و خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی دیوانیە لە پیاو ماقولەکانی دانیشتبوون و کاک ڕۆژ هەستایە سەر پێ و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێم کرد و ئیتر دەستمان کرد بە گفتوگۆ و باسی چۆنیەتی دامەزراندنی حزبم بۆی کرد و بەڕاستی ئامادەبووانی دانیشتنەکە زۆر بە گرنگیەوە باسی حزبیان دەکرد و وتیان ئێمە زۆر خۆشحاڵیین کە ئەم حزبە کوردیە لێرەیە و زۆر تەباین لەگەڵیان و بە هەموو توانامان پشتگیری دەکەین و دوایی خەڵکی دیوانیە داخوازیان هەبوو لە بەڕێز کاک ڕۆژ کە جێگری سەرۆک وەزیران بوو چونکە دیوانیە شارێکی هەژارە کە هیچ لێپرسراوەتییەکیان لە حکومەت نییە و داواکاریەکەی ئەوانیش وەکو لێپرسراوی حزب پشتگیریم لێیان کرد و داوام کرد لە بەڕێز کاک ڕۆژ کە یارمەتیان بدات بۆ پێدانی چەند پۆستێک بۆ خەڵکی دیوانیە وەکو جێگری وەزیر بەڕێوەبەری گشتی و هەندێ لێپرسراوی تر چونکە خەڵکی دیوانیە زۆر لەگەڵ

کورد تەبابوون و هاوکاریان دەکردین و ماڵەکانیان کراوە بوو بۆ کورد و یارمەتی کوردیان داوە و بەڕێز کاک ڕۆژ بەڵێنی دا هەوڵ بدات و پشتگیری داخوازیەکانیان دوای داواکاریەکەی خەڵکی دیوانیە داوای لێ کردم و وتی بۆ ئیش بۆ هەردوو حزب ناکەیت! منیش پێم وت کە بەندە وەکو کوردێک هەوڵ دەدەم و ئەوەی لە توانامدا بێت پێم بکرێت برایەتی کورد و عەرەب پتەوتر بێ و ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردیان بۆ ڕوون بکەمەوە و لە ئەنجامدا داوای کرد سەردانی بکەم لە بەغدا و ژمارە تەلەفۆنی پێمدا کە بچم بۆ سەردانی لە بەغدا بەڵام بارودۆخ بواری پێم نەدا ئەو سەردانیەی بەڕێزیان بکەم .

تاکو ساڵی (٢٠٠٧) یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان زۆر کاریگەر بوو پەیوەندی باشمان هەبوو لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان بە ئیسلامی و عەلمانیەوە ئەوانیش بە هەماهەنگیان هەبوو لەگەڵمان بەڵام لەبەر ئەوەی بە هیچ جۆرێک مەڵبەندی بەغدا پاڵ پشتی ئەو لیژنەیەی نەدەکرد ئیتر وا بە باش زانرا هەوڵ بدرێت لەگەڵ لیژنەی (حلە-بابل) ببن بە یەک لیژنە ئیتر بڕیار وابوو ئەو برادەرانەی ئەیانەوێت درێژە بە خەبات بدەن و لە ڕیزەکانی حزب دەمێننەوە ئەوا پەیوەندی بە لیژنەی (حلە) بکەن و هەر برادەرێک ئازادە بۆخۆی چ بڕیارێک ئەدات و چۆن گونجاوە لەگەڵ لیژنەی (حلە) لە هەمان کاتدا بڕیاردرا بەندە بکرێت بە ئەندامی پەیوەندییەکانی بەغدا لە دوای ئەوە هەموو کەل و پەلی حزبم تەسلیم مەڵبەندی بەغدا کرد.

لە دوای ئەوەی بەندە وەکو فەرمانبەر خانەنشین بووم و زۆر ئارەزووی گەڕانەوەم دەکرد بۆ شارەکەی خۆم کەرکوک چونکە ماوەیەکی زۆر لەو شارە دورخرابوومەوە بۆ باشوری عێراق ئاگاداری حزبم کردەوە کە خانەنشین کراوم و بەرەو کەرکوک ئەگەڕێمەوە، بەڵام پێیان وتم کە تۆمان کاندید کردووە بۆ ئەندامێتی پەیوەندییەکانی

بەغدا و پێویستە ئیتر لە بەغدا دەوام بکەیت و منیش ئەو فەرمانەم جێبەجێ کرد و بەرەو پەیوەندییەکانی بەغدا چووم کە ئەو کاتە بەڕێز کاک (کەمال محێدین) لێپرسراوی پەیوەندییەکان بوو، بەڕێز کاک (کەمال محێدین) لێپرسراوی ئەو مەکتەبە بوو زۆر پیاوێکی ڕۆشنبیر و دڵسۆز بوو پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و زۆر پێخۆشحاڵ بوو کە لەگەڵی ئیش و کار بکەم، کاک کەمال پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ برا عەرەبەکان و برا فەیلییەکان و زۆر گونجاو بوو لەگەڵ ئەندامانی مەکتەب، لەبەر ئەوەی جێگەیەک نەبوو بۆ حەوانەوەمان پێکەوە لە بارەگای پەیوەندییەکان ئەماینەوە و جێگەی نوستنمان بوو، زۆر چالاک بوو هەوڵی ئەدا لەگەڵ پێکهاتەکانی بەغدا دۆستایەتی بکات بۆ بەژەوەندی کورد و تا ڕادەیەکی باش سوود بەخش بوو خەڵکێکی زۆر لە کەسایەتییەکانی بەغدا سەردانیان ئەکرد بۆ ئاڵوگۆڕی بیروباوەر و پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب، پیاوێکی سادە و ڕەوشت بەرز بوو هەموو کات خۆی تەرخان کرد بوو لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی میللەتەکەی، بەر لەوەی دەست بەکاربم منیش دەستمکرد بە کۆکردنەوەی ماڵەکەم کە بەرەو کەرکوک ڕەوانەیان بکەم پێش ناردنی منداڵەکانم یەکێک لە کوڕەکانم نارد بۆ کەرکوک بۆ ئەوەی جێگەیەکمان بۆ دابین بکات لە یەکێک لە گەڕەکە کوردیەکان ئەویش خانوویەکی پەیدا کردبوو لە گەڕەکی (ڕەحیم ئاوا) ماڵەکەم ڕەوانە کرد و بە گەیشتنم بۆ بەغدا کاک کەمال بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردم چونکە بەڕێزیان پێشوو یەکمان دەناسی و پێکەوە لەیەک ژوور دەنوستین، بەڕاستی پیاوێکی لێوەشاوە و دووربین بوو زۆر چاک بارودۆخی ئێستای عێراقی هەڵدەسەنگاند و پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ هەموو نەتەوەکان و پیاوێکی زۆر دڵسۆز بوو بۆ حزب و بۆ ماوەیەک کارمان کرد پێکەوە و لەگەڵ هەڤاڵان بە ئیش

و کارەکان هەڵئەستاین بەڕێکوپێکی و فەرمانەکانمان جێبەجێ ئەکرد هەروەها چالاکی دەستی پێکرد و لە خوارەوە بەشێک لەو چالاکیانە دەخەمە بەردەست :

١ – بەپێی ڕاپۆرتی ژمارە/١١٧٥ ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٨، مەکتەبی پەیوەندییەکان بووم بە نوێنەری یەکێتی بۆ پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی و (الوطن الديمقراطية والحركة الاشتراكية العربية وتورکمانەکان لە بەغداد).

٢ – لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/١٧ لەگەڵ بەڕێز کاک کەمال محێدین کە لێپرسراوی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ جەنابی کاک (حەمید دەروێش) سەرۆک پارتی پێشکەوتوی کوردی سوریا و کاک عەبدولڕەزاق عەبدوڵلا نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی لە سوریا بۆ چۆنیەتی هاوکاری گۆڕینەوە هەڵوێست و کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێزیان کرد.

بە نوسراوی فەرمی بووم بە نوێنەری پەیوەندییەکانی نیشتیمانی لەگەڵ لیژنەی پێداچوونەوە و ڕێکخستنی گشتی مەکتەبەکان لەگەڵ کار و لێپرسراوێتی دیکە، چالاکی دەستی پێکرد بە تایبەتی لەگەڵ برا عەرەبەکانمان ئەوانیش زۆر سەردانی پەیوەندییەکەیان دەکرد، ئەو بارەگایە کە تێیدا بووین لە کاتی خۆی، جێگای حزبی بەعسی لەناوچوو بوو موڵکی حکومەت بوو وەزیری ناوخۆ بە شێوەیەکی فەرمی داوای چۆڵکردنی کرد بەڵام ئێمە هەر بەردەوام بووین لە ئەنجامدا داوایان تۆمار کرد لە دادگا لەسەر سەرۆک حزب کە (مام جەلال) بوو هەروەها سەرۆک کۆماری عێراقیش بوو لە دوای چەند دانیشتن و دادگایی بڕیاردرا کە پێویستە ئێمە چۆڵی بکەین و ڕادەستی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت کە پێویستیان بوو بکرێت بە جێگەی (نفوس) ئەو بڕیارە جێبەجێ کرا لەلایەن پەیوەندییەکانەوە و جێگەیەکی ترمان دەست نیشان کرد کە خانوویەکی دوو نهۆم بوو ماڵی ژنێکی عەرەب

بوو هەروەها مەلەوانگەیەكی تێدابوو زۆر خۆشبوو ١٥ سەربازی سكرتاریەتی سەر كۆمار پاسەوانی ئەو جێگایە بوون لە دوای ماوەیەك بڕیاردرا كاك كەمال بگەڕێتەوە و بكرێت بە ڕاوێژكاری مەكتەبی سیاسی لە جێی ئەو بەڕێز كاك (سەعدی ئەحمەد پیرە) بوو بە لێپرسراوی پەیوەندییەكانی بەغدا لە هەمان كاتدا ئەندامی (مەكتەبی سیاسی) بوو بەڕێزیان بە دەست بەكاربونی ئیش و كارەكانی دابەش كرد و ڕۆژانە لە پەیوەندییەكان ئامادە دەبوو زۆر گونجاو بوو هەوڵی ئەدا گوزەرانی ئەندامەكان باشتر بێت بە تایبەتی ئەو هەڤاڵانەی كەماڵیان لە بەغدا نییە و ماوەیەك مایەوە و دوایی گواسترایەوە بۆ جێگەیەكی تر و بەڕێز كاك فریاد ڕەواندزی كە ئەندامی سەركردایەتی بوو، بوو بە لێپرسراوی پەیوەندییەكانی بەغدا و هەندێ ئاڵوگۆری كرد، بەندە لە بارەگاكە ئەمامەوە و جێگەی نوستنیشم هەبوو، جێگەی نووستنەكەم وەكو پێویستی نەبوو هەرچەندە ژوورێك هەبوو لە نهۆمی دووەمیش پێویستییەكانی تێدابوو درابوو بە پیاوێكی عەسكەری كە ڕۆژێ لە ڕۆژان كوردایەتی نەكردبوو لەبەر ئەوەی ئەیان ناسی بەڵام بەندەش لە ژورێك ئەنوستم وەكو پێویست نەبوو بۆیە هەوڵم دەدا زیاتر هاتووچۆی كەركوك بكەم هەندێ جار زۆر ئەمامەوە لە كەركوك.

برایەكی بەڕێز كە لە كاتی خۆی لە لوبنان بوو گەڕایەوە بۆ عێراق و بوو بە ئەندامی پەیوەندییەكانی بەغدا و هیچ شارەزاییەكی نەبوو لە بەغدا و پێكەوە بووین بەڕاستی پیاوێكی ڕوو خۆش و هاوڕێیەتی زۆر خۆش بوو كە ئەویش كاك (فەهمی سلیڤانی) بوو زۆر لەگەڵ یەكتر گونجاو بووین و هەموو جارێك پێكەوە هاتووچۆی (كەركوك و بەغدا)ـمان دەكرد، جارێكی دەڕۆشتین بۆ بەغدا و هەموو جار لە بەغدا ئۆتۆمبێلەكەمان دەپشكنرا بە ئامێری سۆنەر كە ئامێرەكەیان

لێئەدا دەیان وت چەکتان پێیە بەڵام ئێمە هیچ چەکمان پێ نەبوو بەڵام کاک (فەهمی) هەموو جارێک شوشەیەکی بۆنی لەگەڵ خۆی دەهێنا و لە جیهازی سۆنەرەکە دەردەکەوت لە دوای پشکنین دەرکەوت شوشەی بۆنەکە لە ئامێرەکە دەردەکەوێت منیش دەم وت کاک فەهمی ئەو بۆنە مەهێنە دەیوت ناتوانم بۆنم پێ نەبێت ئیتر ناچار بووین هەموو جارێک توشی ئەو پشکنینە بین.

ڕۆژێکیان ویستمان بگەڕێنەوە بە مۆڵەت کە ماڵی کاک فەهمی لە سلێمانی بوو بەندەش لە کەرکوک چونکە کاک فهمی ئۆتۆمبێلی پێ بوو ئیتر هاورێیەتیمان خۆشبوو هاتوچۆمان پێکەوە دەکرد لە بەغدا دەرچووین بەرەو کەرکوک ڕێگەی خاڵس گیرا بوو کە گەیشتین وتیان ڕۆشتن قەدەغەیە چونکە خۆپیشاندان هەیە ئێمەش بیرمان کردەوە بگەڕێینەوە بۆ جێگەی خۆمان لە بەغدا بەڵام یەکێک لە پۆلیسەکان هات بۆ لامان و وتی ڕێگەیەک هەیە دەتوانن بڕۆن و ئێمەش ناشارەزا بووین وتی ئەم پیاوە کە ڕاوەستاوە لای پۆلیسەکە لەگەڵ خۆتان هەڵیگرن چونکە شارەزایی ئەو ڕێگەیەیە ئێمەش وتمان فەرموو، ماوەیەک ڕۆشتین ئەو کابرایە وتی ڕاوەستن دائەبەزم چونکە نزیک ماڵەکەی بۆیەوە ئیتر کابرا خواحافیزی لێمان کرد و کەوتینە ڕێگەیەکی زۆر سەخت هەموو ڕێگەکە دارستان بوو ئەو کاتەش تیرۆرستانی قاعیدە لەو دەور و بەرە بوون و کابرایەک وتی چۆن لێرەوە هاتوون چونکە ئێرە شوێنی تیرۆرستانە ئەگەر بە خێرایی نەڕۆن توشی ئەوان ئەبن چونکە لێرەوە زۆر نزیکن ئێمەش بەندە لەگەڵ کاک فەهمی زۆر بیرمان کردەوە بۆ ئەوەی بگەینە ڕێگە سەرەکیەکەی بەغدا – کەرکوک، بە ناشارەزایی کاک فەهمی زۆر بە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوری لەو ناوچەیە ڕزگارمان بوو گەیشتینە سەر شەقامی گشتی تووشی تیرۆرستان نەبوین و ڕزگارمان بوو.

ماوەیەک کاک فریاد ڕەواندزی دەوامی کرد وەکو لێپرسراوی پەیوەندییەکانی بەغدا و ئیش و کاری زۆر بوو لێپرسراوی ڕۆژنامەی (الاتحاد) لێپرسراوی مەڵبەندی بەغدا بوو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیش بوو، گواسترایەوە بۆ جێگەیەکی تر و لە جێگەی ئەو کاک شێرکۆ میروەیس بوو بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی بەغدا و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو پیاوێکی لەسەرخۆ بوو هەموو ڕۆژێک لە کاتی (٩ی بەیانی) دەوامی دەکرد و زۆر گونجاو بوو لەگەڵ ئەندامەکان وادیار بوو ئیش و کاری پێش ئەم لێپرسراوەتیە نەکردبوو بەندە لەگەڵی گونجاو بووم و ڕێزی لە ئەندامەکان دەگرت ماوەیەک پێکەوە کارمان دەکرد  کاک فەهمی گواسترابۆیەوە بۆ سلێمانی ئیتر بەڕاستی منیش زۆر لە هاتووچۆ و گوزەرانم لە بەغدا وەکو پێویست نەبوو ڕۆژێکیان داوام کرد بگوازرێمەوە بۆ کەرکوک چونکە توشی نەخۆشی درێژخایەن بووم و مانەوەم لە بەغدا و بێ کەسی توشی ناڕەحەتیم دەکات بەڕێزیان ئەو داواکاریەی بەندەیان قبوڵ کرد و گواسترامەوە بۆ پەیوەندییەکانی کەرکوک بەر لە ئەوەی دەست بە کاربم لە پەیوەندییەکان چاوم بە هەندێ کەس کەوت کە لەگەڵ پەیوەندییەکان بوون لە کەرکوک زۆر بە ناشرینی باسی هەڵسوکەوتی پەیوەندییەکانی دەکرد، زۆر لە دڵی خۆمەوە پەشیمان بووم بۆ گواستنەوەکەم و کارکردنم و زۆر لام گران بوو بیرم ئەکردەوە ناتوانم لەگەڵیان درێژە بە خەبات بدەم چونکە پێش کاک هۆشیار عەبدولڕەحمان برادەرێکی دیکە لێپرسراوی پەیوەندییەکان بوو، خەڵکێکی زۆر هەمەچەشنی هاتووچۆی بارەگاکەیان دەکرد زۆربەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ببون بە فەرمانبەر هەندێکیان موچەیان هەبوو وەکو یارمەتی وەریان دەگرت بەڵام بە ئاڵوگۆڕی لێپرسراوەتی وەزعەکە گۆڕا چونکە هەموو شتێک وەکو خۆی نەما

لـە ڕووی دەسـتکەوت و یارمەتـی و دامەزرانـدن ئیتـر هێـواش هێـواش خەڵـک کشـانەوە چونکـە هیـچ دەسـتکەوتێک نەمـا بـەڵام ئـەو کەسـانەی بڕوایـان بـە یەکێتـی و پەرەپێدانـی برایەتـی و پێکـەوە ژیـان هەبـوو لـە کەرکـوک درێژەیـان بـە ئیـش و کارەکان دەدا ئـەو هەڤاڵانـەی لەگەڵیـان کارەکانمـان دەبـرد ڕێـوە زۆر بەڕێزبـوون و کادری چـاک بـوون توانیـان پەیوەنـدی لەگـەڵ هەمـوو نەتـەوە و کۆمەڵـگا ببەسـتن و ئیـش و کار و ڕێکخـراو بکـەن و هـەر کەسـێک جێگـەی خـۆی دیـاری کرابـوو سـەردانی و کۆبونـەوە لەگـەڵ پـارت و هێـزە سیاسـییەکان و کەسـایەتییەکان و لەگـەڵ هەمـوو نەتـەوە جیـاوازەکان ئەنجـام ئـەدرا، هەروەهـا چەندیـن بارودۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و پەیوەنـدی دۆسـتانە جێبەجێ دەکـرا و هاریـکاری و هاوبەشـی ژیـان و بەڕێوەبردنـی کەرکـوک بـە برایەتـی بەڕێـوە دەچـوو لەبەرئـەوەی کەرکـوک شـارێکی هەمەچەشـنە و پێویسـتە هەمـوو نەتـەوەکان پێکـەوە هەمووالیـەک بەرپرسـیارێتی سیاسـی و کارگێـڕی شـارەکە بەشـداری بکـەن بـە مەبەسـتی گەڕانـەوەی متمانـە لـە نێـوان هەمـوو الیـەک.

کـە ئیـش و کارەکان دابەشـکرا بەسـەر هەڤـاڵان، چەنـد بەشـێک دروسـت کـرا وەکـو بەشـی عـەرەب و تورکمـان و مەسـیحی و بەشـی حزبـە سیاسـییەکان، هەڤاڵێک کرایە لێپرسـراوی کارگێـڕی هەمـوو پێکـەوە کاریـان دەکـرد و تەواوکـەری یەکتـر بـوون بەبـێ ئـەوەی هیـچ کەسـێک نارەزایـی پیشـان بـدات بـۆ نموونـە بەشـی عەرەبـی دوو هەڤـاڵ سەرپەرشـتیان دەکـرد بەشـێکیان بەشـی عەرەبـی سـوننە ئـەوی دیکـەش شـیعە، ئـەو دوو هەڤاڵـە پێکـەوە بـوون و دەڕۆیشـتن بـۆ کۆبونـەوەکان بەبێ هیـچ جیاوازیەک برادەرانـی بەشـەکانی دیکـەش بـەو شـێوەیە کاریـان دەکـرد لـە نێـوان ئەندامـان پەیوەندییـان زۆر تەبـا بـوو وەکـو یـەک گـروپ چاالکیـان دەنوانـد و تەواوکـەری یەکتـر بـوون، کاک هۆشـیار کـە لێپرسـراوی پەیوەندییـەکان

بـوو خـۆی بـە یەکێـک لـە ئەندامەکانـی ئەژمـارد بـۆ هـەر کۆبوونەوەیـەک دوو بـۆ سـێ ئەنـدام لەگەڵـی دڕۆشـتن بەڕاسـتی هەڤاڵانـی پەیوەندییـەکان چالاکیەکـی دیـاری هەبـوو لـە کەرکـوک بـە تایبەتـی لـە هەڵبژاردنـەکان بـۆ پەرلەمانـی عێـراق کـە هەمـوو وەکـو یـەک کاریـان دەکـرد و توانـرا لەنـاو جەمـاوەردا دەنگێکـی بـاش بـۆ یەکێتـی دەسـتەبەر بکەیـن شـەش ئەندام سـەرکەوت بۆ پەرلەمانی عێراق کـە ئەمـەش دەستکەوتێکی بـاش بـوو بـۆ یەکێتـی بـەڵام زۆر بەداخـەوە یەکێتـی لەبـەر هەنـدێ بارودۆخـی نالەبـاری خـۆی ئـەو گرنگیـەی بـە پەیوەندییـەکان نـەدا و لەسـەر گیرفانـی خۆیـان هەمـوو شـتێکیان دەکـردو هیـچ داواکاریـەک جێبەجـێ نەدەکـرا هەنـدێ کـەس هەوڵیـان دەدا بـۆ داخسـتنی ئـەم مەکتەبـی پەیوەندییانـە چونکـە وادیـار بـوو بـۆ ئـەو چالاکیـەی کـە ئەندامانـی پەیوەندییەکانیـان پـێ خـۆش نەبـێ هەمـوو هەوڵەکانیـان پوچـەڵ بۆیـەوە چونکـە (مـام جـەلال) پشـتگیری ئـەو (مەکتەب)ـەی دەکـرد و دەیزانـی کەرکـوک زۆر پێویسـتی بـەو مەکتەبـە هەیـە چونکـە هەماهەنگـی دروسـت دەکات لـە نێـوان نەتەوەکانـی کەرکـوک بـە (کـورد، عـەرەب، تورکمـان، مەسیحیەکان)ـەوە هەمـوو کەسـایەتییەکانیش بـە بەردەوامـی کاریگـەری زۆر بـاش دەبێـت لەسـەر پێکـەوە ژیانـی خەڵکـی لـە شـاری کەرکوکـی لـە دڵدا شـیرین.

***

# ئەرشیفی وێنە و بەڵگەنامەکان

الجمهورية العراقية
مجلس
قيادة الثورة
اللجنة العليا لشؤون الشمال

العدد / ١٠ / ٣٣٤٠ // سري وشخصي //

التاريخ ١٠ / ١١ / ١٩٧٥

الى وزارة الداخلية / المكتب الخاص

الموضوع / نقل

تقرر نقل التالية اسماؤهم وعناوين وظائفهم من الدوائر المنسوبين اليها الى الدوائر المؤشرة ازاء اسم كل واحد منهم . راجين الاطلاع واتخاذ مايلزم بصدد الموضوع واعلا منا مع التقدير .

المقدم الركن
سعدون علوان مصلح
و. سكرتير اللجنة العليا لشؤون الشمال

| الاسم | عنوان الوظيفة | الدائرة المنسوب اليها | الدائرة المنقول اليها |
|---|---|---|---|
| ١. نورالدين عبد الرحمن | معلم | مديرية تربية الانبار ـ ٥٤ / | مديرية تربية المثنى وحسب تنسيبها |
| ٢. نجم الدين كلي | موظف | مديرية اشغال اربيل | مديرية اشغال القادسية وحسب تنسيبها |
| ٣. عبد الوهاب حكيم | معلم | مديرية تربية كركوك | مركز قضاء كويسنجق |

صوره منه الى / .
مجلس قيادة الثورة ـ مكتب امانة السر
القيادة القطرية ـ مكتب امانة سر القطر
الاستاذ طه الجزراوي ـ عضو القيادة القطرية

للتفضل بالاطلاع ..... مع التقدير

صورة طبق الاصل

نشر في جريدة التآخي العدد ١٤١٧ يوم الاربعاء ٢٢/اب/١٩٧٣ نص الكلمة التى القيتها فى حشد جماهيري فى مقر الحزب الديمقراطي الكردستاني فى كركوك بمناسبة تأسيس الحزب وعلى اثر تلك الكلمة تم القاء القبض عليه من قبل مديرية امن كركوك وفى ادناه لنص الكلمة المنشورة في جريدة التآخي العدد ١٤١٧ في ٢٢/اب/١٩٧٣ ولو حذفت بعض الكلمات منها.

ايها الحفل الكرام

ايها الضيوف الكرام

نرحب بكم بأسم الفرع الثالث لحزب الديمقراطي الكردستاني اجمل ترحيب... نهنئكم ونفسا بمناسبة مولد حزبنا العتيد.

ايها الحفل الكريم

ايها الضيوف الكرام

بعد اندحار قوى العدوان الفاشية والدكتاتورية في الحرب العالمية الثانية ورفرفت ايات السلام والنصر في انحاء العالم و حدوث تحولاّت اساسية هامة اخذت قضية شعبنا تحتل مكانها ضمن مشاكل ما بعد الحرب من انتفاضات وثورات شعبنا الكردي المقدام بالحملات العسكرية والاضطهاد القومي و الصاق التهم الباطلة بها بدون جدوى.

وبناءا على تعدد التنظيمات السياسيية الكردية وضعفها نسبيا و الخلافات الثانوية والجوهرية. وبالنظر لنضوج الظروف الموضوعية و الذاتية وتبلور فكرة انشاء تنظيم سياسي موحد ذي مضمون قومي تقدمي ومرتبط بالحركة الوطنية في العراق ككل تأسس حزبنا الطليعي، الحزب الديمقراطي الكردستاني في ١٦/اب/١٩٤٦ وانتخب المناضل مصطفى البارزاني رئيسا له. وبذلك تحققت وتجسدت ارادة الجماهير الكردية المناضلة في اطار الحزب الديمقراطي الكردستاني طليعه نضالات

وكفاحات شعبنا الجريء فأخذ حزبنا الديمقراطي الكردستاني الممثل الشرعي الوحيد لشعبنا يناضل من غير هواده ولا لين في جميع المجالات السياسيية مساهما في كل انتفاضات الشعب العراقي ضد الحكم العميل انذاك.. وفي توطيد الوحدة الوطنية وترسيخ ارادة الشعبين الشقيقين العربي والكردي في الكفاح الاخوي المشترك ضد العمالة والرجعية و الاستعمار، وما مشاركاته الايجابية الفعالة في انتفاضات ٤٨،٥٣، ٥٦، الا انصع دليل على كلمة قيادته المخلصة واستيعابها اواقع شعبنا المضطهد ازاء مستقبلة ومستعيدية و واضعا نصب اعينة في البدء وبالدرجة الاولى قضية تمتع الشعب الكردي المناضل بكامل حقوقه القومية المشروعة التي هى اللبنة الاولى الصلبة لمواصلة الكفاح و النضال الشاق لتحقيق هذا الهدف السلمي وبعد ثورة الرابع عشر من تموز المباركة وبالذات بعد انتكاساتها وانحرافها عن خطها الديمقرطي والوطني و انزلاق السلطة الى مواقع مناوئة لاهداف الثورة والشعب من مرض الديكتاتورية الفردية ومكافحة كل القوى الديمقراطية والقومية التقدمية بأساليب بوليسية رهيبة ومن ثم الدعوة الفارغة لصهر القومية الكردية واصدار الفتاوي الكاذبة بحق شعبنا المناضل والصاق شتى التهم والتلفيق به واصطناع برقيات التأييد المزيفة.. الخ وبالتالي شن اقصى الحملات ضد ابناء شعبنا الصامد ولكن غاب عنهم ان الشعوب لم ولن تقهر مهما كبر حجم الارهاب والتنكيل وحملات الابادة. بل عكس ذلك دفع بشعبنا الى حمل السلاح للدفاع عن كيانة ضد الديكتاتورية والصهر وذلك في الحادي عشر من ايلول سنة ١٩٦١ بقيادة الحزب الطليعي، الحزب الديمقراطي الكردستاني وقائدة المحنك البارزاني مصطفى الذي قد نضال شعبنا الكردي في كل الظروف الحرجة، ونادى حزبنا منذ البداية بتحقيق الحكم الذاتي لكردستان والديمقراطية العراق، ورفع شعار الجبهة بين كافة القوى الوطنية والقومية والتأكد على الاخوة العربية الكردية وباقى الاقليات

المتاخية، وكانت ثمره هذا النضال الطويل الدامى اتفاقية الحادي عشر من اذار التاريخية التى نصت على الاعتراف بالحقوق القومية لشعبنا الكردي ومن ضمنها الحكم الذاتي لكردستان العراق وانما في الوقت الحاضر و بعد مرور اكثر من ثلاثه اعوام لا ننكر ان بعض بنود الاتفاقية قد نفذت الا ان بنود رئيسية من الاتفاقية لا زالت قيد الاهمال هذا فضلا عن انتهاج الجهات المسؤولة لسياسة التعريب التى لا تخدم بأيه حال من الاحوال الاخوة العربية الكردية ولا تخدم اتفاقية الحادي عشر من اذار بل على النقيض من ذلك حيث ان تلك السياسة تخلق جوا مشحونا بالتوتر لا يستفيد منه سوى اعداء القوميتين العربية والكردية.. و اعداء القوى الوطنية والقومية التقدمية.. لذا نطالب السلطة الوطنية بانكف عن هذه الممارسات الخاطئة.. ونتطلع الى اليوم الذى تقوم فيه الجهات التى تقع عليها مسؤولية تنفيذ الاتفاقية القيام بدورها بصورة عاجلة وذلك لسد كل المنافذ امام المنتفعين والحالمين باعادة القتال بين الاخوة في ربوع كردستان. وترفرف رايات السلم والتآخي الى الابد في عراقنا الحبيب الف تحية لارواح شهدائنا الذين ضحو بارواحها لتحقيق اهداف حزبنا وثورتنا. الف تحية لحزبنا الديمقراطي الكردستاني و قائده المحنك في ذكرى عيده التأسيس السابع والعشرين النصر والخلود لشعبنا الكردي. الخزى والعار لاعداء شعبنا وحركتنا التحررية والسلام عليكم.

...ن ٢٠ اجتماعا تضامنيا ... الهند الصينية والشعوب ... شعب كوريا والشعب التشيلي ... الافريقية وشعب جنوب ... شعوب امريكا اللاتينية ... كما اقيمت عدة معارض ... ورسوم الاطفال والاعمال ... اخرى .

...لال هذه الايام تم عرض ... على ١٠٠ فيلم قصير ... وثائقي وطويل من حوالي ...ا وقدمت ٧٦ فرقة ... منفردا من ٤٣ بلدا ...هم السياسية في ٤٧ ... وقدمت اللجنة ...ية العالمية جوائزها ...ية لـ ٥١٦ من العازفين

... مع الشعوب العربية المناضلة ضد السياسة العدوانية والتوسعية لاسرائيل وضد الامبريالية والرجعية ومن اجل الحرية والاستقلال والتقدم الاجتماعي ومع الحركة الوطنية التحررية لشعوب وشبيبة جنوب شبه الجزيرة العربية ومع نضال الشعوب العربية ضد الاحتكارات وفي سبيل انتزاع الثروة النفطية ومن اجل التحرر الاقتصادي ومن وحدة القوى التقدمية الديمقراطية المعادية للامبريالية وكونها من المهام الانية لحركة التحرر العربية وحول الصهيونية وكونها سلاحا امبرياليا بوجه الحركة التحررية التقدمية والتحولات التقدمية في الشرق الاوسط والتضامن مع نضال الشعب الفلسطيني من اجل حقوقه المشروعة ومن كفاح الشباب النقابي من اجل النضال المعادي للامبريالية وفي سبيل السلم والصداقة ومن مساهمة الطلبة ومنظماتهم في كفاح شعوبهم والتضامن

العالمي في آخر ليالي المهرجانات كنت تحس وكأن البشر... التقدمية كله... تنشد بصوت واحد .



... الوجه ... الصحفي ... المهرجان واجابت ... حديثها ... الذين ... اجل ... العالمية ... والتي ... لما امك ... وقالت ... المهرج... ان ا... تاريخ ... ١٠٠ ... المبد... الافكا...

كر...
شه...
و

# ...حتفلون بذكرى تأسيس البارتي

كلمة الفرع الثالث بمناسبة الذكرى السابعة والعشرين لتاسيس الحزب الديمقراطي الكردستاني . التي القاها السيد نجم الدين كلي عضو الفرع الثالث للحزب الديمقراطي الكردستاني .

ايها الحفل الكريم
ايها الضيوف الكرام .

...رحب بكم باسم الفرع ...ث لحزبنا الديمقراطي ...ردستاني اجمل ترحيب .. ...نئكم وانفسنا بمناسبة مولد ...زبنا العتيد .

ايها الحفل الكريم
ايها الضيوف الكرام .

...بعد اندحار قوى العدوان ...نازية والديكتاتورية في ...حرب العالمية الثانية رفرفت ...ت السلام والنصر في ...ء العالم وحدوث تحولات ...اسية هامة اخذت قضية ...عبنا تحتل مكانها ضمن ...اكل ما بعد الحرب من ...جديد ولكن القوى ...ستعمارية والملكية العميلة ...رجعية المحلية كانت قد ...لمرصاد ثانية ببذل مجهوداتها ...الرجعية الرامية الى خنق انتفاضات وثورات شعبنا الكردي المقدام بالحملات العسكرية والاضطهاد القومي والصاق التهم الباطلة بما دون جدوى .

وبناء على تعدد التنظيمات السياسية الكردية وضعفها نسبيا والخلافات الثانوية والجوهرية . وبالنظر لنضوج الظروف الموضوعية والذاتية وتبلور فكرة انشاء تنظيم سياسي موحد ذي مضمون قومي تقدمي ديمقراطي يرتبط بالحركة الوطنية في العراق ككل تاسس حزبنا الطليعي ، الحزب الديمقراطي الكردستاني في ١٦–اب–٩٤٦ وانتخب المناضل مصطفى البارزاني رئيسا له . وبذلك تحققت وتجسدت ارادة الجماهير الكردية المناضلة في نطاق الحزب الديمقراطي الكردستاني طليعة نضالات وكفاحات شعبنا الجريء فاصبح حزبنا الديمقراطي الكردستاني الممثل الشرعي الوحيد لشعبنا يناضل من غير هوادة ولا لين في جميع المجالات السياسية مساهما في كل انتفاضات الشعب العراقي ضد الحكم العميل انذاك .. وفي توطيد الوحدة الوطنية وترسيخ ارادة الشعبين الشقيقين العربي والكردي في الكفاح الاخوي المشترك ضد العمالة والرجعية والاستعمار ، وما مشاركاته الايجابية الفعالة في انتفاضات ٤٨ ، ٥٢ ، ٥٦ ، الا انصع دليل على كلمة قيادته المخلصة واستيعابها لواقع شعبنا المضطهد ازاء مستغليه ومستعبديه وواضعا نصب اعينه في البدء وبالدرجة الاولى قضية تمتع الشعب الكردي المناضل بكامل حقوقه القومية المشروعة التي هي اللبنة الاولى اللازمة لمواصلة الكفاح والنضال الشاق لتحقيق هذا الهدف النضالي

وبعد ثورة الرابع عشر من تموز المباركة وبالذات بعد انتكاساتها وانحرافها عن خطها الديمقراطي والوطني وانزلاق السلطة الى مواقع مناوئة لاهداف الثورة والشعب من مرض الديكتاتورية الفردية ومكافحة كل القوى الديمقراطية والقومية التقدمية باساليب بوليسية رهيبة ومن ثم الدعوة الفارغة لصهر القومية الكردية واصدار الفتاوي الكاذبة بحق شعبنا المناضل والصاق شتى التهم والتلفيق به واصطناع برقيات التأييد المزيفة .. الخ وبالتالي شن اقصى الحملات ضد ابناء شعبنا الصامد ولكن غاب عنهم ان الشعوب لم ولن تقهر مهما كبر حجم الارهاب والتنكيل وحملات الابادة . بل عكس ذلك دفع بشعبنا الى حمل السلاح للدفاع عن كيانه ضد الديكتاتورية والصهر وذلك في الحادي عشر من ايلول سنة ١٩٦١ بقيادة الحزب الطليعي ، الحزب الديمقراطي الكردستاني وقائده المحنك البارزاني مصطفى الذي قاد نضال شعبنا الكردي في كل الظروف الحرجة ، ونادى حزبنا منذ البداية بتحقيق الحكم الذاتي لكردستان والديمقراطية للعراق ، ورفع شعار الجبهة بين كافة القوى الوطنية والقومية والتاكيد على الاخوة العربية الكردية وباقي الاقليات المتاخية ، وكانت ثمرة هذا النضال الطويل الدامي اتفاقية الحادي عشر من اذار التاريخية التي نصت على الاعتراف بالحقوق القومية لشعبنا الكردي ومن ضمنها الحكم الذاتي لكردستان العراق واننا في الوقت الحاضر وبعد مرور اكثر من ثلاثة اعوام لا ننكر ان بعض بنود الاتفاقية قد نفذت الا ان بنود رئيسة من الاتفاقية لا زالت قيد الاهمال هذا فضلا عن انتهاج الجهات المسؤولة لسياسة التعريب التي لا تخدم باية حال من الاحوال الاخوة العربية الكردية ولا تخدم اتفاقية الحادي عشر من اذار بل على النقيض من ذلك حيث ان تلك السياسة تخلق جوا مشحونا بالتوتر لا يستفيد منه سوى أعداء القوميتين العربية والكردية .. واعداء القوى الوطنية والقومية التقدمية .. لذا نطالب السلطة الوطنية بالكف عن هذه الممارسات الخاطئة .. ونتطلع الى اليوم الذي تقوم فيه الجهات التي تقع عليها مسؤولية تنفيذ الاتفاقية القيام بدورها بصورة عاجلة وذلك لسد كل المنافذ امام المنتفعين والحالمين باعادة القتال بين الاخوة في ربوع كردستان .

وترفرف رايات السلام والتاخي الى الابد في عراقنا الحبيب الف تحية لارواح شهدائنا الذين ضحوا بارواحهم لتحقيق اهداف حزبنا وثورتنا .

الف تحية لحزبنا الديمقراطي الكردستاني وقائده المحنك في ذكرى عيد التاسيسي السابع والعشرين النصر والخلود لشعب الكردي .

الخزي والعار لاعداء شعبنا وحركتنا التحررية

والسلام عليكم

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
الاتحاد الوطني الكردستاني
مكتب العلاقات العامـــة

العدد / ١٢٨٠
التاريخ/٢٠/١٠/٢٠٠٩

**بۆ/ مەکتەبی سیـــاسی بەڕێـــز**

**ب/ بریارانی ئەندام مەکتەب**

سلاوێکی بەڕێز ...

پێچراوی ئەم نوسراوە بریتیە لە بریاری دانانی ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندی گشتی لە بەغدا داواکـارین بو کاری پیویست بۆ دەر هێنانی ناسنامەی پلنیوم بۆ ئەندامانی خوارەوە

زۆر ســوپاس

١. ضیاء حوسین عەلی
٢. مەحەمد نادر سولەیمان
٣. عومەر حەمد و سو وە یسی
٤. نوعمان خەسرەو عەلی
٥. نجم الدین گلی

سعـدی أحمد پیـره
لێپرسراوی مەکتەبی نیشتمانی گشتی

وینەیەك
١. مەکتەبی ڕێکخستن – دەزگای هەلبژاردن هەمو بریارەکانی مەکتەبی سیاسی –بۆکاری پێویست لەگەڵ ڕێز وسلاو .
٢. دوسەی گشتی .

ژماره / ٩٧٩
بەروار/٢٠٠٧/١١/٨

# بـــۆ/ بەرێز مكتبی سیاسی تیكو شەر

سلاویكی گەرم...

به أواتی سەر كه وتنتانین

لـه كـو بونـه وه ی روژی ٢٠٠٧/١١/٧ مەكتەبەكـەمان كـه هـەڤال نجم الـدین گلـی ش أماده بوو بریارماندا كه هەڤال نجم الدین بكەن به نونیەری سەندیكای كریكارانی كوردستان له بەغدا ئیمەش هاوو كاری ئەكەین .

ئیتـر خوشیتـان

كەمال محی الدین أسعـد
بەرپرسی مەكتەبی پەیوەندییەكانی
نیشتمانی ـ بەغدا

<u>وینەی/</u>
- ✓ بۆ إضباره ی تایبەتی .
- ✓ كاك نجم الدین بۆ أگاداری تكایه .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی پەیوەندیە گشتیەکان
پەیوەندیەکانی کەرکوک

الاتحاد الوطني الكردستاني
مكتب العلاقات العامة
علاقات كركوك

Patriotic Union of Kurdistan
International Relations Bureau
Kirkuk Relation

ژمارە : ٥٨٥
ڕۆژ : ١٠ / ٧ /٢٠١٢

مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان
هاتوو
ژمارە: ١٠ ٧ ڕۆژ: ١٧/ ٧/ ٢٠١٢

بەڕێز / مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان
بابەت / ڕەزامەندی

لاریمان نی یە لە گواستنەوەی هەڤاڵ ( نجم الدین محمد گنجە گلی ) کە پلەی ئەندام مەکتەبە لە پەیوەندییەکانی بەغدا بۆ پەیوەندییەکانی کەرکوک، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لە ڕۆژی ٢٠١٢/٧/١وە دەست بە کار بووە لای ئێمە.

لەگەڵ ڕێزدا...

وێنەی بۆ :
خولاو.

Ahmed
هوشیار عبدالرحمن احمد
لێپرسراوی پەیوەندیەکانی کەرکوک

Tel ٠٧٧٠١٥٦٠٣٠٢ : ٠٧٥٠١٣٣٤٦٦٢ E-Mail: puk.kirkukelations@gmail.com

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان
کارگێڕی

الاتحاد الوطني الكوردستاني
مكتب العلاقات العامة

Patriotic Union of Kurdistan
General Relations Bureau

مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان
بڕیار دەرچوو

ژمارە: ٣٢٢
ڕۆژ: ١٧/ ٧/ ٢٠١٢

سڵاوێکی گەرم...

ئاماژە بەنوسراوی (٦٨) لە ڕۆژی (٢٠١٢/٧/١٢)پەیوەندییە نیشتمانییەکان ، نوسراوی پەیوەندییەکانی کەرکوک ژمارە (٥٨٥) لەڕۆژی (٢٠١٢/٧/١٠)، بڕیارماندا بە گواستنەوەی هەڤاڵ (نجم الدين محمد گلي) لەپەیوەندییە نیشتمانییەکان بۆ پەیوەندییەکانی کەرکوک .

لە گەڵ ڕێزدا....

ڕزگار عەلی حەمە جان

ل . مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز / دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی .... بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز / مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی .... بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز / پەیوەندییە نیشتمانییەکان ... بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێز / پەیوەندییەکانی کەرکوك ... بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- ژمێریاری .... بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا .
- ئارشیف .

E-mail: puk_generalrelations@yahoo.com
Phone No.: +964 (0) 066-2565009
Mobile: +964 (0)7711812020



لەگەڵ ڕەوانشاد (مام جەلال) کەرکوک ساڵی ٢٠١٠



لای ڕاستەوە: عەباس کەریم، نەجمەدین گلی
بنکەی چەمی ئاوەسپی ـ گوندی مەسویی سەرچەم ساڵی ١٩٦٣




قوتابی بووم لە بنکەی ڕاهێنانی
کۆمپانیای نەوتی کەرکوک ساڵی ١٩٥٩



ساڵی ١٩٧٤ پێنجوێن



هاوسەرەکەم و هەورازی کوڕم
ساڵی ١٩٧٤ پێنجوین



کرمانشان ساڵی ١٩٧٤



شانۆگەریی (شەوی کۆتایی) ساڵی ١٩٥٩
لەیادی چوار شەهیدە ئەفسەرەکەدا



مامۆستا عەباس، نەجمەدین گلی،
شەوقی حمەخان، نورەدین عەبدولڕەحمان



بارەگای حزب ساڵی ١٩٦٨ کەرکوک
(مامۆستا عەباس، نەجمەدین گلی، شەوقی حمەخان، نورەدین
عەبدولڕەحمان) خۆم دانیشتووم



لای ڕاستەوە
(نجم الدين گلی، کاک نورەدین) ساڵی ١٩٦٨




چەمچەماڵ ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ چەند هەڤاڵێک




لای ڕاستەوە
(نجم الدین گلی، خوالێخۆشبوو سەعید جاف) ساڵی ١٩٦٨




دیوانیە لەگەڵ هاوسەرەکەم




شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری ،
خوالێخۆشبوو مامۆستا عەباس حەسەن



شەهید: سمکۆ محەمەد گلی برام



شەهید: نەسرەدین فەخرەدین گلی برازام



پێشمەرگەی دێرین:
شێرکۆ فەخرەدین گلی (هەوراز) برازام



پێشمەرگە شێرکۆ فەخرەدین گلی برازام ناسراو بە (هەوراز)



پێشمەرگە شێرکۆ فخرالدین گلی برازام



چەژنی ڕەمەزان پارێزگای دیوانییە



گەشتێک لەگەڵ برایانی کوردی دورخراوە لە باشووری عێراق



دیوانیه لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر




سلێمانی ساڵی ٢٠٠٤



له کاتی نەخۆشیم لەگەڵ خزمان ساڵی ٢٠٠٤
له ڕاستەوە: (خوالێخۆشبوو شاواز، نەجمەدین گلی،
فەخرەدین گلی، محەمەد)




سلێمانی ساڵی ٢٠٠٤



بارەگای مەکتەبی پەیوەندییەکان ـ بەغدا
لای راستەوە: (محەمەد نادر، سەعدی پیرە، نجم الدین گلی)



بارەگای مەکتەبی پەیوەندییەکان لە بەغدا



کردنەوەی بارەگای
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە دیوانییە



خوێندنەوەی وتاری لەمەراسیمی کردنەوەی
بارەگای ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) لە شاری دیوانییە




مەراسیمی ڕۆژی کردنەوەی بارەگای (ی.ن.ک) لە دیوانییە



سەردانی پارێزگاری دیوانییە (سەید جەمال) لەگەڵ چەند کەسایەتیەک
بۆ بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری دیوانییە



سەردانی خزمان لە دیوانییە



بەشداریکردن لە کۆڕێکی جەماوەری لە شاری دیوانییە



کۆبونەوە لەگەڵ خەڵکی دیوانییە



کۆنگرەی (الحوار والوحدة الوطنية)
ئەنجومەنی عێراقی بۆ ئاشتی و هاوکاری/ لقی دیوانییە
٢٠٠٥/١٠/٢٢



کۆبونەوەی هۆزی (گل) لەگەڵ پارێزگاری کەرکوک



خوێندنەوەی وتارێک لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخستنی دیوانییە
لە کاتی کردنەوەی بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان




وێنەی خۆم و هەندێ کەسایەتی لەگەڵ
(سەید جەمال) پارێزگاری دیوانییە



خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی میللی لەلایەن برایەکی عەرەبەوە
لە مەراسیمی کردنەوەی بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە
دیوانییە



خوێندنەوەی هۆنراوە لەلایەن برایەکی عەرەبەوە
لەمەراسیمی کردنەوەی بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لە شاری دیوانییە



مەراسیمی کردنەوەی
بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیوانییە



شەهیدی نەمر کاک عەلی عەسکەری
لەگەڵ مامۆستا عەباس و چەند برادەرێک



لای ڕاستەوە
یەکەم نەناسراوە، دووەم حەمید ڕەشاش، سێیەم مامۆستا عەباس حوسێن، چوارەم کەمال محێدین، پێنجەم نەناسراوە)



سەردانی نوێنەری مەڵبەندی بەغدا
بۆ بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیوانییە



خوێندنەوەی وتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
بۆ جەماوەری دیوانییە لەلایەن بەندەوە




سەردانیی نوێنەری مەڵبەندی بەغدا لەگەڵ ئیسپانییەکان
بۆ بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیوانییە



سەردانیی ئیسپانییەکان
بۆ بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیوانییە



ئامادەبوونی جەماوەری دیوانییە
لە بارەگای (ی.ن.ک) بۆ  گفتوگۆکردن



کۆبونەوەی جەماوەری (ی.ن.ک) لە دیوانییە ساڵی ٢٠٠٥



لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانم
لەلای ڕاستەوە (هەوراز، ڕێباز، نەبەز، بەناز لەباوەشم)
دیوانییە



له فەرمانگەی ڕێگاوبان له شاری دیوانییه ساڵی ١٩٨٠
لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانم



گەشتی کوردە دوورخراوەکان لە ساڵی ١٩٧٧ دیوانییە



لەگەڵ نوێنەری شێخ نەهرۆ کەسنەزانی لە دیوانییە



وتاری ئیسپانییەکان لە مەراسیمی کردنەوەی بارەگای یەکێتیی
نیشتمانیی کوردستان لە دیوانییە ساڵی ٢٠٠٥



لەگەڵ فەرمانبەران شاری دیوانییە



لەگەڵ فەرمانبەران ساڵی ١٩٧٩
دیوانییە



کۆبونەوە لەگەڵ خەڵکی قەزای عەفەک لە شاری دیوانییە




کۆڕێک دەربارەی ڕێکخراوەکانی (کۆمەڵگای مرۆیی و ئاسۆی ئاینده)
بۆ ئاشتی و هاوکاری لە بارەگای ئەنجومەنی عێراق
لە شاری دیوانییە ٢٠٠٥/٩/٢٧



کۆبونەوەیەک لەگەڵ لیژنەی ڕێکخستنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شاری دیوانییە



ئامادەبوونم لە کردنەوەی پردێک لە دیوانییە



لەگەڵ فەرمانبەرەکانی (ڕێگاوبان)ی دیوانییە




لەگەڵ فەرمانبەرەکانی (ڕێگاوبان)ی دیوانییە
پێداچوونەوەی پڕۆژەیەکی (ڕێگاوبان)



کردنەوەی پردێک لە دیوانییە



کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ جەماوەری شاری دیوانییە



چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندازیار (خەولە خالد)
بەڕێوەبەری شارەوانی دیوانییە

لە ساڵی ١٩٤٣ لە دێی (زەند مەل یوسف) لە هەفتەغار لە دایک بووم سەر بەقەزای داقوق.

لە ساڵی ١٩٤٩ – ١٩٥٠ چوومە قوتابخانە لە گوندی زەند مەلا یوسف.

پۆلی شەشەمی سەرەتاییم لە دێی (البو صباح) تەواو کرد.

لە ساڵی ١٩٥٨ چوومە خوێندنگای (I.P.C TRANINIA Center).

پۆلی یەکەمی ناوەندیم لە ناوەندی رەشد لە بەغدا تەواوکرد .

لە ساڵی ١٩٦١ لە کۆمپانیای نەوت خوێندنم تەواو کرد.

لە ساڵی ١٩٦٣ فەرمانی گرتنم بۆ دەرچوو پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد.

لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیم کرد بە شۆڕشی ئەیلولەوە وەکو لێپرسراوی ناوچەی کفری، دوای ١١ئازاری١٩٧٠ بومە کارگێڕی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٦٤ ئیختصام کرد چونکە فەرمانی گرتنم هەبوو.

لە ساڵی ١٩٦٩ چوومە قاهیرە بۆ (معهد البترول العربي).

لە ساڵی ١٩٧٣ بەند کرام لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە چونکە وتارێکم خوێندەوە لە کۆڕێکی ئەدەبیدا.

لە ساڵی ١٩٧٥ لە دوای ئاشبەتاڵ گەڕامەوە کەرکوک.

لە ساڵی ١٩٧٥ دورخرامەوە بۆ هەولێر ڕۆژی دووجار ئەبوایە ئیمزا بکەم لە فەرمانگەی ئەمن.

لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ خێزانەکەم دورخرامەوە بۆ شاری دیوانیە.

له ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین کرام.

لە ساڵی ٢٠٠٧ بووم بە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی بەغدای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ساڵی ٢٠٠٨ گواسترامەوە کەرکوک بۆ بەشی پەیوەندییەکانی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.